# منداڵان چۆن فێری ئیسلام بکەین



نووسینی: موحەممەد شەمسەددین

بەکوردی کردنی: زێیار عەزیزخان مهاجیر

# منداڵان چۆن فێری ئیسلام بکەین


**نووسینی:**

**موحەممەد شەمسەددین**

**بەکوردی کردنی:**

**زێبار عەزیزخان مهاجیر**

# پێناسی کتێب:


| | |
|---|---|
| نـــــــاوی کـتێب: | منداڵەکان چۆن فێری ئیسلام بکەین؟ |
| نووســــــــــینی: | موحەممەد شەمسەددین |
| وەرگــــــــێڕانی: | زێبار عەزیزخان مهاجیر |
| نەخشەسازیی ناوەوە: | زێبار عەزیزخان مهاجیر |
| بـــــــــــەرگ: | زەهرا سەمەد مەلاعەبد |
| بڵاوکـــــــــار: | چاپخانەی شوان |
| نۆرە و ساڵی چاپ: | یەکەم، 2024 ز |
| تــــــــــیراژ: | 1000 دانە |

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (**1071**) بۆ ساڵی (**2020**) پێدراوە.

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

## پێشەکی وەرگێڕ

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، درود و سڵاو لەسەر سەروەرمان پێغەمبەر موحەممەد (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، و لەسەر خانەوادە و هاوەڵان و شوێنکەوتووانی بە چاکە تاڕۆژی دوایی.

کتێبی پەروەردەیی زۆرن، بەڵام کتێبی پەروەردەیی ئامانجدار کەمن، کە بتوانێت منداڵێك وەك تاكێكی كارا و چاكەخوازی ناو كۆمەڵگا پێبگەیەنێت، بە پەروەردەیەكی ڕێك و پێك، لە ژێر ڕۆشنایی پەیام و ڕێنوێنی ئیسلام، جا كاتێك ئەم كتێبەم خوێندەوە، هەستم كرد كتێبێكی زۆر باش و ئامانجدارە، دەتوانێت خزمەتێكی باش بە منداڵ بكات، و هۆشیاری لە دڵ و دەروونیدا بڕوێنێت.

هەر لەم ڕووانگەیەوە، بڕیارمدا ئەم كتێبە لە زمانی عەرەبیەوە بۆ سەر زمانی كوردی وەربگێڕم، بەو ئومێدەی بتوانم خزمەتێك بە منداڵە چاوگەشەكان بكەم، و كەمێك ئاشنایان بكەم بە ڕێنوێنی و ڕێنماییەكانی ئیسلام بۆ پەروەردەكردن و تێگەیاندن و پێگەیاندنی منداڵ. داواكارم لە خوای گەورە

**بیخاتە تای تەرازووی چاکەکانمەوە، و لە هەڵە و کەموکورتییەکانیشم خۆشببێت.**

**لە کۆتاییدا دەمەوێت سوپاسی هەموو ئەوانە بکەم، کە ئەگەر بە وشەیەکیش بێت یارمەتیان داوم، بەتایبەت مامۆستای بەڕێزم (سەرهەنگ عەبدولواحید) کە ئەرکی کێشاوە بە هەڵەچنینی ئەم کتێبە، خوای گەورە پاداشتی بە چاکە بداتەوە.**

**بەدڵنیایەوە سەرکەوتن تەنها لە خوای گەورەوەیە.**

**زێبار عەزیزخان مهاجر**

24/ 4/ 2024

**سۆران**

# وتەی نووسەر

بەناوی خوای گەورە، و سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری مەزن، و درود و سڵاو لەسەر پێغەمبەری خوا، و خانەوادە و هاوەڵانی و هەر کەسێك شوێنیان بکەوێ و ڕێبازیان بگرێتەبەر تا ڕۆژی دوایی.

پاشان

بەدوای کتێبکدا گەڕام بۆ منداڵان، بۆ ئەوەی لە مزگەوتەکان بە وانە بە منداڵە چاوگەشەکان بڵێینەوە کە نەوەی داهاتوون، بەڵام هیچ کتێبێکی وام بەدەستنەکەوت، کە جێی ڕەزامەندی من بێ، بۆیە بیرم کردەوە لە کتێبێك، کە بیرباوەڕ و ئاداب و هەڵسوکەوت و تەفسیر و چیرۆك و چەند خشتەیەك لەخۆی بگرێت، بۆ ئەوەی مامۆستا پێویستی بە کتێبێکی تر نەبێت لەگەڵ ئەم کتێبەدا بەکاری بهێنێت. پشتم بە خوای گەورە بەست، و دەستم بە نووسینی کرد، بەو ئومێدەی خوای گەورە لای خۆی بیکاتە مایەی سوود بۆ من، و مایەی سوود بۆ قوتابیان.

لە سایەی بەخشش و منەتی خوای گەورە کتێبەکە تەواو بوو.

لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە زۆر بایەخم بە کتێبەکە داوە، ئەو شتانەم تێدا داناوە، کە هێز و خۆشەویستی و دڵنیایی و ملکەچی، و بە گەورەدانانی بەڵگەی ئاینی

ئیسلام. بۆ چاندنی ئەم شتانە لە ناخ و دەروونی منداڵدا، تەنها ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بەس نییە، بەڵکو پێویستە هاودەم بێت لەگەڵ هەڵسوکەوت و سوربوونی مامۆستا، و بەشداری قوتابی تیایدا، دواتر ڕۆڵی خانەوادە دێت، کە کەمتر نییە لە ڕۆڵی کتێب و مامۆستا، ڕۆڵی خانەوادە بنچینەیە، جا منداڵ لە وانەدا فێری نوێژ دەبێت، پێویستە منداڵەکە ئەوە لە ماڵەوە ببینێت کە خانەوادەکەی نوێژ دەکەن، خۆ ئەگەر بینی خانەوادەکەی کەمتەرخەمن، ئەوا چۆن بەگەورەزانینی نوێژ لە ناخیدا دەڕوێت! هەمان دۆخ سەبارەت پرسەکانی تر، پێویستە خانەوادە هەوڵ بدەن، بۆ ئەوەی ببنە پێشەنگ بۆ منداڵەکانیان، لە کاروبارەکانی شەریعەتدا. هەروەك چۆن ئەم ئامۆژگاریە ئاڕاستەی مامۆستاش دەکەم، لە دیدی قوتابیدا ئەو نوێنەری فەرمی ئاینە، ئەگەر بینی لە وانەکەدا فشە هەیە یان ڕەوشت نزمیەك یان کەمتەرخەمیەك یاخود توندیەك کە لە جێگای خۆیدا نییە، یان جیاکاری ناڕەوا لە نێوان قوتابیان هەیە، یاخود ڕووخساری مامۆستای بینی بە ڕووخساری لاسار و گوناهکاران دەچوو، یان بینی شوێنکەوتەی بیروباوەڕ یان کۆمەڵەی بیدعەچییە، هەموو ئەمانە کاریگەریان دەبێت لەسەر ئاینی قوتابی.

لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە کە لەو کەسە نەبم، کە شتێکی ترم خستبێتە ناو ئەم کتێبەوە، جگە لە حەق و ڕاستی نەبێت، کە خوای پایەبەرز بۆ سەر پێغەمبەر موحەممەد (درود و سڵاوی خوای لێبێت) دایبەزاندووە، و ڕای ئەهلی سوننە و جەماعەتم جێبەجێ کردووە، و لەوەش کە ڕاجیان هەوڵی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونم داوە، سەبارەت بە سەرکەوتن و ڕاستپێکان، ئەوا

ئەمە تەنها لە خوای گەورەوەیە. ئێمەش تەنها ئەوەین کە هەوڵ دەدەین و دەڕۆین، و بەدڵخۆشیەوە شوێنپێی پێشینانمان هەڵدەگرین لە هاوەڵان و شوێنکەوتووان، ئێمەش مرۆڤین هەڵە دەکەین، ئێمە شایستەی ئەوەی نین کە شوێن پێمان هەڵبگیرێت، و پەروەردگاری پایەبەرزمان فەرموویەتی: ﴿ اتَّبِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ وَلَا تَتَّبِعُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ قَلِيلًا مَا تَذَكَّرُونَ ﴾ الأعراف: 3. واتە: شوێن ئەو پەیامە بکەون کە لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆتان دابەزێنراوە، جگەلەو شوێنی هیچ پشتیوان و خۆشەویستێکی تر مەکەون، کەم پەند و یادەوەری وەردەگرن.

هەر یەکێکیش ئامۆژگاریەکی هەبوو بۆ من، یان تێبینیەکی لەسەر کتێبەکە هەبوو، ئەوا با بۆمان بنێرێت لە میانەی جیمەیلی کۆمەڵەی فەرهەنگی ئیسلامی (islamoedia@gmail.com).

**موحەممەد شەمسەددین**

**خوای گەورە لە خۆی و دایك و باوکی خۆشببێت**

28 جەمادی کۆتایی 1440

# بەشی یەکەم

# بیروباوەڕ

لەم بەشە قوتابی ئەو فەرموودانە لەبەردەكات، كە لە سەرەتادا هاتوون، و پرسیار و وەڵامەكانیش لەبەردەكات.

## ئیمان چییە؟

قال رسول الله (صلى الله عليه و سلم) (الإِيمَانُ أَنْ تُؤْمِنَ بِاللَّهِ، وَمَلاَئِكَتِهِ، وَكُتُبِهِ، وَرُسُلِهِ، وَاليوم الآخر، وَتُؤْمِنَ بِالقَدَرِ خَيْرِهِ و شَرِّهِ) رواه البخاري (50)، و مسلم (8) واللفظ له.

واتە: پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (ئیمان ئەوەیە باوەڕ بهێنینت بە خوا، و فریشتەكان، و كتێبەكانی، و پێغەمبەرانی، و ڕۆژی دوایی، و باوەڕت بە قەدەری چاك و خراپ هەبێت) بوخاری (50)، و موسلیم (8) گێڕاویانەتەوە، بێژەكە هی خۆیەتی.

## بنچینەکانی ئیسلام چین؟

قال رسول الله (صلى الله عليه و سلم) (بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَى خَمْسٍ: شَهَادَةِ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، وَإِقَامِ الصَّلاَةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَحَجِّ الْبَيْتِ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ) رواه البخاري (8)، و مسلم (16).

واتە: پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (ئیسلام لەسەر پێنج بنچینە بنیاتنراوە، ئەوانیش شایەتیدانە کە هیچ خوا و پەرستراوێك نییە بەحەق جگە لە خوای گەورە نەبێت و موحەممەد بەندە و پێغەمبەری ئەوە، و نوێژ بکەیت، و زەکات بدەیت، حەجی ماڵی خوا بکەیت، مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بیت) بوخاری (8)، و موسلیم (16) گێڕاویانەتەوە.

## بەشەکانی ئیمان چەندن؟

قال رسول الله (صلى الله عليه و سلم) (الإِيمَانُ بِضْعٌ وَسِتُّونَ شُعْبَةً، وَالحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الإِيمَانِ) رواه البخاري (9)، و مسلم (35). وفي صحيح مسلم: (فَأَفْضَلُهَا لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ ، وَالحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الإِيمَانِ).

واته: پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (ئیمان شەست و شتێك بەشە، و شەرم بەشێکە لە ئیمان) بوخاری (9)، و موسلیم (35) گێڕاویانەتەوە. و پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (باشترین بەشی "لا إله إلا الله: هیچ خوا و پەرستراوێك نییە بەحەق جگەلە خوای گەورە نەبێت"، و نزمترینی لادانی شتی ئازاردەرە لەسەر ڕێگا، و شەرم بەشێکە لە ئیمان).

## ناوە جوان و پیرۆزەکانی خوا

قال رسول الله (صلى الله عليه و سلم) (الإِيمَانُ بِضْعٌ وَسِتُّونَ شُعْبَةً، وَالحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الإِيمَانِ) رواه البخاري (2736)، و مسلم (2677).

واتە: پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (خوای گەورە نەوەد و نۆ ناوی هەیە، سەد ناو جگە لە یەکێك نەبێت، هەر کەسێك بیانژمێرێت و لەبەریان بکات، ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە) بوخاری (2736)، و موسلیم (2677).

خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْمَلِكُ الْقُدُّوسُ السَّلَامُ الْمُؤْمِنُ الْمُهَيْمِنُ الْعَزِيزُ الْجَبَّارُ الْمُتَكَبِّرُ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ، هُوَ اللَّهُ الْخَالِقُ الْبَارِئُ الْمُصَوِّرُ لَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى يُسَبِّحُ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ الحشر: 23 و 24. واتە: خوای گەورە ئەو خوایەیە کە

هیچ خوا و پەرستراوێك نییە بەحەق جگە لەو نەبێت، هەر ئەویش پاشا و پاك و بێگەرد و ئاشتیخواز و بێ کەموکورتی و دڵنیابەخش و زاڵ و باڵادەست و خۆبەرگەوزانە، پاکی و بەرزی بۆ خوا لەوەی دەیکەنە هاوتا و هاوبەشی. و هەر خوایە بەدیهێنەر و دروستکەر و وێنەکێش، هەرچی ناوی جوان و پیرۆزە هی ئەون، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە ستایشی دەکەن، و هەر ئەویش باڵادەست و دانایە.

## لە ناوەکانی خوای پایەبەرز:

الله (خوای گەورە)

الرَّحْمن (بەخشندە)

الرَّحیم (میهرەبان)

المَلِكُ (پاشا)

القُدُّوس (پاك و بێگەرد)

السَّلام (بێ پەڵە، بێ کەموکورتی)

المُؤْمِن (دڵنیاکەر، بەڕاستدانەر)

المُهَیْمِنُ (بەسەرڕاگەیشتوو)

العَزِیزُ (زاڵ، دەسەڵاتدار)

الجَبَّار (باڵادەست، ناچارکەر)

المُتَكَبِّر (خۆبەگەورەزان)

الصَّمَد (جێی مەبەست، جێی نیاز)

الخَالِق (بەدیهێنەر)

البَارِيءُ (بەدیهێنەر و بنیاتنەر)

المُصَوِّر (وێنەکێش)

الغَفَّار (لێبوردە)

القَهَّار: (گەردنکەچکەر)

الوّهَّاب (بەخشەر)

الخلاَق (داهێنەر)

الرَّزَّاق (ڕۆزیدەر)

الفَتَّاح (دەروو کەرەوە)

العَلِيم (زانا)

الحَلِيم (هێدی، ئارام)

**الحَكِيم (دانا)**

**الواسِع (فراوان)**

**العَظِيم (مەزن)**

**الحَيُّ (زیندوو)**

**القَيُّوم (مشورگێڕ، ڕاوەستاو)**

**الوَلِيّ (دۆست، یاریدەدەر)**

**الحَمِيد (ستایشکراو، شایستەی سوپاس).**

**اللَّطِيف (وردبین، چاکەکاری پەنهان)**

**الخَبِير (شارەزا، هەواڵدەر)**

**العَلِيُّ (بەرز)**

**الكَبِير (گەورە)**

**السَّمِيع (بیسەر)**

**البَصير (بینەر)**

**الأوَّل (یەکەمین)**

**الآخِر (دوامین)**

**الظَّاهِر (دیار، ئاشکرا)**

**البَاطِن (ون، پەنهان)**

**البَرّ (چاکەکار)**

**الودود (بەسۆز و میهرەبان)**

**الكَرِيم (بەڕێز، ڕێزگر)**

**الغَفُور (لێبوردە، گوناهپۆش)**

**الوَاحِد (تاك، تەنیا)**

**المُتَعَالِ (زۆربەرز، خۆ بە بەرزگر)**

**الغَنِيّ (دەوڵەمەند)**

**الأكرم (بەڕێزترین)**

**المَتِين (بەهێز، قایم)**

**الأعلى (بەرزترین)**

**الشَّافِي (شیفابەخش)**

**الرَّبُّ (پەروەردگار)**

**المُسَعِّرُ (داگیرسێنەر)**

**القَابِض (وێکهێنەر، لێگرەوە)**

**البَاسِط (فراوانکەر)**

**المقَدِّم (پێشخەر)**

**المُؤخِّر (دواخەر).**

## بنەماکانی ئایین

**پەروەردگارت کێیە؟**

**پەروەردگارم خوای گەورەیە، کە هیچ خوا و پەرستراوێك نییە جگە لەو نەبێت.**

**ئاینت چییە؟**

**ئاینی من ئیسلامە ﴿إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ﴾ واتە: بەڕاستی ئاینی ڕاست و دروست لای خوا تەنها ئیسلامە.**

**پێغەمبەرت کێیە؟**

**موحەممەدە (درود و سڵاوی خوای لێبێت).**

**کتێبەکەت کامەیە؟**

**قورئانی پیرۆزە.**

**قورئان چییە؟**

**قورئانی پیرۆز فەرمایشتی خوای گەورەیە.**

**سوننەت چییە؟**

**سوننەت فەرموودەی پێغەمبەری خوایە (درود و سڵاوی خوای لێبێت.**

**موسڵمان کێیە؟**

**ئەو کەسەیە کە تەنها خوای گەورە دەپەرستێت و باوەڕی بە پێغەمبەر موحەممەد (درود و سڵاوی خوای لێبێت) هەیە و نوێژ دەکات.**

**باوەڕدار کێیە؟**

**ئەو کەسەیە کە فەرمانەکانی خوا جێبەجێ دەکات و خۆی لەو شتانە بەدوور دەگرێت کە خوای گەورە ڕێگری لێکردووە.**

**چاکەکار کێیە؟**

**ئەو کەسەیە کە هەست دەکات خوای گەورە چاودێرە بەسەریەوە، بۆیە هەموو شتێك بە چاکترین شێوە ئەنجام دەدات.**

**کافر کێیە؟**

**ئەو کەسەیە کە ئاینی ئیسلامی قبوڵ نییە؟**

# یەکخواپەرستی

**خوای گەورە کێیە؟**

**خوای گەورە ئەو خوایەیە کە ئێمەی بەدیهێناوە و ڕزق و ڕۆزیمان پێدەدات.**

**خوای گەورە لە کوێیە؟**

**لە ئاسمانە. خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿أَأَمِنْتُمْ مَنْ فِي السَّمَاءِ أَنْ يَخْسِفَ بِكُمُ الْأَرْضَ﴾ الملك: 16. واتە: "ئایا لەو خوایە ناترسن کە لە ئاسمانە، کە بەناخی زەویدا بتانباتە خوارەوە".**

**ئەوە مانای چییە کە خوای گەورە لە ئاسمانە؟**

**مانای ئەوەیە کە خوای گەورە لە سەرووی عەرشەوەیە، و لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە.**

**ناوەکانی خوای گەورە کە لە قورئان و سوننەتدا هاتوون چەندن؟**

**نەوەد و نۆ ناون.**

**ئایا خوای گەورە بە بەدیهێنراوانی دەچێت؟**

**نا پێیان ناچێت، ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ﴾ الشورى: 11. واتە: خوای گەورە هاوشێوەی نییە.**

**دەتوانین خوای گەورە ببینین؟**

**لە دونیادا ناتوانین، بەڵام بەهەشتییەکان دەیبینن.**

## **یەکخواناسی**

**خوای گەورە بۆچی ئێمەی بەدیهێناوە؟**

**ئێمە بۆ پەرستنی خۆی بەدیهێناوە ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ الذاريات: 56. واتە: جنۆکە و مرۆڤم تەنها بۆ ئەوە بەدیهێناون کە من بپەرستن.**

**ئایا دروستە شتی تر جگە لە خوای گەورە بپەرستین؟**

**نا دروست نییە، ﴿فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا﴾ الجن: 18. واتە: هاوار بۆ هیچ کەسێکی تر مەبەن لەگەڵ خوای گەورە (کەس مەکەنە هاوبەش بۆ خوای گەورە).**

**چەند پەرستراومان هەن؟**

**یەك پەرستراومان هەیە ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ الإخلاص: 1. واتە: بڵێ: خوای گەورە تاك و تەنهایە.**

**ئایا عیسا کوڕی خوایە؟**

**نا کوڕی خوا نییە، چونکە پەروەردگارمان ﴿لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ﴾ الإخلاص: 3. واتە: هیچ کەسی لێنەبووە و خۆیشی لە کەس نەبووە.**

**بۆچی شتی تر جگە لە خوای گەورە ناپەرستین؟**

**چونکە هیچ پەرستراوێکمان نییە جگە لە خوای گەورە.**

**ئایا دروستە لە جگەلە خوای گەورە بپاڕێینەوە؟**

**نا دروست نییە، چونکە پاڕانەوە خواپەرستییە.**

**ئایا دروستە سوژدە بۆ جگەلە خوای گەورە ببەین؟**

**سوژدە تەنها بۆ خوای گەورە دەبەین.**

**ئایا کەس داهاتوو و ئایندە دەزانێت؟**

**نا، کەس داهاتوو نازانێت تەنها خوای گەورە نەبێت.**

## باوەڕبوون بە فریشتەکان

**فریشتەکان کێن؟**

**بەندەی خوای گەورەن، ئێمە نایانبینین.**

**خوای گەورە ئەوانی لە چ بەدیهێناوە.**

**ئەوانی لە ڕووناکی بەدیهێناوە.**

**ئایا فریشتەکان مێینەن؟**

**نا، فریشتەکان نە مێینەن و نە نێرینەن.**

**سێ لە فریشتەکان بژمێرە؟**

**1- جبریل: ئەو فریشتەیەیە کە فەرمایشتی خوای گەورە بۆ پێغەمبەران دەهێنێت.**

**2- میکایل: فریشتەی سەرپەرشتیاری بارانە.**

**3- ئیسڕافیل: ئەو فریشتەیەیە کە ئەرکی فووکردنە لە کەڕەنا (الصور)دا.**

**ڕەقیب و عەتید کێن؟**

**دوو فریشتەن لەگەڵ هەموو کەسێکدان، کردەوەکانی دەنووسنەوە.**

**بۆچی کردەوەکانمان دەنووسنەوە؟**

**بۆ ئەوەی شاهێدی لەسەر بدەن، و خوای گەورە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات لەسەر کردەوەکانی.**

**چاکە چییە؟**

**مرۆڤ هەر کردەوەیەکی چاك بکات، ئەوا فریشتە چاکەی بۆ دەنووسێت.**

**گوناه چییە؟**

**مرۆڤ هەر کردەوەیەکی خراپ بکات، ئەوا فریشتە گوناهی بۆ دەنووسێت.**

**چۆن گوناهەکانمان بسڕینەوە؟**

**بە تۆبە، داوای لێخۆشبوون کردن لەخوا، و نوێژکردن.**

## باوەڕبوون بە کتێبە ئاسمانیەکان

**ناوی ئەو کتێبە چییە کە خوای گەورە بۆ سەر ئیبڕاهیم (درود و سڵاوی خوای لێبێت) دایبەزاند؟**

**ناوی صوحوف بوو.**

**ناوی ئەو کتێبە چییە کە خوای گەورە بۆ سەر موسا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) دایبەزاند؟**

**ناوی تەوڕات بوو.**

**ناوی ئەو کتێبە چییە کە خوای گەورە بۆ سەر عیسا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) دایبەزاند؟**

ناوی ئینجیل بوو.

ناوی ئەو کتێبە چییە کە خوای گەورە بۆ سەر ئیبراهیم (درود و سڵاوی خوای لێبێت) دایبەزاند؟

ناوی قورئان بوو.

مانای (التحریف) چییە؟

واتە: گۆڕین و شێواندن و دەستکاری کردن.

ئەو کتێبە ئاسمانییە کامەیە کە نەشێوێنراوە و دەستکاری نەکراوە؟

قورئانی پیرۆزە.

سەبارەت بە قورئانی پیرۆز چی دەڵێین؟

فەرمایشتی خوایە.

## باوەڕبوون بە پێغەمبەران

کێ باشترین مرۆڤە؟

باشترین مرۆڤ پێغەمبەران و پەیامبەرانن.

مانای پەیامبەر چییە؟

ئەو مرۆڤەیە کە خوای گەورە بۆ لای ئێمەی ناردووە، تا ئاشنامان بکات بە سیفەتەکانی خوا، و فێرمان بکات چۆن خوا بپەرستین.

باسی چەند پێغەمبەر کراوە لە قورئانی پیرۆزدا؟

بیست و پێنج.

**ناوی پێنج لە پێغەمبەران بژمێرە؟**

**نووح، ئیبراهیم، موسا، عیسا و موحەممەد (درود و سڵاوی خوایان لێبێت).**

**ئەو پێغەمبەرانە کامانەن کە خۆشتدەوێن؟**

**هەموویانم خۆشدەوێن.**

**بۆچی ئەوانت خۆشدەوێن؟**

**لەبەر ئەوەی پەروەردگاریان بە ئێمە ناساندووە و ئاینی ئێمەیان فێری ئێمە کردووە.**

**(خلیل الله) خۆشەویستی خوا کێیە؟**

**ئیبراهیمە (درود و سڵاوی خوای لێبێت).**

**(کەلیم الله) ئەوەی ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ خوا کردووە کێیە؟**

**موسایە (درود و سڵاوی خوای لێبێت).**

**وشەی خوا کێیە؟**

**عیسایە (درود و سڵاوی خوای لێبێت).**

**ئایا عیسا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) مردووە؟**

**نا هێشتا نەمردووە، خوای گەورە بەرزی کردووەتەوە بۆ ئاسمان.**

**کەی عیسا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) دادەبەزێت؟**

**لە کۆتا سەردەمدا.**

**عیسا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) کە دابەزی چی دەکات؟**

**بە ئیسلام حوکمی زەوی دەکات.**

**ڕێزداری کوڕی ڕێزداری کوڕی ڕێزداری کوڕی ڕێزدار کێیە؟**

**یوسفی کوڕی یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبڕاهیمە (درود و سڵاوی خوایان لێبێت)**

**دواهەمین پێغەمبەر کێیە؟**

**موحەممەدە (درود و سڵاوی خوای لێبێت).**

**ئایا دەکرێت هیچ پێغەمبەرێکی دیکە لە دوای ئەو بێت؟**

**نا ناکرێت، و هەر کەسێك لە دوای ئەو بانگەشەی پێغەمبەرایەتی بکات ئەوا درۆزنە.**

## پێغەمبەری موحەممەد (درود و سڵاوی خوای لێبێت)

**ناوی پێغەمبەری ئێمە چییە؟**

**موحەممەدی کوڕی عەبدولموتەڵیبی کوڕی هاشمی کوڕ عەبدولمەنافە.**

**لە چ هۆزێکە؟**

**لە هۆزی قورەیش، لە تیرەی هاشم، قورەیش هۆزێکن لە عەرەب.**

**کەی لەدایکبووە؟**

**لە ساڵی 53 پێش کۆچیی، بەرامبەر بە 571 ز.**

**کەی کۆچی دوایی کردووە؟**

**12 ڕەبیعی یەکەمی ساڵی 11 کۆچی.**

**لە کوێ لەدایکبووە؟**

**لە شاری مەککە.**

**بۆ کوێ کۆچی کرد؟**

بۆ شاری مەدینە.

هەندێك لە ناوەكانی باس بكە

موحەممەد، ئەحمەد، حاشر، عاقب، ماحی.

نازناوەكەی چییە؟

باوكی قاسم.

منداڵەكانی كێن؟

فاتیمە، زەینەب، ڕوقیە، ئوم كەلسوم، قاسم، عەبدوڵا، و ئیبراهیم.

## ڕۆژی دوایی

ڕۆژی دوایی چییە؟

ئەو ڕۆژەیە كە تێیدا خوای گەورە لێپرسینەوە لەگەڵ خەڵك دەكات.

چارەنووسی باوەڕداران چییە؟

خوای گەورە دەیانخاتە بەهەشتەوە.

تەرازوو چییە؟

تەرازووێكە دوو تای هەن، خوای گەورە كردەوەكانی خەڵكی پێ دەكێشێت و دەپێوێت لە ڕۆژی دواییدا.

چارەنووسی كافرەكان چییە؟

دەچنە دۆزەخەوە.

چارەنووسی ئەو موسڵمانە چییە كە گوناهەكانی لە چاكەكانی زیاترن؟

بە ئەندازەی گوناهەکانی دەچێتە دۆزەخەوە، دواتر خوای گەورە دەیخانە بەهەشتەوە. و لەوانەشە خوای گەورە لێیخۆش ببێت.

چی بەسەر ئەوانە دێت کە ئازاری ئەوانی دیکە دەدەن؟

لە چاکەکانی دەبەن، یان لە خراپەی ئەوانی دیکەی پێدەدرێت.

## قەدەر

قەدەر چەند پلەی هەیە؟

چوار پلە.

پلەی یەکەمی قەدەر چییە؟

خوای گەورە هەموو شتێکی ڕابردوو و داهاتوو دەزانێت.

پلەی دووەمی قەدەر چییە؟

خوای گەورە فەرمانی بە پێنووس کردووە هەموو شتێك بنووسێت، کە تا ڕۆژی دوایی ڕوودەدات.

پلەی سێیەمی قەدەر چییە؟

ویستی خوای گەورەیە.

پلەی چوارەمی قەدەر چییە؟

بەدیهێنانە، و ماناکەی ئەوەیە کە خوای گەورە چی ویستبێت بەدیهێناوە.

مانای پشتبەخوابەستن (التوکل) چییە؟

هەوڵی خۆمان بدەین، لەگەڵ پشتبەستن بە خوای گەورە.

مانای پشتبەخواستن بێ هەوڵدان (التواکل) چییە؟

ئەوەیە حەز بکەین خوای گەورە ئاواتەکانمان بەدیبهێنێت، بەبێ ئەوەی هیچ هەوڵێك بدەین.

## خەبەرییەکان

عەرش چییە؟

بان و سەقفی بەدیهێنراوانە.

حەوز چییە؟

حەوزێکی ئاوە، کە هی پێغەمبەر خوایە (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، باوەڕداران لە ڕۆژی دوایی لێیدەخۆنەوە.

کێ لە حەوزەکە ناخواتەوە؟

بیدعەچییەکان، ئەوانەی لەخۆیانەوە شتانێکیان بۆ ئایین زیادکردووە لە دوای پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت).

پردی ڕۆژی دوایی (الصراط) چییە؟

پردێکە لەسەر دۆزەخ، ڕۆژی دوایی خەڵك بەسەریدا دەڕۆن. باوەڕداران بەسەریدا تێدەپەڕن بەرەو بەهەشت، دۆزەخییەکانیش لەسەری دەکەونە خوارەوە بۆ ناو ئاگری دۆزەخ.

جنۆکەکان کێن؟

کۆمەڵە بەدیهێنراوێکن، کە ئێمە نایانبینین، موسڵمان و کافریان تێدایە.

ئایا لێیان بترسین؟

باوەڕدار لێیان ناترسێت.

ژیانی بەرزەخ چییە؟

ژیانێکی تایبەتە کە لەناو گۆڕدا ژیانی تێدا دەگوزەرێنین.

چی لە ژیانی بەرزەخدا ڕوودەدات؟

کافر سزا دەدرێت، و باوەڕدار لە نیعمەت و خۆشیدا دەبێت.

لەناو گۆڕدا چ پرسیارێك لە خەڵك دەکرێت؟

پەروەردگارت کێیە؟ ئاینیت چییە؟ پێغەمبەرت کێیە؟

وەڵامەکەی چییە؟

پەروەردگارم خوای گەورەیە، هیچ خوا و پەرستراوێك نییە جگە لەو نەبێت. و ئاینی من ئیسلامە. و پێغەمبەری من موحەممەدە (درود و سڵاوی خوای لێبێت).

## فەرموودە

فەرموودەی پێغەمبەر چییە؟

بریتییە لە فەرمایشتی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت).

دوو ڕاستترین کتێب لە دوای قورئانی پیرۆز کامانەن؟

بریتین لە: 1. صەحیحی بوخاری. 2. صەحیحی موسلیم.

شەش کتێبەکەی فەرموودە کامانەن (گرنگترین کتێبەکانی فەرموودە کامانەن)؟

بریتین لە: 1. صەحیحی بوخاری. 2. صەحیحی موسلیم. 3. سونەنی ئەبوداود. 4. سونەنی نەسائی. 5. جامعی تورمزی. 6. سونەنی ئیبن ماجە.

گەورەترین کتێبی فەرموودە لای ئێمە کامەیە؟

موسنەدی پێشەوا ئەحمەد

لەبەرکاری ئوممەت کێیە؟

ئەبوهورەیرەیە (خوا لێی ڕازی بێت).

ئەستێرەی سونەنەکان کێیە؟

پێشەوا مالیکی کوڕی ئەنەسە.

شێخان کێن؟

بریتین لە: بوخاری و موسلیم.

ئەوە مانای چییە کە دەوترێت ئەم فەرموودەیە (صحیح)ـە؟

ئەو فەرموودەیەیە کە بە دروستی دەدرێتە پاڵ پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) و لەوەوە هاتووە.

ئەوە مانای چییە کە دەوترێت ئەم فەرموودەیە (حسن)ـە؟

ئەو فەرموودەیەیە کە نزیکە لە پلە فەرموودەی صەحیح.

ئەوە مانای چییە کە دەوترێت ئەم فەرموودەیە لاواز (حدیث ضعیف)ـە؟

ئەو فەرموودەیەیە کە دروست نییە بدرێتە پاڵ پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت.

ئەوە مانای چییە کە دەوترێت ئەم فەرموودەیە هەڵبەستراوە (حدیث موضوع)؟

ئەو فەرموودەیەیە کە بە درۆ بەناوی پێغەمبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لێبێت) هەڵبەستراوە.

## شوێنکەوتن

نیشانەی خۆشەویستی ئێمە بۆ خوا چییە؟

شوێنکەوتنی پێغەمبەرە (درود و سڵاوی خوای لێبێت).

مرۆڤ چۆن دەبێتە کەسێکی سوننی؟

بە شوێنکەوتنی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت) و هاوەڵە بەڕێزەکان، لە گوفتار و کردار و ڕەوشتەکاندا، و وازهێنان لە بیدعە و تاقم و کۆمەڵە بیدعەچییەکان.

بیدعە چییە؟

زیادکردنی شتە بۆ سەر ئەوەی لە کتێبی خوا و سوننەتدا هاتووە سەبارەت بە کاروبارەکانی ئایین.

جەماعەت چییە؟

کۆمەڵی موسڵمانانە کە شوێن پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) کەوتوون.

ئاینەکەمان لە کوێوە وەردەگرین؟

**لە قورئان و سوننەت.**

**چۆن بەدروستی لە ئایین تێدەگەین؟**

**بە تێگەیشتنی هاوەڵان (خوا لێیا ڕازی بێت).**

**جگە لە قورئان و سوننەت دروست نییە سەرپێچی لە چی بکرێت؟**

**لە یەکدەنگی زانایان، ئەویش یەکدەنگبوونی زانایانی موسڵمانە لە سەردەمێك لە سەردەمەکان لەسەر پرسێك لە پرسەکانی ئایین.**

## ئال و هاوەڵان

**هاوەڵی پێغەمبەر کێیە؟**

**ئەو کەسەیە کە بە باوەڕداری بە دیداری پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت) گەیشتووە و لەسەر باوەڕ و ئیمانیش مردووە.**

**باشترین هاوەڵی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت) کامانەن؟**

**ئەبوبەکر، دواتر عومەر، دواتر عوسمان، دواتر عەلی (خوا لێیان ڕازی بێت).**

**ئالوبەیت کێن؟**

**خێزانەکانی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت) و نەوەکانی.**

**مانای دایکانی باوەڕداران چییە؟**

**خێزانەکانی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت)**

**بۆچی ئالوبەیتمان خۆشدەوێت؟**

لەبەرئەوەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (أُذكِّرُكُمُ اللهَ فِي أَهْلِ بَيْتِي) موسلیم گێڕاویەتیەوە (2408). واتە: ئامۆژگاریتان دەکەم چاك بن لەگەڵ ئالوبەیتەکەم.

سدیق کێیە؟

ئەبوبەکرە (خوا لێی ڕازی بێت).

زونورەین کێیە؟

عوسمانی کوڕی عەففانە (خوا لێی ڕازی بێت).

یەکەم منداڵ کێ بوو کە باوەڕی هێنا؟

عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب (خوا لێی ڕازی بێت) بوو.

فاروق کێیە؟

عومەری کوڕ خەتتابە (خوا لێی ڕازی بێت).

دوو سەروەرەکەی گەنجانی بەهەشت کێن؟

حەسەن و حوسێن (خوا لێیان ڕازی بێت).

شمشێری زاڵی خوا کێیە؟

خالیدی کوڕی وەلیدە (خوا لێی ڕازی بێت).

خاڵی باوەڕداران کێیە؟

معاویەی کوڕی ئەبو سوفیانە (خوا لێی ڕازی بێت).

# بەشی دووەم

# ئادابەکان

لەم بەشەدا قوتابی ژمارەیەك لە فەرمووده سەحیحەکانی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) لەبەر دەکات، دەربارەی ئادابی ئیسلامی پەیوەست بە دابونەریتەوە، لەگەڵ ئاشنابوون و زانینی ڕاڤەکەیان.

## ئادابەکانی مزگەوت

خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ﴾ الأعراف: 31. واتە: ئەی نەوەی ئادەم خۆتان بڕازێننەوە، لە کاتی هەموو چوونە ناو مزگەوتێك.

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ الْمَسْجِدَ، فَلْيَقُلْ: اللهُمَّ افْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ، وَإِذَا خَرَجَ، فَلْيَقُلْ: اللهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ) رواه مسلم (713). واتە: ئەگەر یەکێکتان چووە ناو مزگەوتەوە، با بڵێت: خوایەگیان، دەرگاکانی میهرەبانی خۆتم بۆ بکەرەوە، کاتێکیش لە مزگەوت هاتەدەرەوە، با بڵێت: خوایەگیان، داوات لێدەکەم لە بەخششی خۆت پێم ببەخشی.

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ الْمَسْجِدَ فَلاَ يَجْلِسْ حَتَّى يُصَلِّيَ رَكْعَتَيْنِ) بوخاری گێڕاویەتیەوە (دوای 1171). واتە: ئەگەر یەکێکتان هاتە ناو مزگەوتەوە، با دانەنیشێت تا دوو ڕکائەت نوێژ نەکات.

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (لَوْ يَعْلَمُ الْمَارُّ بَيْنَ يَدَيِ الْمُصَلِّي مَا عَلَيْهِ كَانَ أَنْ يَقِفَ أَرْبَعِينَ خَيْرٌ لَهُ أَنْ يَمُرَّ بَيْنَ يَدَيْهِ) بوخاری (510) و موسلیم (507) گێڕاویانەتەوە. واتە: ئەگەر ئەو کەسەی بە پێش نوێژی کەسێکدا دەڕوات، بزانێت چ گوناهێکی پێدەگات، ئەوا بۆی چاکتر بوو بۆ ماوەی چل (ڕۆژ یان مانگ یان ساڵ، یەکلانەکراوەتەوە) بوەستایە لەوەی بەپێشیدا بڕوات.

## ئادابی سڵاوکردن

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (لَا تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا، وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا، أَوَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ؟ أَفْشُوا السَّلَامَ بينكم) موسلیم گێڕاویەتیەوە (54). واتە: ناچنە بەهەشتەوە تا باوەڕ نەهێنن، و باوەڕ ناهێنن تا یەکترتان خۆشنەوێت، ئایا شتێکتان پێ نەڵێم کە ئەگەر بیکەن یەکترتان خۆشبوێت؟ زۆر سڵاو لە یەکتر بکەن.

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (يُسَلِّمُ الصَّغِيرُ عَلَى الْكَبِيرِ، وَالْمَارُّ عَلَى الْقَاعِدِ، وَالْقَلِيلُ عَلَى الْكَثِيرِ) موسلیم گێڕاویەتیەوە (54). واتە: بچوك سڵاو لە گەورە دەكات، و ئەوەی دەڕوات سڵاو لەوە دەكات كە دانیشتووە، و كەم سڵاو لە زۆر دەكات.

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (يُسَلِّمُ الصَّغِيرُ عَلَى الْكَبِيرِ، وَالْمَارُّ عَلَى الْقَاعِدِ، وَالْقَلِيلُ عَلَى الْكَثِيرِ) موسلیم گێڕاویەتیەوە (54). واتە: بچوك سڵاو لە گەورە دەکات، و ئەوەی دەڕوات سڵاو لەوە دەکات کە دانیشتووە، و کەم سڵاو لە زۆر دەکات.

## ئادابی پۆشاك لەبەرکردن

⋆ پۆشاکێك هەڵدەبژێرم کە شەرمگە و داوێن (عەورەت)ـەکەم دابپۆشێت (سورەت ئەعراف: 26).

⋆ نابێت لەسەر پۆشاکەکەم ئاماژەی وا هەبێت کە دژی ئایینی ئیسلام بێت، وەك خاچ، کەللەسەر، وشەی ناشیاو، و وێنەی زیندووان (بوخاری 5952، 2225، و موسلیم: 2110).

⋆ پۆشاکێکی تەنك و تەسك ناپۆشم کە جەستەم تێیدا دەربکەوێت (سورەتی ئەعراف: 26).

⋆ نابێت کوڕان جلوبەرگی کچان، و کچان جلوبەرگی کوڕان بپۆشن (بوخاری: 5885).

⋆ کوڕان نابێت ئاڵتوون و ئاوریشم و بازنە و خەناوکە لەبەر بکەن (ئەبو داود: 3535 و نەسائی: 5054).

⋆ بەر لەوەی هەر جلوبەرگێك بپۆشم دەڵێم: "بسم الله: بەناوی خوا".

★ سەرەتا بە ڕاستە دەستدەکەم بە لەبەرکردنی پۆشاك. و کاتێکیش پۆشاکەکەم دادەکەنم، ئەوا لە لەلای چەپەوە دەستپێدەکەم (ئەبو داود: 32).

★ ئەگەر جلوبەرگەکە نوێ بوو، دەڵێم: "اللَّهُمَّ لَكَ الْحَمْدُ، أَنْتَ كَسَوْتَنِيهِ، أَسْأَلُكَ مِنْ خَيْرِهِ وَخَيْرِ مَا صُنِعَ لَهُ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهِ وَشَرِّ مَا صُنِعَ لَهُ" ئەبوداو (4502) و تورمذی (2458) گێڕاویانەتەوە لێکۆڵەران بە حەسەن دایاناوە. واتە: خوایەگیان، سوپاس بۆ تۆ، تۆ بەم پۆشاکە منت پۆشتە کردووە، داوات لێدەکەم لە خێرەکەی و ئەو خێرەی بۆی دروستکراوە بەهرەوەرم بکەیت، پەنات پێدەگرم لە خراپەکەی و ئەو خراپەی بۆی دروستکراوە.

## ئادابەکانی خواردن

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: "سَمِّ اللَّهَ، وَكُلْ بِيَمِينِكَ، وَكُلْ مِمَّا يَلِيكَ" بوخاری (2408)، (5376) ومسلیم (2022) گێڕاویانەتەوە. واتە: ناوی خوا بهێنە، و بەدەستی ڕاستت بخۆ، و لە پێش خۆتەوە بخۆ.

لە ئەنسەوە (خوا لێی ڕازی بێت) هاتووە، کە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (نَهَى أَنْ يَشْرَبَ الرَّجُلُ قَائِمًا) قَالَ قَتَادَةُ:

فَقُلْنَا: فَالأَكْلُ؟ فَقَالَ: ذَاكَ أَشَرُّ أَوْ أَخْبَثُ. موسلیم گێڕاویەتیەوە (2024). واتە: (پێغەمبەری خوا ڕێگری کردووە لەوەی پیاو بە پێوە خواردنەوە بخواتەوە) قەتادە وتی: وتمان: ئەی سەبارەت خواردن؟ فەرمووی: ئەمەیان خراپتر و دزێوترە.

★ تەنها هیچ خواردنێك ناخۆم تەنها خواردنی حەڵاڵ نەبێت، لەبەر ئەوەی خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَكُلُوا مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ حَلَالًا طَيِّبًا﴾ نەحل: 114. واتە: جا بخۆن لەو ڕزق و ڕۆزیە پاك و حەڵاڵەی خوا پێیداون.

★ بەر لەوەی دەست بە خواردن بکەم دەڵێم: "بسم الله". ئەگەر لەبیرت کرد ئەمە بڵێیت و دەستت بە خواردن کردبوو؛ ئەوا دەڵێم: "بِسْمِ اللهِ أَوَّلَهُ وَآخِرَهُ" تورمذی (1858)، و ئەبو داود (3767)، وئیبن ماجە (3264) گێڕاویانەتەوە، ئەلبانی بە سەحیحی داناوە. واتە: بەناوی خوا لە سەرەتا و کۆتایی خواردنەکەدا.

★ لە بەردەمی خۆمەوە دەخۆم نەوەك لەبەردەم ئەوانی دیکەوە. (بوخاری: 5376، و موسلیم: 2022).

★ ئەگەر ئەوەی لە تەنیشتمەوەیە حەزی لە خواردنەکەی من بوو، ئەوا پێی دەدەم. (موسلیم: 1663).

★ ئەگەر لە خواردنەکە شلە (شۆربا) هەبوو، ئەوا بۆ دراوسێیەکەم دەبەم، لەبەر ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خولی لێبێت) کە

فەرموویەتی: ﴿إِذَا طَبَخْتَ مَرَقًا فَأَكْثِرْ مَاءَهُ ثُمَّ انْظُرْ أَهْلَ بَيْتٍ مِنْ جِيرَانِكَ فَأَصِبْهُمْ مِنْهَا بِمَعْرُوفٍ﴾ موسلیم گێڕاویەتیەوە (2625)، واتە: ئەگەر شلە و شۆربات لێنا، ئەوا ئاوی زیاد تێبکە، دواتر بڕوانە خێزانی دراوسێیەکەت، هەندێك شلە و شۆڕبای بۆ خێر پێبدە.

★ ئەگەر لە خواردن تەواوبوویت، دەڵێم: ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَطْعَمَنَا وَسَقَانَا، وَكَفَانَا وَآوَانَا، فَكَمْ مِمَّنْ لَا كَافِيَ لَهُ وَلَا مُؤْوِيَ﴾ موسلیم گێڕاویەتیەوە (2715)، واتە: سوپاس بۆ ئەو خوایە کە خواردن و خواردنەوەی پێداین، و دەرووی لێکردینەوە و پەنایداین، جا چەندین کەس هەیە کە نە دەرووکەرەوەی هەیە و نە پەنادەر.

★ نزا بۆ ئەو کەسە دەکەم کە خواردنی بۆ دروستکردووم یان پێشکەشی کردووم. (موسلیم: 2055).

★ ئەگەر بەشە خواردنێکم لێکەوتە خوارەوە؛ ئەوا پاکی دەکەمەوە و دەیخۆم. پێغەمبەری خوا (درود وسڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: ﴿إِذَا وَقَعَتْ لُقْمَةُ أَحَدِكُمْ فَلْيَأْخُذْهَا فَلْيُمِطْ مَا كَانَ بِهَا مِنْ أَذًى وَلْيَأْكُلْهَا وَلاَ يَدَعْهَا لِلشَّيْطَانِ وَلاَ يَمْسَحْ يَدَهُ بِالْمِنْدِيلِ حَتَّى يَلْعَقَ أَصَابِعَهُ فَإِنَّهُ لاَ يَدْرِى فِى أَىِّ طَعَامِهِ الْبَرَكَةُ﴾ موسلیم گێڕاویەتیەوە (2033)، واتە: ئەگەر پارووی یەکێکتان کەوتە خوارەوە، ئەوا با هەڵیبگرێتەوە، با ئەو شتە پیسەی پێوە نووساوە لێی بکاتەوە و پاروەکە بخوات، و با بۆ شەیتا جێی نەهێڵێت، و با

دەستەکانیشی بە دەستەسڕ نەسڕێتەوە، تا پەنجەکانی نەلێسێتەوە، چونکە ئەو نازانێت بەرەکەت لە کامە بەشە خۆراکیدایە.

⋆ ئەگەر خواردنەکەم بەدڵ نەبوو، ئەوا سەرزەنشی ناکەم. (بوخاری: 3673، و موسلیم: 2064).

⋆ سکم پڕ ناکەم. (تومذی: 2380).

## خواردنی حەڕام و حەڵاڵ چییە؟

### حەڵاڵ

سەوزەوات، میوەجات، پاقلەمەنی، دانەوێڵە.

ماڵات: وەك: مانگا، مەڕ، بزن، وشتر. هەروەها ئەسپ، کەروێشك، مامز، بزنمژە، گوێدرێژی کێوی.

هەموو گیانلەبەرە ئاویەکان، وەك: ماسی، نەهەنگ، ئەستێرەی دەریا، گوێچکەماسی، ڕۆبیان...

باڵندە ماڵییەکان، وەك: مریشك، مراوی، کۆتر.

**حەڕام**

**هەر شتێك کە زیان بە مرۆڤ بگەیێنێت، و هەموو پیسی و پۆخڵیەك.**

**بەراز، بۆق، گوێدرێژی ماڵی، هەروەها گیاندەرە کەڵبدارەکان، وەك: شێر، پڵنگ، سەگ و پشیلە...**

**هەر گیاندارێك کە وەچەی گیاندار و ئاژەڵە حەڕامەکان بێت، لەوانە جەلاتین، کە لە دەوڵەتە نا موسڵمانەکان دەفرۆشرێت.**

**باڵندەی دڕندە، وەك: هەڵۆ، باز.**

**تەنها ئەو باڵندە و گیاندارە وشکانیانە دەخۆین، کە شێوەی شەرعی کوژراونەتەوە، سەبارەت بە گیاندارە دەریاییەکان (ئاوییەکان) پێویست بە کوشتنەوەیان ناکات.**

**مەرجەکانی سەربڕینی شەرعی چین؟**

1- **بکوژرێتەوە یان سەریببڕدرێت و خوێنی بڕژێت. خواردنی هەر گیاندارێك کە مرداربووە بەبێ هۆ، یان بەکارەبا، یاخود بە گوللە کوژراوە، یان خنکێنراوە، یاخود بە لێدان لە سەری مردووە دروست نییە.**

2- **دەبێت کەسێکی موسڵمان یان گاور یاخود جولەکە سەریببڕێت، دروست نییە سەربڕاوی ئەوانی دیکە وەك مولحید و خاوەن ئاینەکانی تر جگە لە گاور و جولەکەکان بخورێت.**

# ئادابەکانی خەوتن

⋆ زوو دەخەوم بۆ ئەوەی بۆ نوێژی بەیانی لە خەو هەڵبستمەوە.

⋆ بەر لە خەوتن جێگەکانم دادەکوتم. (بوخاری: 6320، و مسلیم: 2714).

⋆ دەستنوێژ دەشۆرم و دواتر لەسەر لا تەنیشتی ڕاستم دەخەوم. (بوخاری، دەستوێژ: 2239، و موسلیم: 4884).

⋆ سێ جار فوو بە دەستەکانمدا دەکەم و موعەویزات (سوڕەتەکانی فەلەق و ئەلناس) دەخوێنمەوە و دواتر دەستەکانم بە دەموچاو و جەستەمدا دەهێنم. (بوخاری: 5017).

⋆ ئایەتی کورسی دەخوێنمەوە. (بوخاری: 2311)

⋆ سوڕەتی کافیرون دەخوێنمەوە. (سەحیحی ئەبوداود: 5055)

⋆ دەڵێم: "بِاسْمِكَ اللَّهُمَّ أَمُوتُ وَأَحْيَا" بوخاری: 6324. واتە: خوایەگیان؛ بەناوی تۆوە دەمرم و دەژیم.

## ئادابەكانی لەخەوهەڵسان

★ دەڵێم: "الحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَحْيَانَا بَعْدَ مَا أَمَاتَنَا وَإِلَيْهِ النُّشُورُ" بوخاری (6312) و موسلیم (2711). واتە: سوپاس بۆ ئەو خوای كە ئێمەی ژیاندەوە دوای ئەوەی ئێمەی مراند، و سەرئەنجام گەڕانەوە هەر بۆ لای ئەوە.

★ بە سیواك ددانەكانم پاك دەكەمەوە. (بوخاری 245، و موسلیم: 618)

★ سێ جار دەستەكانم دەشۆم. (بوخاری: 162، ومسلیم: 278)

★ سێ ئاو لە لووتم وەردەدەم. (بوخاری: 3295)

★ جێگەكانم ڕێكدەخەم.

★ نوێژی چێشتەنگاو دەكەم.

## ئادابەكانی دەست بەئاوگەیاندن ( تارەتگرتن )

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (الطُّهُورُ شَطْرُ الْإِيمَانِ) موسلیم گێڕاویەتیەوە (223). واتە: پاك و خاوێنی نیوەی ئیمانە.

★ لەکاتی چوون بۆ دەست بەئاوگەیاندن، دەڵێم: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الخُبُثِ وَالخَبَائِثِ) بوخاری (12) و موسلیم (375) گێڕاویانەتەوە. واتە: خوایەگیان؛ پەنات پێدەگرم لە هەموو جۆرە پیسی و پۆخڵییەك.

★ بە پێی ڕاست دەچمە ژوورەوە.

★ دەرگاکە لە دوای خۆم دادەخەم، چونکە موسڵمان حەزی لە خۆداپۆشینە. (ئەبو داود: 4016).

★ لەکاتی تارەتگرتندا قسە ناکەم. (موسلیم: 370)

★ پێداگر دەبم لەسەر ئەوەی جەستە و پۆشاکەکانم هیچ پیسایییەکیان بەرنەکەوێت. (نەسائی: 2069)

★ سێ جار خۆم پاك دەکەمەوە. (موسلیم: 262)

★ دەستی ڕاستم لە خۆپاککردنەوەدا بەکارناهێنم. (موسلیم 262)

★ پێداگر دەبم لەسەر پاك و خاوێنی شوێنەکە لە دوای تارەتگرتن.

★ لەکاتی دەرچوون لە شوێنی تارەتگرتنەکە، دەڵێم: "غفرانك: داوای لێخۆشبوونی تۆ دەکەین" (سەحیح سنن تورمذی: 136).

★ دوای تارەتگرتن بەباشی دەستەکانم دەشۆم.

★ دەستنوێژ هەڵدەگرم، تا لە ڕۆژی دواییدا کە زیندوو دەکرێمەوە، ئەندامەکانم بە ڕووناکی بدرەوشێنەوە. (بوخاری: 136)

# پژمین

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: ﴿إِذَا عَطَسَ أَحَدُكُمْ فَلْيَقُلْ: الحَمْدُ لِلَّهِ، وَلْيَقُلْ لَهُ أَخُوهُ أَوْ صَاحِبُهُ: يَرْحَمُكَ اللَّهُ، فَإِذَا قَالَ لَهُ: يَرْحَمُكَ اللَّهُ، فَلْيَقُلْ: يَهْدِيكُمُ اللَّهُ وَيُصْلِحُ بَالَكُمْ﴾ بوخاری گێڕاویەتیەوە (6224). واتە: ئەگەر یەکێکتان پژمی، ئەوا با بڵێت: سوپاس بۆ خوا، و با براکەی یان هاوەڵەکەی پێی بڵێت: خوا ڕەحمت پێ بکات، جا ئەگەر پێی وت: خوا ڕەحمت پێ بکات، ئەوا با ئەویش بڵێت: خوا ڕێنوێنیت بکات و بارودۆخت باش بکات.

# بەشی سێیەم:

# مامەڵە و هەڵسوکەوت

لەم بەشەدا قوتابی ژمارەیەك لە فەرموودە سەحیحەكانی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) لەبەر دەكات، سەبارەت بە ئادابی ئیسلامی پەیوەست بە هەڵسوكەوت و مامەڵەكردن، لەگەڵ ئاشنابوون بە ڕاڤەكەیان.

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلاَ يُؤْذِ جَارَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَصْمُتْ) بوخاری (6018)، و موسلیم (47) گێڕاویانەتەوە. واتە: هەر كەسێك باوەڕی بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەبێت، با ئازاری دراوسێیەكی نەدات، هەر كەسێك باوەڕی بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەبێت، با ئازاری ڕێزی میوانەكەی بگرێت، هەر كەسێك باوەڕی بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەبێت، با قسەی چاك بكات یان بێ دەنگ بێت.

پێغەمبەر خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ، فَإِنَّ الظَّنَّ أَكْذَبُ الحَدِيثِ، وَلاَ تَحَسَّسُوا، وَلاَ تَجَسَّسُوا، وَلاَ تَحَاسَدُوا، وَلاَ تَدَابَرُوا، وَلاَ تَبَاغَضُوا، وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَانًا) بوخاری (5143) و موسلیم (2563) گێڕاویانەتەوە. واتە: نەكەن گومانی خراپ ببەن، چونكە گومان زۆرترین درۆی تێدایە، گوێ هەڵمەخەن و سیخوڕی مەكەن، حەسودی

مەبەن، و پشت لەیەکتر مەکەن، و ڕقتان لە یەکتر نەبێتەوە، و وەك برا ببنە بەندەی خوا.

## قسەکردن

### باسی یەکتر نەکردن لە پاشملە (غەیبەت نەکردن)

خوای پاك و بەرز فەرموویەتی: ﴿وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ﴾ حوجورات: 12. واتە: (و لە پاشملە باسی یەکتر مەکەن، ئایا کەستان پێی خۆشە گۆشتی براکەی بە مردوویی بخوات، لەکاتێکدا کاری واتان زۆر پێ ناپەسندە، و لەخوابترسن، بەڕاستی خوا تۆبەوەرگر و میهرەبانە).

خوای گەورە ئەو کەسەی بە پاشملە باسی براکەی دەکات، بەو کەسەی چواندووە کە گۆشتی براکەی دەخوات کاتێك دەمرێت.

پێغەمبەر خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (أَتَدْرُونَ مَا الْغِيبَةُ؟» قَالُوا: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: «ذِكْرُكَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ» قِيلَ أَفَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ فِي أَخِي مَا أَقُولُ؟ قَالَ: «إِنْ كَانَ فِيهِ مَا تَقُولُ، فَقَدِ اغْتَبْتَهُ، وَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِيهِ فَقَدْ بَهَتَّهُ) موسلیم (2589) گێڕاویەتیەوە. واتە: ((ئایا دەزانن بە پاشملە باسکردن چییە؟)) وتیان: خوا و پێغەمبەرەکەی چاکتر دەزانن، فەرمووی:

((باسکردنی براکەتە بەو جۆرەی کە پێی ناخۆشە))، وترا: ئەی ئەگەر ئەوەی دەیڵێم لە براکەمدا هەبوو، ئەویش فەرمووی: ((ئەگەر ئەو شتەی تێدابێت کە دەیڵێی، ئەوا بە پاشملە باست کردووە، و ئەگەر تێیدا نەبێت، ئەوا بوختانت بۆ هەڵبەستووە)).

**زمانپاکی**

پێغەمبەر خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (ليس المؤمن بالطعان ولا اللعان ولا الفاحش ولا البذيء) تورمذی گێڕاویەتیەوە (1977) و ئەلبانی بە سەحیحی داناوە. واتە: باوەڕدار تانەدەر و نەفرینکەر و بەدکردار و دەمپیس نییە.

پێغەمبەر خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) بە ئێمەی ڕاگەیاندووە، کە ئەم سیفەتانە لە سیفەتی باوەڕداران نین، بۆیە دروست نییە بوێری بنوێنین لە ئاست ئەنجامدانی ئەم کارانە، چونکە بەمانە بە بێ باوەڕان دەچین.

**وتنی: ئەگەر خوا بیەوێت** (إن شاء الله)

خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَقُولَنَّ لِشَيْءٍ إِنِّي فَاعِلٌ ذَلِكَ غَدًا، إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ﴾ کەهف: 23، 24. واتە: مەڵێ بەدڵنیایەوە بەیانی ئەم کارە دەکەم، (مەگەر بڵێیت:) ئەگەر خوا بیەوێت.

ئەگەر بمەوێت لە ئایندەدا کارێك بکەم، ئەوا ناڵێم: "دەیکەم"، بەڵکو دەڵێم: "ئەگەر خوا بیەوێت ئەم کارە دەکەم".

مانای (إن شاء الله) چییە؟ ماناکەی ئەوەیە کە شتەکان ڕوونادەن، مەگەر خوای گەورە بیەوێت ڕووبدەن.

بۆچی دەڵێم (إن شاء الله)؟ لەبەر ئەوەی من باوەڕم بە قەدەرە، و باوەڕم وایە کە هەر شتێك ڕووبدات، ئەوا بەقەدەری خوا ڕوودەدات.

## تووڕەنەبوون

لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) هاتووە، کە پیاوێك بە پێغەمبەر خوای (درود و سڵاوی خوای لێبێت) وت: ئامۆژگاریم بکە، ئەویش فەرمووی: (لاَ تَغْضَبْ) فَرَدَّدَ مِرَارًا، قَالَ: «لاَ تَغْضَبْ») بوخاری (6116) و موسلیم (2449) گێڕاویانەتەوە. واتە: (تووڕەمەبە)، ئەویش چەند جارێك داواکەی دووبارە کردەوە، فەرمووی: (تووڕەمەبە).

چۆن خۆم لە تووڕەبوون بەدووردەگرم:

★ ئەگەر هەستم بە هەڵچوون و تووڕەبوون کرد، دەڕۆم دەستنوێژ هەڵدەگرم.

★ بیرکردنەوەم بە شتی بێ کەڵك سەرقاڵ ناکەم.

★ ئەگەر کەسێکی تووڕەم بینی، ئەوا مشتومڕی لەگەڵ ناکەم.

★ تێڕوانینی کەسی بەرامبەر تێدەگەم، بەر لەوەی ڕەخنەی لێبگرم.

★ ئەو کەسەی ڕەفتارەکەیم بە دڵ نییە، نزای بۆ دەکەم، و تانە و تەشەری لێنادەم.

★ ئەگەر کەسێك ڕەخنەی لێگرتم؛ ئەوا ئەم کارەی بە شتێکی خراپ دانانێم.

★ پێشبینی ناکەم هەموو خەڵك، بەو جۆرە هەڵسوکەوت بکەن کە من دەمەوێت.

★ هەمیشە وشەی باش بەکاردەهێنم، هەتا لەو بارودۆخەش کە تێیدا هەراسان دەکرێم.

★ هەڕەشەی بڕینی پەیوەندییەکان ناکەم، یان هەڕەشەی ئازاردانی ئەو کەسە ناکەم کە مشتومڕم لەگەڵ دەکات.

## ڕاستگۆیی

پێغەمبەر خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (إِنَّ الصِّدْقَ يَهْدِي إِلَى الْبِرِّ، وَإِنَّ الْبِرَّ يَهْدِي إِلَى الْجَنَّةِ، وَإِنَّ الرَّجُلَ لَيَصْدُقُ حَتَّى يُكْتَبَ صِدِّيقًا، وَإِنَّ الْكَذِبَ يَهْدِي إِلَى الْفُجُورِ، وَإِنَّ الْفُجُورَ يَهْدِي إِلَى النَّارِ) بوخاری (6094) و موسلیم (2607) گێڕاویانەتەوە. واتە: بەدڵنیایەوە ڕاستگۆی مرۆڤ بەرەو چاکەکاری دەبات، و چاکەکاریش بەرەو بەهەست دەیبات. و بێ گومان درۆ مرۆڤ بەرەو خراپەکاری دەبات، و خراپەکاریش بەرەو ئاگری دۆزەخ دەیبات.

پێغەمبەر خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (وَتَجِدُونَ مِنْ شِرَارِ النَّاسِ ذَا الْوَجْهَيْنِ الَّذِي يَأْتِي هَؤُلاَءِ بِوَجْهٍ وَهَؤُلاَءِ بِوَجْهٍ) بوخاری (6058) و موسلیم (2526) گێڕاویانەتەوە. واتە: دەبینی دووڕووەکان خراپترینی خەڵکن، ئەوانەی بەڕوویێك دەچنە لای کۆمەڵە خەڵکێك و بەڕوێکی دیکە دەچنە لای کۆمەڵێکی دیکە.

## چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوك

پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) وتی: (مَنْ أَحَقُّ النَّاسِ بِحُسْنِ صَحَابَتِي؟ قَالَ: «أُمُّكَ» قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: «ثُمَّ أُمُّكَ» قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: «ثُمَّ أُمُّكَ» قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: «ثُمَّ أَبُوكَ») بوخاری (5971) و موسلیم (2548) گێڕاویانەتەوە. واتە: ئەی پێغەمبەری خوا، کێ لە هەمووان لەپێشترە کە چاکەکار بم لەگەڵی؟ فەرمووی: ((دایکت))، دواتر وتی: پاشان کێ؟ فەرمووی: ((دایکت))، دواتر وتی: پاشان کێ؟ فەرمووی: ((دایکت))، دواتر وتی: پاشان کێ؟ فەرمووی: ((باوکت)).

چۆن چاکە لەگەڵ دایك و باوکم بکەم:

- گوێڕایەڵیان دەبم، کاتێك فەرمانم پێدەکەن.
- بە ئەدەبەوە قسەیان لەگەڵ دەکەم.
- یارمەتیان دەدەم، بەرلەوەی داوای یارمەتیم لێبکەن.
- دەنگم بەسەریاندا بەرز ناکەمەوە.

- تەنها بە چاكە باسیان دەكەم لەلای خەڵك.
- داوای كڕینی شتانێكیان لێناكەم كە لەسەرووی توانای ئەوانەوە بێت.
- نزایان بۆ دەكەم بەو شێوەیەی پەروەردگارم فێری كردووم: ﴿وَقُلْ رَبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا﴾ ئیسڕاء: 24. واتە: بڵێ: پەروەردگارم؛ بەزەییت پێیاندا بێتەوە، وەك چۆن منیان بە بچوكی پەروەردە كرد.

## هەڵسوكەوت لەگەڵ خزماندا

پێغەمبەر خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (مَنْ سَرَّهُ أَنْ يُبْسَطَ لَهُ فِي رِزْقِهِ، أَوْ يُنْسَأَ لَهُ فِي أَثَرِهِ، فَلْيَصِلْ رَحِمَهُ) بوخاری (2067) و موسلیم (2557) گێڕاویانەتەوە. واتە: هەر كەسێك پێی خۆشبێت ڕزق و ڕۆزیەكەی بۆ فراوان بكرێت، یان شوێنەواری جێ بمێنێت، ئەوا با پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنێت.

چۆن پەیوەندی خزمایەتی دەگەیەنم:

- سەردانیان دەكەم، پەیوەندیان پێوە دەكەم، لێیان دانابڕێم.
- خێر و چاكەم بۆ ئەوان دەوێت، یادی خوایان بیر دەخەمەوە.
- دڵخۆش دەبم بە دڵخۆشبوونیان، خەمبار دەبم.
- لەوەی دەتوانم یارمەتیان دەدەم.
- نهێنیەكانیان دەشارمەوە.
- دژایەتیان ناكەم. ئەگەر كێشە كەوتە نێوانیان؛ ئەوا ئاشتیان دەكەمەوە.

## مەحرەمەکان کێن؟

مەحرەمەکان ئەو کەسانەن کە لەگەڵیان تێکەڵ دەبم، چ نێر یان مێ بن، دروستە دەستیان لێبدەم (تۆقەکردن و هاوشێوەی ئەمە دروستە لەگەڵیان)، بۆ ئافرەت دروستە سەرپۆشەکەی لەبەردەمیان دابکەنێت، ئەوانیش ئەوانەن.

ئەو پیاوانەی مەحرەمی ئافرەت ئەمانەن:

برای باپیرە، باپیرە، مێردی داپیرە، برای داپیرە، مامەکان، باوك، مێردی دایك، خاڵەکان، باوکی مێرد (خەزور)، برا، برا لە باوك، برا لە دایك، منداڵ و نەوەکانی مێرد، مێردی کچەکانم و نەوەکانیان، منداڵ و نەوەی براکانم و خوشکەکانم.

ئەو ئافرەتانەی مەحرەمی پیاون ئەمانەن:

خاڵەت (پور)ەکان، دایك، ژنی باوك، ژنمامەکان، دایکی مێرد، خوشك خوشك لە باوك، خوشك لە دایك، کچ و نەوەکانی ژن، کچ و نەوەکانم ژن و نەوەکانی کوڕەکانم، کچ و نەوەکانی براکانم و خوشکەکانم

# هەڵسوکەوت لەگەڵ مامۆستا

پێغەمبەر خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (إن الله وملائكته وأهل السموات والأرضين حتى النملة في حجرها وحتى الحوت ليصلون على معلم الناس الخير) تورمذی گێڕاویەتیەوە (2685). واتە: ئەوەی خەڵکی فێری چاکە دەکات ئەوا خوای گەورە پاکی دەکاتەوە و فریشتەکانی خوا و دانیشتوانی ئاسمانەکان و زەوی و تەنانەت مێرووله له کونەکەیدا و نەهەنگیش نزای بۆ دەکەن.

لەگەڵ مامۆستاکەم چۆن ئەدەب بنوێنم:

- ڕێز و حورمەتی دەگرم، تەنها بە چاکە باسی دەکەم.
- دەزانم ئەو لەبەر من ماندوو دەبێت، ڕێزی ئەم ماندووبوونەی دەگرم.
- سەرنجی قسەکانی دەدەم لە وانەدا، خۆم بە شتی لابەلاوە سەرقاڵ ناکەم.
- داوای مۆڵەتی لێدەکەم، ئەگەر ویستم کارێکم بکەم لە کاتی وانەدا.
- کە لە شتێك تێنەگەیشتم ئەوا پرسیاری لێدەکەم.
- لەو شتانەی پێم دەڵێت گوێڕایەڵی دەبم.
- پابەند دەبم بە نووسینەوەی ئەرکەکانم و لەبەرکردنی وانەکانم، قوتابیەکی گوێنەدێ نابم.

## هەڵسوکەوت لەگەڵ تێکڕای موسڵمانان

### بایەخدان بە کاروباری موسڵمانان

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی (مَثَلُ الْمُؤْمِنِينَ فِي تَوَادِّهِمْ، وَتَرَاحُمِهِمْ، وَتَعَاطُفِهِمْ مَثَلُ الْجَسَدِ إِذَا اشْتَكَى مِنْهُ عُضْوٌ تَدَاعَى لَهُ سَائِرُ الْجَسَدِ بِالسَّهَرِ وَالْحُمَّى) تورمذی گێڕاویەتیەوە (2685). واتە: نموونەی باوەڕداران لە یەکترخۆشویستن و بەزەیی هاتن بەیەکتردا و هاوسۆزیان وەك یەك جەستە وان، ئەگەر ئەندامێکی ئازاری هەبوو، ئەوا دەناڵێنێت، لە تاو بێ خەوی و گەرمەتا.

لەبەر ئەمە لەسەر موسڵمان پێویستە:

- پێویستە جیاوازی نەکرێت لە نێوان موسڵماناندا، لەسەر بنەمای وڵات یان ڕەچەڵەك، چونکە هەموویان بران.
- موسڵمانانی خۆشبوێت.
- لایەنگیری هیچ دەستە و تاقمێك نەکات کە موسڵمانانی پەرتەوازە کردووە.
- ئەگەر توانی یارمەتی موسڵمانان بدات، تەنانەت یارمەتی ئەوانەش بدات کە نایانناسێت.
- هەوڵ بدات ئەو کێشانەی لە نێوان موسڵماناندا ڕوودەدات چارەسەریان بکات.

- ئەگەر ناخۆشی و کارەساتێك بەسەر موسڵماناندا هات، لە هەر شوێنێك بێت؛ ئەوا دەبێت هاوسۆزیان بێت، و ئەوەی لە توانایدا بێت هەوڵی بدات بۆ پشتیوانی کردنیان.

## ئازارنەدانی موسڵمانان

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی (سِبَابُ الْمُسْلِمِ فُسُوقٌ وَقِتَالُهُ كُفْرٌ) بوخاری (84) و موسلیم (64) گێڕاویانەتەوە. واتە: جوێندان و تانەدان لە موسڵمان تاوانە، شەڕ لەگەڵ کردنی کوفرە.

- شەریعەت کەڕامەت و شەڕەفی موسڵمانان دەپارێزێت.
- بۆ موسڵمان دروست نییە، جوێن و تانە لە موسڵمان بدات.
- شەڕکردن لەگەڵ موسڵمانان یەکێکە لە تاوانە گەورەکان.
- ئەوەی لەگەڵ موسڵمانان شەڕ بکات، ئەوا خۆی بە کافران چواندووە.
- لە شەڕی نێوان موسڵمانان بەشدار نابم.
- یارمەتی هیچ کەسێك نادەم لەسەر ئازاردانی هەر موسڵمانێك.
- پێداگر دەبم لەسەر بریندار نەکردنی هەست و سۆزی برا موسڵمانەکانم.

## وازهێنان له قسه لەگەڵ یەکترنەکردن

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی (لَا يَحِلُّ لِلْمُؤْمِنِ أَنْ يَهْجُرَ أَخَاهُ فَوْقَ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ) بوخاری (6065) و موسلیم (2561) گێڕاویانەتەوە. واتە: بۆ موسڵمان حەڵاڵ نییە، کە بۆ سێ ڕۆژ زیاتر قسه لەگەڵ براکەی نەکات.

- ئیسلام هاتووە دڵی موسڵمانان یەکبخات و کۆبکاتەوە.
- موسڵمان کێشە ناکات و پەیوەندی ناپچڕێنێت لەگەڵ موسڵمان.
- ئەگەر کێشەیەك لە نێوان من و موسڵمانێك ڕوویدا، ئەوا هەوڵ دەدەم چارەسەری بکەم.
- ئەگەر موسڵمانێك لە من توڕە بوو و قسەی لەگەڵ نەکردم؛ ئەوا من سەرەتا سڵاوی لێدەکەم.
- ئەگەر هەندێك لە خزمان یان هاوڕێیانم کێشەیان کرد، ئەوا کار بۆ ئاشتکردنەوەیان دەکەم.

## هەڵسوكەوت لەگەڵ بەساڵاچووان

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی (ليس منا من لم يرحم صغيرنا ويوقر كبيرنا) تورمذی (1919) گێڕاویەتیەوە، ئەلبانی بە سەحیحی داناوە. واتە: ئەو کەسە لە ئێمە نییە، کە بەزەیی بە بچوکەکانماندا نەیەتەوە، و ڕێز لە بەساڵاچوانمان نەگرێت.

- پێویستە موسڵمانان ڕێز لە بەساڵاچووان بگرن و حورمەتی بپارێزن.
- بە بێ ئەدەبانە گفتوگۆی لەگەڵ ناکەم.
- دەنگم بەسەریدا بەرز ناکەمەوە.
- ئەگەر هات و شوێنێکی بەدەست نەکەوت بۆ دانیشتن، ئەوا شوێنی خۆمی پێدەدەم.
- ئەگەر پێویستی بە یارمەتی بوو، ئەوا یارمەتی دەدەم.
- سوود لە قسەکانی وەردەگرم، چونکە ئەو لە من زۆرتر لە ژیان تێدەگات.
- لەو کاتەی بەساڵاچووان قسە دەکەن، ئەوا قسەیان پێنابڕم.
- گاڵتەی پێناکەم، ئەگەر هاتوو هەندێك شتی نوێی نەزانی.

## هەڵسوکەوت لەگەڵ دراوسێ

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی (وَاللَّهِ لاَ يُؤْمِنُ، وَاللَّهِ لاَ يُؤْمِنُ، وَاللَّهِ لاَ يُؤْمِنُ» قِيلَ: وَمَنْ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: «الَّذِي لاَ يَأْمَنُ جَارُهُ بَوَايِقَهُ») بوخاری (2016) گێڕاویەتیەوە. واتە: سوێند بە خوا باوەڕی نەهێناوە، سوێند بە خوا باوەڕی نەهێناوە، سوێند بە خوا باوەڕی نەهێناوە، وتیان: ئەوە کێیە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ئەو کەسەی دراوسێیەکەی سەلامەت و پارێزراو نییە لە خراپە و شەڕی.

- لە سیفەتی باوەڕدار نییە، ئازاری دراوسێیەکەی بدات.
- بە دەربڕینی دەنگی بەرز دراوسێیەکەم هەراسان ناکەم، بەتایبەت لە کاتەکانی حەسانەوە و پشوودا.
- لە پەنجەرە و هاوشێوەکانیدا سەیری ماڵی دراوسێیەکەم ناکەم.
- سیخوڕی بەسەر نهێنیەکانیاندا ناکەم.

## سەردانکردنی نەخۆش

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی (أَطْعِمُوا الْجَائِعَ، وَعُودُوا الْمَرِيضَ، وَفُكُّوا الْعَانِيَ) بوخاری (564984) و موسلیم (5373)

گێڕاویانەتەوە. واتە: برسی نان بدەن، سەردانی نەخۆش بکەن، و بەندە ئازاد بکەن.

**لە ئادابەکانی سەردانکردنی نەخۆش:**

- نیاز و مەبەستی چاك دەهێنین لەکاتی سەردانیکردنیدا، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی (عَائِدَ الْمَرِيضِ، فِي خُرْفَةِ الْجَنَّةِ حَتَّى يَرْجِعَ) موسلیم (2568) گێڕاوەتەوە. واتە: سەردانکەری نەخۆش، لە ناو بەروبوومی بەهەشتدایە، تا دەگەڕێتەوە.
- نزاکردن بۆ نەخۆش، جا دەڵێین: (لَا بَأْسَ طَهُورٌ إِنْ شَاءَ اللَّهُ) بوخاری (3616) و موسلیم (5662) گێڕاویانەتەوە. واتە: سەختی و گوناهت لەسەر نییە، ئەگەر خوای بیەوێت پاککەرەوەیە (بۆ گوناهەکانت).
- دڵخۆشکردنی بە قسەی چاك، و واز هێنان لە قسەی هەراسانکەر.
- بیرخستنەوەی کە نەخۆشی هۆکارێکە بۆ سڕینەوەی گوناه و تاوانەکان، هەروەك لە فەرمایشتی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) هاتووە، فەرموویەتی () بوخاری (84) و موسلیم (64) گێڕاویانەتەوە. واتە:

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی (مَا مِنْ مُسْلِمٍ يُصِيبُهُ أَذًى، مَرَضٌ فَمَا سِوَاهُ، إِلَّا حَطَّ اللَّهُ لَهُ سَيِّئَاتِه، كَمَا تَحُطُّ الشَّجَرَةُ وَرَقَهَا) بوخاری (5660) و موسلیم (2571) گێڕاویانەتەوە. واتە: هەر موسڵمان ئازارێکی پێبگات، نەخۆشی بێت یان شتی تر، ئەوا خوای گەورە گوناهەکانی لەسەر دەسڕێتەوە، وەك چۆن درەخت گەڵاکانی دەوەرێنێت.

- **پرسیاری لێکردنی لەبارەی ئەوەی پێویستی بە شتێك یان بە یارمەتییەکە.**
- **کەمی ماوەی سەردانکردنەکە، زۆر نەمانەوە لەلای نەخۆشەکە، ئەگەر بینیمان ئازار دەچێژێت یان حەز ناکات خەڵك لەلای دابنیشێت، ئەوا بەجێی دەهێڵین.**

# بەشی چوارەم

# خوا پەرستییەکان

ئەم بەشە پایە و بنچینەکانی ئیسلام بەشێوەیەکی سادە و ئاسانکراو فێری منداڵان دەکات.

## نیاز و مەبەست (نیەت)

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی (إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ) بوخاری (1) گێڕاویەتیەوە. واتە: بەڕاستی هەموو کار کردەوەیەك بەپێی نیاز و مەبەستەکەیەتی.

مانای نیاز و مەبەست (نیەت) چییە؟ نیاز و مەبەست ویست و پاڵنەری هەر کردەوەیەکە مرۆڤ بیکات.

مانای فەرموودەکە ئەوەیە: کە لە ئەنجامدانی خواپەرستیەکان، پێویستە نیاز و مەبەستی نزیکبوونەوە لە خوای پایەبەرز هەبێت، و بەو شێوەیە بێت کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە.

بۆ نموونە:

لە ئاو خواردنەوە بە دەستە ڕاست، بەبێ ئەوەی نیاز و مەبەستی لە خوا نزیکبوونەوە هەبێت؛ ئەوا مرۆڤ هیچ پاداشتێکی پێناگات، هەر کەسێك بەدەستە ڕاستی ئاو بخواتەوە، چونکە دەیەوێت سوننەت پیادە بکات؛ ئەوا

لەسەر ئەمە پاداشت وەردەگرێتەوە. ئەمە لەسەر هەمووو خواپەرستییەکان جێبەجێ دەبێت.

## دەستنوێژگرتن

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (الطُّهُورُ شَطْرُ الْإِيمَانِ) موسلیم گێڕاویەتیەوە (223). واتە: پاك و خاوێنی نیوەی ئیمانە.

### چۆنیەتی دەستنوێژگرتن

1- دەڵێم: "بسم الله: بەناوی خوا".

2- سێ جار دەستەکانم دەشۆم.

3- هەندێك ئاو بە دەستی ڕاستم هەڵدەگرم، نیوەی دەخەمە ناو دەممەوە غەرغەرەی پێ دەکەم، دواتر ئەوەی کە مایەوە دەخەمە ناو لوتمەوە، دواتر فڕێی دەدەم، سێ جار ئەمە دووبارە دەکەمەوە.

4- سێ جاران هەموو دەموچاوم دەشۆم.

5- دەستی ڕاستم لە پەنجەکانەوە تا ئەنیشك سێ جار دەشۆم.

6- دەستی چەپم لە پەنجەکانەوە تا ئەنیشك سێ جار دەشۆم.

7- دەستەکانم تەڕ دەکەم، دواتر ڕایاندەوەشێنم، پاشان جارێك بە هەموو سەرمدا دەیهێنم (مەسحی پێدەکەم).

8- جارێك دەستی تەڕ بە گوێیەکانمدا دەهێنم (مەسحیان دەکەم).

9- پێی ڕاستم لە پەنجەکانەوە تا گوێزینگەکان سێ جار دەشۆم.

10- پێی چەپم لە پەنجەکانەوە تا گوێزینگەکان سێ جار دەشۆم.

11- جارێك دەستەکانم دەشۆم.

12- دەڵێم: (أشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمدا عبده ورسوله اللهم اجعلني من التوابين واجعلني من المتطهرين) تورمذی (55) گێڕاویەتیەوە، ئەلبانی بە سەحیحی داناوە. (شایەتی دەدەم کە هیچ خوا و پەرستراوێك نییە بە حەق جگە لە خوای گەورە نەبێت، تاك و تەنها و بێ هاوەڵ و هاوبەشە، و شایەتی دەدەم محەممەد بەندە و پێغەمبەری ئەوە، خوایەگیان؛ لە تۆبەکارانم دابنێ، و لەوانەم دابنێ کە خۆیان بەپاکدەگرن).

## نوێژ

### کاتەکانی نوێژ

لە دوای شایەتمان، نوێژ گەورەترین فەرزە لە فەرزەکانی ئیسلام.

لە ڕۆژێکدا پێنج نوێژ فەرزن:

1- نوێژی بەیانی: کاتەکەی دەرکەوتنی ڕووناکی سوری بەیانیە تا هەڵهاتنی خۆر.

2- نوێژی نیوەڕۆ: کاتەکەی لە لادانی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان، تا ئەو کاتەی سێبەری هەر شتێك ئەوەندەی درێژیەکەی لێدێت.

3- نوێژی ئێوارە: کاتەکەی لە کۆتایی هاتنی کاتی نوێژی نیوەڕۆیە تا خۆرئاوابوون.

4- نوێژی شێوان: لە خۆرئاوابوونە تا ونبوونی تیشکی سوور.

5- نوێژی خەوتنان: کاتەکەی لە ونبوونی تیشکی سوورە تا نیوەی شەو.

تەنها ڕۆژی هەینی نەبێت، پیاوان نوێژی نیوەڕۆ ناکەن، بەڵکو لە جیاتی ئەمە نوێژی هەینی دەکەن. ئافرەتانیش لە ماڵەوە نوێژی نیوەڕۆ دەکەن، هەرچەندە بۆیان دروست وەك پیاوان نوێژی هەینی بکەن.

**چۆنیەتی نوێژکردن:**

1- ڕوودەکەمە ڕووگە (قیبلە)، کە کەعبەی پیرۆزە.

2- دەستەکانم تا ئاستی شانەکانم بەرز دەکەمەوە و دەڵێم: "الله أكبر: واتە: خوا گەورەترینە".

3- دەستەکانم دەخەمە سەر سینەم و بە دەستی ڕاستم دەستی چەپم دەگرم.

4- دەڵێم: (وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ حَنِيفًا مُسْلِمًا وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا مِنَ الْمُسْلِمِينَ) موسلیم (771) گێڕاویەتیەوە. واتە: ڕووم کردە ئەو خوایەی ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوە، یەکخواناس و موسڵمانم و لە هاوبەشدانەران نیم، و بەدڵنیایەوە نوێژ و پەرستشەکانم و ژیان و مردنم بۆ خوای پەروەردگاری جیهانەکانە، کە هیچ هاوبەش و هاوەڵێکی نییە، و هەر بەمەش فەرمانم پێکراوە و من لە موسڵمانانم.

5- سوڕەتی فاتیحە دەخوێنمەوە، دواتر دەڵێم: "آمین: خوایەگیان؛ قبوڵی بکەیت".

6- پاش سوڕەتی فاتیحە هەندێك لە قورئانی پیرۆز دەخوێنمەوە.

7- دەستەکانم بەرز دەکەمەوە تا ئاستی شانەکانم و دەڵێم: "الله أكبر: خوا گەورەترینە"، دواتر دەچەمێمەوە "دەچمە ڕکوع" و دەستەکانم دەخەمە سەر ئەژنۆکانم.

8- سێ جار دەڵێم: "سبحان ربي العظيم: پاك و بێگەردە پەروەردگاری گەورەم"، سێ جار ئەمە دووبارە دەکەمەوە.

9- دواتر (لە ڕکوع) هەڵدەستمەوە و تەواو ڕاست دەبمەوە و دەستەکانم تا ئاستی شانەکانم بەرز دەکەمەوە و دەڵێم: "سمع الله لمن حمده. ربنا ولك الحمد: خوا گوێبیستی ئەوەیە کە سوپاس و ستایشی دەکات. پەروەردگارمان سوپاس و ستایش بۆ تۆ"، دواتر دەستەکانم بەرز دەکەمەوە بەو شێوەیەی لە هەستانەوەی یەکەم ئەنجاممدا.

10- دەڵێم: "الله أكبر: خوا گەورەترینە"، لەگەڵ چوونە سوژدەم، دەستەکانم بەر لە ئەژنۆکانم دادەنێمە سەر زەوی.

11- لە سوژدەکەمدا دەڵێم: "سبحان ربي الأعلى: پاك و بێگەردە پەروەردگاری بەرزم"، سێ جار ئەمە دەڵێمەوە.

12- دەڵێم: "الله أكبر: خوا گەورەترینە"، و بە ڕێکی دادەنیشم.

13- لە دانیشتنەکەمدا دەڵێم: "ربِّ اغفر لي، ربِّ اغفر لي: پەروەردگارم لێمخۆشببە، پەروەردگارم لێمخۆشببە".

14- دواتر جارێکی دیکە سوژدە دەبەم.

ئا بەم شێوەیە ڕکائەتێکی تەواوم تەواو کرد.

## چۆنیەتی نوێژکردن بە شێوەیەکی تێروتەسەل

1. ڕوودەکەمە ڕووگە (قیبلە)، کە کەعبەی پیرۆزە.

"الله أكبر: واتە: خوا گەورەترینە".

2. دەستەکانم تا ئاستی شانەکانم بەرز دەکەمەوە و دەڵێم: "الله أكبر: واتە: خوا گەورەترینە".

3. دەستەکانم دەخەمە سەر سینەم و بە دەستی ڕاستم دەستی چەپم دەگرم.

4. نزای دەستپێکی نوێژ دەخوێنم و دەڵێم: (وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ حَنِيفًا مُسْلِمًا وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا مِنَ الْمُسْلِمِينَ).

5. سورەتی فاتیحە دەخوێنمەوە، دواتر دەڵێم: "آمین: خوایەگیان؛ قبوڵی بکەیت".

(بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ، الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ، مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ، إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ، اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ، صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ)

ئامین.

6. پاش سورەتی فاتیحە هەندێك لە قورئانی پیرۆز دەخوێنمەوە.

7. دەستەکانم بەرز دەکەمەوە تا ئاستی شانەکانم و دەڵێم: "الله أكبر: خوا گەورەترینە"، دواتر دەچەمێمەوە "دەچمە ڕکوع" و دەستەکانم دەخەمە سەر ئەژنۆکانم.

"الله أكبر: خوا گەورەترینە"،

8. سێ جار دەڵێم: "سبحان ربي العظيم: پاك و بێگەردە پەروەردگاری گەورەم"، سێ جار ئەمە دووبارە دەکەمەوە.

سبحان ربي العظيم

سبحان ربي العظيم

سبحان ربي العظيم

9. دواتر (لە ڕکوع) هەڵدەستمەوە و تەواو ڕاست دەبمەوە و دەستەکانم تا ئاستی شانەکانم بەرز دەکەمەوە و دەڵێم: "سمع الله لمن حمده. ربنا ولك الحمد: خوا گوێبیستی ئەوەیە کە سوپاس و ستایشی دەکات. پەروەردگارمان

سوپاس و ستایش بۆ تۆ"،  دواتر دەستەکانم بەرز دەکەمەوە بەو شێوەیەی لە هەستانەوە یەکەم ئەنجاممدا.

سمع الله لمن حمده. ربنا ولك الحمد

10. دەڵێم: "الله أكبر: خوا گەورەترینە"، لەگەڵ چوونە سوژدەم، دەستەکانم بەر لە ئەژنۆکانم دادەنێمە سەر زەوی.

11. لە سوژدەکەمدا دەڵێم: "سبحان ربي الأعلى: پاك و بێگەردە پەروەردگاری بەرزم"، سێ جار ئەمە دەڵێمەوە.

سبحان ربي الأعلى

سبحان ربي الأعلى

سبحان ربي الأعلى

12. دەڵێم: "الله أكبر: خوا گەورەترینە"، و بە ڕێکی دادەنیشم.

13. لە دانیشتنەکەمدا دەڵێم: "ربِّ اغفر لي، ربِّ اغفر لي: پەروەردگارم لێمخۆشببە، پەروەردگارم لێمخۆشببە".

ربِّ اغفر لي

ربِّ اغفر لي

14. دواتر جارێکی تر دووەم سوژدە دەبەم. وەك سوژدەی یەکەم.

15. دواتر بۆ ڕکائەتی دووەم هەڵدەستمەوە، وەك ڕکائەتی یەکەم دەیکەم.

# تەحییات

ئەگەر نوێژ سێ ڕکائەت، یان چوار ڕکائەت بوو؛ ئەوا دوو تەحیاتی تێدا هەن: تەحیاتی ناوەڕاست، و کۆتایی.

تەحیاتی ناوەڕاست لە دوای ڕکائەتی دووەمە، تەحیاتی کۆتایی لە دوای ڕکائەتی کۆتاییە.

ئەگەر نوێژەکە دوو ڕکائەت بوو، ئەوا تەنها تەحیاتی کۆتایی تێدایە، ئەویش لە دوای ڕکائەتی دووەمە.

## تەحیاتی ناوەڕاست

بە دانیشتنی (ئیفتڕاش) دادەنیشم، ئەویش ئەوەیە لەسەر پێی چەپم دابنیشم، و پێی ڕاستم بچەقێنم، و پەنجەی شایەتمان بەرەو ڕووگە ئاڕاستە بکەم.

دواتر تەحیات بخوێنمەوە: (التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ، السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ

لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ) بوخاری (831) و موسلیم (402) گێڕاویانەتەوە. واتە: هەرچی سڵاو و نزا و پاڕانەوە و وشەی پاك و بەرزە بۆ خوای گەورەیە، سڵاو و میهرەبانی و بەرەکەتی خوا لەسەر تۆ بێ ئەی پێغەمبەر، سڵاو لە ئێمە و بەندە چاکەکانی خوا، شایەتی دەدەم کە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە خوای گەورە نەبێت، و شایەتی دەدەم کە محەممەد بەندە و پێغەمبەری خوایە.

التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ، السَّلاَمُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلاَمُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

## تەحیاتی کۆتایی

دانیشتنی (تەوەڕوك) دادەنیشم، ئەویش ئەوەیە کە لەسەر زەوی دابنیشم، و پێی چەپم بخەمە ژێر قاچی ڕاستم، و پێی ڕاستم بچەقێنم، و پەنجەی شایەتمانم بەرەو ڕووگە ئاڕاستە بکەم.

دواتر تەحیات بخوێنمەوە: (التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ، السَّلاَمُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلاَمُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ) بوخاری (831) و موسلیم

(402) گێڕاویانەتەوە. واتە: هەرچی سڵاو و گەورەیی و نزا و پاڕانەوە و نوێژ و شتی پاك و بەرزە بۆ خوای گەورەیە، سڵاو و میهرەبانی و بەرەكەتی خوا لەسەر تۆ بێ ئەی پێغەمبەر، سڵاو لە ئێمە و بەندە چاكەكانی خوا، شایەتی دەدەم كە هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە خوای گەورە نەبێت، و شایەتی دەدەم كە محەممەد بەندە و پێغەمبەری خوایە.

پاشان نزای ئیبڕاهیمی (الصلاوات الإبراهيمية) بخوێنمەوە، ئەویش ئەمەی خوارەوەیە:

﴿اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ، وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ، اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ، وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ﴾ بوخاری (3370) و موسلیم (406) گێڕاویانەتەوە. واتە: خوایەگیان، درود بدە لەسەر محەممەد و ئالی محەممەد، هەروەك چۆن درودتدا لەسەر ئیبڕاهیم و ئالی ئیبڕاهیم، بەڕاستی تۆ سوپاسكراو و پایەبەرزی. خوایەگیان بەرەكەت ببارێنە بەسەر محەممەد و ئالی محەممەد، هەروەك چۆن بەرەكتت باراند بەسەر ئیبڕاهیم و ئالی ئیبڕاهیمدا، بەڕاستی تۆ سوپاسكراو و پایەبەرزی.

دوای تەحییات دەڵێم: ﴿اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ القَبْرِ، وَمِنْ عَذَابِ النَّارِ، وَمِنْ فِتْنَةِ المَحْيَا وَالمَمَاتِ، وَمِنْ فِتْنَةِ المَسِيحِ الدَّجَّالِ﴾ بوخاری (1377) و موسلیم (588) گێڕاویانەتەوە. واتە: (خوایەگیان، من پەنات پێدەگرم لە

سزای گۆڕ، و سزای ئاگری دۆزەخ، و تاقیکردنەوە و ئاشوبی ژیان و مردن، و تاقیکردنەوە و ئاشوبی مەسیحی دەجال).

سەلامدانەوە

کاتێك دەگەمە کۆتایی نوێژ؛ ڕوو دەکەمە لای ڕاست و دەڵێم: "السلام علیکم و رحمة الله"، واتە: سڵاو و میهرەبانی خواتان لێبێت"، دواتر ڕوو دەکەمە لای چەپ و دەڵێم: "السلام علیکم و رحمة الله"، واتە: سڵاو و میهرەبانی خواتان لێبێت".

"السلام علیکم و رحمة الله".

"السلام علیکم و رحمة الله".

## زیکرەکانی دوای نوێژ

یەکەمجار: دەڵێین: (أَسْتَغْفِرُ اللهَ، أَسْتَغْفِرُ اللهَ، أَسْتَغْفِرُ اللهَ، اللهُمَّ أَنْتَ السَّلَامُ وَمِنْكَ السَّلَامُ، تَبَارَكْتَ ياذَا الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ) موسلیم (591) گێڕاویەتیەوە. واتە: داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەم، داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەم، داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەم،، خوایەگیان خۆت سەلامیت، ئاشتی و سەلامەتی لە تۆوەیە، بەرز و بڵندی ئەی خاوەن شکۆ و بەخشندە.

دووەم: دەڵێین: (سُبْحَانَ اللَّهِ، وَالحَمْدُ للَّهِ، وَاللَّهُ أَكْبَرُ) ثلاثة و ثلاثين مرة، ثم نقول: (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) بوخاری (843) و موسلیم (597) گێڕاویانەتەوە. واتە: پاك و بێگەردی بۆ خوا، سوپاس و ستایش بۆ خوا، و خوا گەورەترینە. سی و سێ جار ئەمە دەڵێین، دواتر دەڵێین: (هیچ خوا و پەرستراوێك نییە بە حەق جگەلە خوای گەورە نەبێت، کە تاك و تەنها و بێ هاوەڵ و هاوبەشە، هەرچی موڵك و دەسەڵات و سوپاس و ستایشی هی ئەوە، و توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

سێیەم: ئایەتی کورسی دەخوێنینەوە.

## نوێژی هەینی

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (مَنْ تَرَكَ الْجُمُعَةَ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، مِنْ غَيْرِ عُذْرٍ وَلَا عِلَّةٍ، طَبَعَ اللَّهُ عَلَى قَلْبِهِ) مالیك (372) و جگە لەویش گێڕاویانەتەوە. واتە: هەر کەسێك سێ جار هەینی نەکات، بەبێ پاساو و نەخۆشی، ئەوا خوای گەورە مۆر لەسەر دڵی دەدات.

**کاتەکەی:**

کاتی نوێژی هەینی لە کاتی نوێژی نیوەڕۆ دەبێت لە ڕۆژی هەینیدا، تەنها لە مزگەوتدا دەکرێت، ئەم نوێژە تەنها لەسەر پیاوان واجبە، بەڵام لەسەر ئافرەتان واجب نییە، ئەگەر ئافرەتان پێیان خۆشبێت دەتوانن بیکەن، ئەگەر بشیانەوێت ئەوا نوێژی نیوەڕۆ لە ماڵەکانیاندا دەکەن.

سەبارەت بە پیاوان ئەوا کاتێك نوێژی هەینی دەکەن، ئەوا نوێژی نیوەڕۆ ناکەن. بەڵام ئەگەر نەیانتوانی بڕۆنە مزگەوت؛ ئەوا لە جیاتی نوێژی هەینی نوێژی نیوەڕۆ دەکەن.

**چۆنیەتی ئەنجامدانی نوێژی هەینی:**

1. وتارخوێن دەچێتە سەر مینبەر و سڵاو لە خەڵك دەکات.
2. بانگدەر بانگ دەدات.
3. وتارخوێن وتاری هەینی دەدات، دواتر کەمێك دادەنیشێت، دواتر هەڵدەستێت وتاری دووەم دەدات.
4. بانگدەر قامەت دەکات بۆ ئەنجامدانی نوێژ.
5. موسڵمانان دوو ڕکائەت نوێژ لە دوای پێشنوێژخوێنەوە دەکەن.

## نوێژە سونەتەکان (الرواتب)

مەبەست لەمانە ئەو نوێژانەن، کە سونەتن و ئێمە ئەنجامیان دەدەین لە پێش یان دوای نوێژە فەڕزەکان.

ناودارترینیان ئەو سونەتانەن کە لەم فەرموودەیەی خوارەوەدا هاتوون:

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (من ثابر على ثنتي عشرة ركعة من السنة بنى الله له بيتا في الجنة أربع ركعات قبل الظهر وركعتين بعدها وركعتين بعد المغربن وركعتين بعد العشاء وركعتين قبل الفجر) تورمذی (414) و بە سەحیحی داناوە. واتە: هەر کەسێك بەردەوام بێت لەسەر ئەنجامدانی دوازدە ڕکائەتی سوننەت، ئەوا خوای گەورە خانوویێکی بۆ لە بەهەشتدا دروست دەکات، چوار ڕکائەت پێش نوێژی نیوەڕۆ، دوو ڕکائەت دوای نوێژی نیوەڕۆ، دوو ڕکائەت لە دوای نوێژی شێوان، و دوو ڕکائەت لە دوای نوێژی خەوتنان، و دوو ڕکائەت لە پێش نوێژی بەیانی.

| له پاش | نوێژ | له پێش |
|---|---|---|
| | بەیانی | 2 |
| 2 | نیوەڕۆ | 4 |
| | ئێوارە | |
| 2 | شێوان | |
| 2 | خەوتنان | |

سەبارەت بە نوێژی هەینی، ئەوا نوێژی سوننەت دەکەوێتە پاش نوێژەکە، ئەگەر موسڵمان ئەم سوننەتە لە مزگەوت بکات، ئەوا چوار ڕکائەت نوێژی سوننەت دەکات، ئەگەر لە ماڵەوەش بیکات، ئەوا دوو ڕکائەت دەکات.

## نوێژی ویتر

نوێژی ویتر یەکێکە لە نوێژە سوننەتەکان، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) بەردەوام دەیکرد تەنانەت لەو کاتانەش کە سەفەری دەکرد.

ئەم نوێژە پێش خەوتن دەکرێت، دەکرێت لە دوای نوێژی خەوتنانیش بیکەین.

ماناى ویتر: ژمارەی تاکە: 1، 3، 5، 7، 9، 11...

کەواتە ژمارەی ڕکائەتەکانی نوێژی ویتر تاکە، دەکرێت موسڵمان تەنها یەك ڕکائەت بکات، یان سێ یان پێنج یان حەوت یان نۆ یان یازدە ڕکائەت، بەپێی توانای خۆی.

چۆنیەتی ئەنجامدانی نوێژی ویتر

بە چەند ڕکائەتێکی یەك لە دوای یەك ئەنجامیان دەدات، بەبێ ئەوەی بۆ تەحیات لە هیچیاندا دابنیشێت تەنها لە ڕکائەتی کۆتایی تەحیات دەخوێنێت. و هەندێك لە قورئانی پیرۆز لە دوای سورەتی فاتیحە دەخوێنێتەوە لە هەموو ڕکائەتەکاندا.

ئەم نوێژە نوێژە بە چەندین شێوەی تریش ئەنجام دەدرێت، دەتوانرێت دوو ڕکائەت دوو ڕکائەت بە جیا بکرێت.

## بانگ و قامەت

بانگ: ئاگادارکردنەوەی خەڵکە بە هاتنی کاتی نوێژی فەرز، لە ڕێگەی بانگ کردن بە چەند وشەیەکی دیاریکراو.

قامەت: ئاگادارکردنەوەی نوێژکەرانە بۆ ئەنجامدانی نوێژی فەڕز، لە ڕێگەی بانگ کردن بە چەند وشەیەکی دیاریکراو.

ئەگەر کاتی نوێژ هات، ئەوا بانگدەر بانگ دەدات، بەدەنگێکی وا کە خەڵکی گەڕەکەکە گوێبیستی ببێت، تا بزانن کە کاتی نوێژ هاتووە.

دەربڕین و وشەکانی بانگ ئەمانەن:

(اللَّهُ أَكْبَرُ، اللَّهُ أَكْبَرُ، اللَّهُ أَكْبَرُ، اللَّهُ أَكْبَرُ،

أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ،

أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ،

حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ، حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ،

حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ، حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ،

اللَّهُ أَكْبَرُ، اللَّهُ أَكْبَرُ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)

ئەبو داود (499) و نەسائی (633) و ئیبن ماجە (709) گێڕاویانەتەوە.

واتە: خوا گەورەترینە، خوا گەورەترینە، خوا گەورەترینە، خوا گەورەترینە. شاهێدی دەدەم کە هیچ خوایەك نییە بەحەق جگە لە خوای گەورە نەبێت، شاهێدی دەدەم کە هیچ خوایەك نییە بەحەق، جگە لە خوای گەورە نەبێت. شاهێدی دەدەم موحەممەد پەیامبەری خوایە،

شاهێدی دەدەم موحەممەد پەیامبەری خوایە. وەرن بۆ نوێژ، وەرن بۆ نوێژ، وەرن بۆ سەرکەوتن، وەرن بۆ سەرکەوتن، خوا گەروەترینە، خوا گەورەترینە، هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە خوای گەورە نەبێت.

هەروەها دەربڕین و وشەکانی قامەت ئەمانەن:

(اللَّهُ أَكْبَرُ، اللَّهُ أَكْبَرُ،

أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ،

أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ،

حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ،

حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ،

قَدْ قَامَتِ الصَّلَاةُ، قَدْ قَامَتِ الصَّلَاةُ،

اللَّهُ أَكْبَرُ، اللَّهُ أَكْبَرُ،

لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ).

بگەڕێوە بۆ بوخاری (607)، و موسلیم (378).

واتە: خوا گەورەترینە، خوا گەورەترینە. شاهێدی دەدەم کە هیچ خوایەك نییە بەحەق جگە لە خوای گەورە نەبێت، شاهێدی دەدەم موحەممەد پەیامبەری خوایە، وەرن بۆ نوێژ، وەرن بۆ سەرکەوتن، بەڕاستی نوێژ

بەرپابووە، بەڕاستی نوێژ بەرپابووە. خوا گەروەترینە، خوا گەورەترینە، هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە خوای گەورە نەبێت.

## زەكات

زەكات: بریتییە لەو بەشە ماڵ و سامانەی دەیدەین بە هەژاران، تا ماڵ و سامانمان بەهۆیەوە پاك بكەینەوە، و دەروونیشمان پێ پاك بكەینەوە.
زەكات لە زێڕ و زیو و دراو و كشتوكاڵ و ماڵات دەبێت.

جیاوازی نێوان زەكات و بەخشین (سەدەقە) چییە؟

| | زەكات | بەخشین (سەدەقە) |
|---|---|---|
| ڕێژەكەی | دیاریكراوە | دیاری نەكراوە |
| جۆرەكەی | زێڕ، زیو، دراو، كشتوكاڵ، ماڵات | هەر شتێك مایەی سوود بێ بۆ خەڵك |
| كاتی دەركردنی | هەموو ساڵێك (تەنها كشتوكاڵ نەبێت) | دیاری نەكراوە |
| دەدرێت بە | هەشت جۆر لە خەڵك | هەر كەسێك لە خەڵك |

| ئەوەی وازی لێبهێنێت | گوناهبارە | گوناهبار نییە |
|---|---|---|

**زەکاتیماڵ و سامان**

**مەرجەکانی:**

**خاوەن ماڵ و سامانەکە دەبێت موسڵمان بێت.**

**ئەندازەی ماڵ (نیصاب): ئەو بڕەیە لە ماڵ و سامان، کە هەر کەسێك کەمتر لەو بڕەی هەبێت زەکاتی لەسەر واجب نابێت.**

**ئەندازەی زەکات لە دراو چەندە؟**

**هەشتیەکە، 85 گرام لە زێڕی پوخت (عەیار 24).**

**ئەندازەی زەکات لە زێڕ چەندە؟**

**85 گرامە لە زێڕی پوخت، یان هاونرخەکەی.**

**ئەندازەی زەکات لە زیو چەندە؟**

**595 گرامە لە زیوی پوخت، یان هاونرخەکەی.**

**دەبێت ساڵێك بەسەر ئەندازەی ئەو سامان و ماڵەدا تێپەڕ ببێت کە کابرا هەیەتی، لە ماوەی ئەم ساڵەدا ماڵ و سامانەکەی لە ئەندازەی زەکات کەمتر نەکات.**

**ئایا ساڵەکە بەپێی ڕۆژمێری کۆچییە یان زاینیە؟**

**بەپێی ڕۆژمێری کۆچییە.**

**ڕێژەی ئەو زەکاتە چەندە کە لە ماڵ و سامانی خۆمان دەریدەکەین؟**

ڕێژەی ئەو زەکاتەی لە ماڵ و سامانی خۆمان دەریدەکەین بریتییە لە: 2.5.

**چۆن لێکی بدەینەوە حیسابی بکەین؟**

**بڕەکە لەسەر 40 دابەش دەکەین؟ لە چل بەش بەشێکی لێدەردەکەین، ئەمەش ئەو بڕەیە کە وەك زەکات دەیدەین.**

# ڕۆژوو

**پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموویەتی: (قَالَ اللَّهُ: كُلُّ عَمَلِ ابْنِ آدَمَ لَهُ، إِلَّا الصِّيَامَ، فَإِنَّهُ لِي وَأَنَا أَجْزِي بِهِ، وَالصِّيَامُ جُنَّةٌ، وَإِذَا كَانَ يَوْمُ صَوْمِ أَحَدِكُمْ فَلاَ يَرْفُثْ وَلاَ يَصْخَبْ، فَإِنْ سَابَّهُ أَحَدٌ أَوْ قَاتَلَهُ، فَلْيَقُلْ إِنِّي امْرُؤٌ صَائِمٌ) بوخاری (1904) و موسلیم (1151) گێڕاویانەتەوە. واتە: هەموو کار و کردەوەیەکی ئادەمیزاد بۆ خۆیەتی، تەنها ڕۆژوو نەبێت، ئەو بۆ منە و من پاداشتی (تایبەتی) دەدەمەوە، ڕۆژوو پارێزەرە (لە ئاگری دۆزەخ)، و ئەگەر یەکێکتان بەڕۆژوو بوو، ئەوا با قسەی خراپ و هاتوهاوار نەکات، و ئەگەر یەکێك تانەی لێدا یان شەڕی پێفرۆشت، ئەوا با بڵێت: من کەسێکی بەڕۆژووم.**

ڕۆژووگرتن: ئەوەیە موسڵمان وازبهێنێت لە خواردن و خواردنەوە و ڕۆژووشکێنەکانی دیکە، لە بەیانیەوە تا خۆرئاوابوون، ئەمە لە هەموو ڕۆژێکی مانگی ڕەمەزان فەڕزە.

- پێویستە لەسەر موسڵمان لەکاتی بەڕۆژووبووندا، خۆی بپارێزێتەوە بە ڕەوشتی بەرز و درۆنەکردن، یان خۆدوورگرتن لە کێشەکردن لەگەڵ ئەوانی دیکە.
- بۆ موسڵمان دروست نییە یەك ڕۆژیش لە مانگی ڕەمەزان بەبێ پاساو بەڕۆژوو نەبێت، چونکە ئەگەر هەموو تەمەنی خۆی بەڕۆژوو ببێتەوە، ئەوا قەرەبووی ئەو ڕۆژە ناکاتەوە.
- لە دوو حاڵەتدا بۆمان هەیە چەند ڕۆژێك لە مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو نەبین، لە دوای ڕەمەزان ڕۆژووەکان بگێڕینەوە، ئەویش ئەم دوو حاڵەتەن:

1- نەخۆشبوون.
2- ئەگەر سەفەرمان کرد بۆ شارێکی تر جیاواز لەو شارەی ئێمەی لێی نیشتەجێین.

**ڕۆژووی سوننەت:**

سوننەت: ئەو کارەیە کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات، بەمەبەستی نزیکبوونەوە لە خوای گەورە و دەستخستنی پاداشتی زیاتر.

ئەو ڕۆژانەی سوننەتە موسڵمان تێیاندا بەڕۆژوو بێت، و پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) هانی موسڵمانانی داوە تێیدا بەڕۆژووبن، ئەمانەن:

- بەڕۆژووبوون لە ڕۆژی عەرەفە. کە نۆیەم ڕۆژی مانگی زولحیجەیە.
- بەڕۆژووبوون لە ڕۆژی عاشوڕا، کە دەیەم ڕۆژی مانگی موحەڕەمە.
- بەڕۆژووبوون لە شەش ڕۆژی مانگی شەوال (شەشەڵان).
- بەڕۆژووبوون لە هەموو دوو شەممە و پێنج شەممەیەك.
- بەڕۆژووبوون لە ڕۆژانی سپی، کە دەکاتە 13، 14، 15، هەموو مانگێك.
- زۆر بەڕۆژووبوون لە مانگی موحەڕەم و شەعبان.

## حەج

حەج یەك جار لە ماوەی تەمەندا فەرزە لەسەر هەر موسڵمانێك، کە توانای هەبێت. بەڵام سەبارەت بەوەی توانای بەسەر حەج کردندا نییە، ئەوا گوناهبار نییە. ئەو کەسەش کە زیاد لە جارێك حەج دەکات، ئەوا پاداشتی لای خوایە.

حەج کردن لە مانکی زولحیجەدا دەبێت.

**هەنگاوەکانی حەج:**

1- ئیحڕام بەستن.

2- تەوافی هاتن.
3- هاتوچۆ لە نێوان سەفا و مەڕوە.
4- مانەوە لە مینا.
5- وەستان لە عەرەفە:
6- مانەوە لە موزدەلیفە.
7- ڕەجم کردنی شەیتانی گەورە.
8- سەربڕینی قوربانی.
9- سەرتاشین یان کورتکردن.
10- تەوافی ئیفازە.
11- ڕەجم کردنی سێ شەیتانەکە.
12- تەوافی ماڵئاوایی.

**چۆنیەتی ئەنجامدانی حەج:**

1- ئیحرام بەستن:

بەر لەوەی حاجی بگاتە کەعبەی پیرۆز، لە یەکێك لە شوێنە دیاریکراوەکان ئیحرام دەبەستێت.

مانای ئیحرام: ئەوەیە حاجی خۆی بەدووربگرێت لە سەرتاشین، خۆبۆنخۆش کردن و ڕاوکردن و قسەی نابەجێ.

- سەبارەت بە پیاوان: پۆشاکی دووراو لەبەر ناکەن و سەریان داناپۆشن.
- سەبارەت بە ئافرەتان: ڕووپۆش (نیقاب) بەکارناهێنێت، دەستکێش لەدەست ناکات، بەڵکو دەستەکانی بە پۆڵی درێژ دادەپۆشێت.

2- تەوافی هاتن:

حاجی حەوت جاران بەدەوری کەعبەی پیرۆزدا دەسوڕێتەوە، لە لای بەردە ڕەشەکە دەستپێدەکەن، هەر جارێك کە بەلای بەردەکەدا تێپەڕین، ئەگەر لێیەوە نزیك بوون، ئەوا ماچی دەکەن، و ئەگەر لێیەوە دووربوون، ئەوا دەستی ڕاستیان بەرز دەکەنەوە و دەڵێن: "الله أكبر: خوا گەورەترینە".

3- هاتوچۆ لە نێوان سەفا و مەڕوە:

حاجیەکان لە نێوان سەفا و مەڕوە هاتوچۆ دەکەن، کە دوو کێون دەکەونە لای ڕۆژهەڵاتی کەعبەی پیرۆزەوە. هاتوچۆیەکە حەوت جاران دەبێت، سەرەتا لە سەفاوە دەستی پێدەکرێت، و لە مەڕوە کۆتایی پێدێت.

4- مانەوە لە مینا:

مینا ناوچەیەکە لە نێوان مەککە و کێوی عەرەفات، حاجی شەوێك لەوێ دەمێنێتەوە، بەر لەوەی بچێتە عەرەفات.

5- وەستان لە عەرەفە:

عەرەفە: ناوچەیەکە لە خۆرهەڵاتی شاری مەککە، کێوێکی لێیە، حاجیەکان لە ڕۆژی عەرەفەدا تێیدا دەوەستن، ڕۆژی عەرەفەش ڕۆژی نۆیەمی زولحیجەیە.

6- مانەوە لە موزدەلیفە:

موزدەلیفە: ناوچەیەکە لە نێوان مەککە و عەرەفات، لە باشوری خۆرهەڵاتی مینا.

حاجیەکان شەوێك تیایدا دەمێننەوە، لە دوای وەستانیان لە عەرڕەفات.

7- ڕەجم کردنی شەیتانی گەورە (رمي جمرة العقبة):

سێ حەوز لە ناوچەی مینا هەن، پێیان دەوترێت: (جەمەرات). و (عەقەبەش): یەکێکە لەو حەوزانە.

ڕۆژی یەکەمی جەژن، موسڵمان حەوت وردە بەرد دەگرێتە حەوزی عەقەبە.

8- سەربڕینی قوربانی:

بەشێك لە حاجیەکان قوربانیەکانیان سەردەبڕن، دواتر گۆشتەکانیان بەسەر هەژاراندا دابەش دەکەن.

9- سەرتاشین یان کورتکردن:

حاجیە پیاوەکان سەریان دەتاشن، یان پرچیان کورت دەکەنەوە. بەڵام ئافرەتان تەنها پرچیان کورت دەکەنەوە، ئەگەر کەمێکیش بێت.

10- تەوافی ئیفازە:

حاجیەکان حەوت جاران بەدەوری کەعبەدا دەسوڕێنەوە (تەواف دەکەن)، وەك تەوافی یەکەمیان.

11- مانەوە لە مینا و ڕەجم کردنی سێ شەیتانەکە:

حاجیەکان دەگەڕێنەوە مینا و لەوێ دەمێننەوە، سێ شەیتانەکە ڕەجم دەکەن، کە سێ حەوزن: حەوزی بچوك، دواتر حەوزی ناوەڕاست، ئینجا حەوزی گەورە. ئەمەش لە سێیەم ڕۆژی جەژن دەبێت.

ئەگەر ویستی لەسەر بێت ئەوا دەتوانێ ئەمە لە ڕۆژی چوارەمی جەژنیش دووبارە بکاتەوە.

12- **تەوافی ماڵئاوایی:**

**حاجییەکان بۆ دوایین جار بەدەوری کەعبەی پیرۆزدا دەخولێنەوە، بەر لەوەی لە مەککە بچنە دەرەوە و بگەڕێنەوە ماڵەکانیان.**

# بەشی پێنجەم

# تەفسیر

لەم بەشەدا قوتابی تەفسیری سورەتە کورتەکان دەخوێنێت، لەگەڵ تەفسیری سورەتی فاتیحە و ئایەتی کورسی.
هەروەك لەسەریشی پێویستە لەبەریان بکات.

## تەفسیری سورەتی ( الفاتحة )

﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ﴿1﴾ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿2﴾ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ ﴿3﴾ مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ ﴿4﴾ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴿5﴾ اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ ﴿6﴾ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ ﴿7﴾

**مانای وشەکان:**

﴿الْعَالَمِينَ﴾ جیهانیان و هەموو شتێك جگە لە خوای گەورە. ﴿الصِّرَاطَ﴾ ڕێگا. ﴿الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ﴾ جولەکە. ﴿الضَّالِّينَ﴾ گاور.

**مانای ئایەتەکان:**

﴿ بِسْمِ اللَّهِ ﴾ بە ناوی خواوە دەستپێدەکەم. ﴿ الرَّحْمَنِ ﴾ بەخشندەیە، ﴿ الرَّحِيمِ ﴾ میهرەبانە، بەزەیی بەرامبەر بەندەکانی دەنوێنێ.

﴿ الْحَمْدُ لِلَّهِ ﴾ سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورەیە. ﴿ رَبِّ ﴾ پەروەردگار و بەدیهێنەر و مشورگێڕی کاروبارەکانە. ﴿ الْعَالَمِينَ ﴾ هەموو بەدیهێنراوانە.

﴿ الرَّحْمَنِ ﴾ بەخشندەیە. ﴿ الرَّحِيمِ ﴾ میهرەبانە، بەزەیی بەرامبەر بەندەکانی دەنوێنێت.

﴿ مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ ﴾ خاوەن و کاروباری ڕۆژی دوایی بەدەست ئەوە، خۆی فەرمانڕەوایی و داوەری دەکات لەو ڕۆژەدا.

﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ ﴾ تەنها تۆ دەپەرستین. ﴿ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴾ تەنها پشت بە تۆ دەبەستین.

﴿ اهْدِنَا ﴾ ڕێنوێنیمان بکە و ئاسانکاریمان بۆ بکە بۆ گرتنەبەری، ﴿ الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ ﴾ ڕێگەی ڕاست و ڕەوان و چاك.

﴿ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ ﴾ ڕێگەی ئەوانەی ناز و نیعمەتت لەگەڵ کردوون، لە پێغەمبەران و هاوەڵان و شەهیدان و پیاوچاکان. ﴿ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ ﴾ نەمانخەیتە سەر ڕێگە و ڕێبازی ئەوانەی خەشم و قین لێگیراون، ئەوانیش جولەکەکانن، چونکە حەق و ڕاستیان ناسیوە و شوێنی نەکەوتن ﴿ وَلَا الضَّالِّينَ ﴾ و نەمانخەیتە سەر ڕێگە و ڕێبازی گومڕایان، کە گاورەکانن، ئەوانەی حەق و ڕاستیان نەناسیوە.

## ئایەتی کورسی

﴿ اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ ﴾ البقرة :255.

**واتای وشەکان:**

**﴿ الْقَيُّومُ ﴾ مشوگێڕ و ڕاگر و سەرپەرشتیاری کاروباری بەدیهێنراوەکانیەتی. ﴿ سِنَةٌ ﴾ وەنەوز. ﴿ كُرْسِيُّهُ ﴾ یەکێکە لە بەدیهێنراوانی خوا، کە لە حەوت ئاسمانەکان گەورەترە، هاوشێوەی کورسییە باوەکان نییە. ﴿وَلَا يَئُودُهُ ﴾ ماندووی ناکات.**

**مانای ئایەتەکان:**

**﴿ اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ ﴾ خوای گەورە ئەو خوایەیە کە هیچ خوا و پەرستراوێك نییە بە حەق جگە لەو نەبێت، هەر ئەو شایستەی پەرستنە، ﴿ الْحَيُّ ﴾ زیندووە و نامرێت، ﴿ الْقَيُّومُ ﴾ ڕاگر و مشورگێڕی کاروبارەکانی گەردوون و بەدیهێنراوانە، ﴿ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ ﴾ وەنەوز و بێ ئاگایی دایناگرێت، ﴿ وَلَا نَوْمٌ ﴾ خەویشی لێناکەوێت، ﴿ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ ﴾ هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە هی ئەوە، بەدیهێنراوان هەمووی موڵکی خوان، ﴿ مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلَّا بِإِذْنِهِ ﴾ لە ڕۆژی دواییدا کەس ناتوانێت تکا و**

شەفاعەتی لەلا بکات، مەگەر خوای گەورە خۆی مۆڵەتی پێبدات، ﴿ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ ﴾ زانایە بە ئایندەی خەڵك، ﴿ وَمَا خَلْفَهُمْ ﴾ و زاناشە بە ڕابروویان، ﴿ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ ﴾ هیچ شتێك لە زانستی خوای گەورە نازانن، ﴿ إِلَّا بِمَا شَاءَ ﴾ تەنها ئەوە نەبێت کە خوای گەورە دەیەوێت بیزانن، ﴿ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ﴾ کورسی خوای گەورە کە یەکێکە لە بەدیهێنراوانی خوا ﴿ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ ﴾ دەوری ئاسمانەکان و زەوی داوە، ولەوان گەورەترە، ﴿ وَلَا يَئُودُهُ ﴾ ماندووی ناکات، ﴿ حِفْظُهُمَا ﴾ پاراستنی ئاسمانەکان و زەوی لە داڕوخان و تێکچوون، ﴿ وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ ﴾ و خوای گەورە بەرز و بڵند و گەورەیە.

## سوڕەتی ( الضحى )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ
﴿ وَالضُّحَى ﴿1﴾ وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَى ﴿2﴾ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَى ﴿3﴾
وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَكَ مِنَ الْأُولَى ﴿4﴾ وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَى ﴿5﴾ أَلَمْ
يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَى ﴿6﴾ وَوَجَدَكَ ضَالًّا فَهَدَى ﴿7﴾ وَوَجَدَكَ عَائِلًا فَأَغْنَى ﴿8﴾
فَأَمَّا الْيَتِيمَ فَلَا تَقْهَرْ ﴿9﴾ وَأَمَّا السَّائِلَ فَلَا تَنْهَرْ ﴿10﴾ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ
﴿11﴾ الضُّحَى 1 – 11.

**مانای وشەکان:**

﴿ وَالضُّحَى ﴾ چێشتەنگاو، ﴿ سَجَى ﴾ ئارام بووە و سەقامگیر بوو. ﴿ قَلَى ﴾ توڕەبووە. و ﴿ الْيَتِيمَ ﴾ ئەوەی باوکی مردووە، هێشتا باڵغ نەبووە. ﴿ تَنْهَرْ ﴾ سەرکۆنەکردن و تێهەڵدان.

**مانای ئایەتەکان:**

﴿ وَالضُّحَى ﴾ خوای گەورە سوێندی بە چێشتەنگاو خواردووە، کە بەشێکی ڕۆژە. ﴿ وَاللَّيْلِ ﴾ سوێند بە شەو، ﴿ إِذَا سَجَى ﴾ کاتێك هێور دەبێتەوە و سەقامگیر دەبێت. کاتێك خوای گەورە سوێند دەخوات، ئەوا ئاگادارمان دەکاتەوە، شتێکمان پێدەڵێت، کە گرنگیەکی تایبەتی هەیە. ﴿ مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ ﴾ ئەی موحەممەد (درود و سڵاوی خوای لێبێت) پەروەردگارت تۆی بەجێنەهێشتووە، ﴿ وَمَا قَلَى ﴾ و لە تۆ توڕە نییە، ﴿ وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَكَ مِنَ الْأُولَى ﴾ و بەدڵنیایەوە خۆشی و نیعمەتەکانی دواڕۆژ و بەهەشت، بۆ تۆ چاکترە لە دونیا. ﴿ وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَى ﴾ پەروەردگارت ئەوەندەت پێدەبەخشێت، تا ڕازی دەبیت. ﴿ أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَى ﴾ ئایا بە هەتیوی تۆی نەبینی و پەنای دایت. پێغەرمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) لەدایکبوو، باوکی مرد، دواتر دایکی مرد، خوای گەورە باپیرەی خستە خزمەتیەوە، دواتر مامی گرنگی بە کاروبارەکانیدا. ﴿ وَوَجَدَكَ ضَالًّا ﴾ ئایا تۆی بە سەرگەردانی نەبینی، نەتدەزانی ئیمانی ڕاستەقینە کامەیە. ﴿ فَهَدَى ﴾ ڕێنوێنی کردیت، فێری کردیت و ئاسانکاری بۆ کردیت بەرەو ئیمان. ﴿ وَوَجَدَكَ عَائِلًا ﴾ ئایا تۆی بە هەژاری نەبینیت، ﴿ فَأَغْنَى ﴾ جا دەوڵەمەندی کردیت. و

﴿ فَأَمَّا الْيَتِيمَ ﴾ هەتیو ﴿ فَلَا تَقْهَرْ ﴾ بە توندی ڕەفتاری لەگەڵ مەکە، بەڵکو بەچاکی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکە، هەروەك چۆن کە تۆ هەتیو بوویت و خوای گەورە چاکەی لەگەڵ کردیت.

﴿ وَأَمَّا السَّائِلَ ﴾ ئەو کەسەی داوای شتێکت لێدەکات، کە پێی بدەیت، ﴿ فَلَا تَنْهَرْ ﴾ دەری مەکە و توندوتیژ مەبە لەگەڵی و پێی ببەخشە، یان بە قسەیەکی چاك بیگێڕەوە.

﴿ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ﴾ بۆ خەڵکی بدوێ سەبارەت بە ناز و نیعمەتەکانی پەروەردگارت، کە لەگەڵ تۆی کردووە، لە ڕێنوێنی و فێرکردنی ئاین.

## سورەتی ( الشرح )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ﴿1﴾ وَوَضَعْنَا عَنْكَ وِزْرَكَ ﴿2﴾ الَّذِي أَنْقَضَ ظَهْرَكَ ﴿3﴾ وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ ﴿4﴾ فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا ﴿5﴾ إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا ﴿6﴾ فَإِذَا فَرَغْتَ فَانْصَبْ ﴿7﴾ وَإِلَى رَبِّكَ فَارْغَبْ ﴿8﴾ الشرح: 1 – 8.

**ماناى وشەكان:**

﴿ الوِزْرَ ﴾ کۆڵی گران/ گوناه و تاوان، ﴿ فَانْصَبْ ﴾ هەوڵ بدە.

**ماناى ئایەتەکان:**

﴿ أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ ﴾ ئایا سینەمان گوشاد و ئاسوودە نەکردوویت بە ئیمان، ﴿ وَوَضَعْنَا عَنْكَ وِزْرَكَ ﴾ لە گوناهەکانیشت خۆشنەبووین، واتە: ئەو هەڵانەی کە پێشتر کردووتە، ﴿ الَّذِي أَنْقَضَ ظَهْرَكَ ﴾ کە پشتی تۆیان گران کردبوو، واتە بیرکردنەوەی تۆیان بەخۆوە سەرقاڵ کردبوو، زۆر پەشیمان بووی لەسەری، جا ئەم خەمانە وەك بەرد وابوون کە لەسەر پشت بن، ﴿ وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ ﴾ ناو و ناوبانگی تۆمان بەرز کردۆتەوە لە نێو خەڵکدا، ناوبانگێکی چاکمان پێداویت، بۆ نموونە درودی لەسەر لێدەدەن، و شایەتی دەدەن کە پەیامبەری خوایە، ﴿ فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا ﴾ جا بەدڵنیایەوە لەگەڵ هەر ناخۆشییەك چەندان خۆشی هەن، هەر کە مرۆڤ تووشی تەنگوچەڵەمە هات، ئەوا خوای گەورە کارەکانی بۆ ئاسان دەکات، ﴿ إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا ﴾ ئەمە جەختکردنەوەیە لەوەی پێشوو، ﴿ فَإِذَا فَرَغْتَ فَانْصَبْ ﴾ ئەگەر لە کار تەواو بوویت و کات هەبوو، ئەوا خواپەرستی بکە، ﴿ وَإِلَى رَبِّكَ فَارْغَبْ ﴾ ڕوو بکە پەروەردگارت، لێی نزیك ببەوە بە گوێڕایەڵی کردنی و پاڕانەوە لێی و خوێندنەوەی کتێبەکەی.

**سوود و وەدەستهاتوو:**

پێویستە هەردەم بیر لەوە بکەینەوە چۆن ئەو کاروکردەوانەی ئەنجامیان دەدەین، دەیکەینە هۆکارێك بۆ نزیك بوونەوە لە خوای گەورە، نیاز و مەبەستمان بکەینە نزیکبوونەوە لە خوای گەورە. بۆ نموونە:

- کاتێك گوێڕایەڵی دایك و باوکمان دەبین؛ نیاز و نیەتی نزیکبوونەوە دەهێنین لە خوای گەورە بەو کارەی کردمان، چونکە خوای گەورە فەرمانی پێکردین بە چاکەکردن لەگەڵ دایکان و باوکان.
- کاتێك زوو دەخەوین؛ نیاز و نیەتی ئەوە دەهێنین کە ئەم زوو خەوتنە بۆ ئەوەیە تا بۆ نوێژی بەیانی هەڵبستینەوە.

## سورەتی (التین)

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ
﴿ وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ ﴿1﴾ وَطُورِ سِينِينَ ﴿2﴾ وَهَذَا الْبَلَدِ الْأَمِينِ ﴿3﴾ لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴿4﴾ ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ ﴿5﴾ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ ﴿6﴾ فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِالدِّينِ ﴿7﴾ أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَحْكَمِ الْحَاكِمِينَ ﴿8﴾ التين: 1 – 8.

**مانای وشەکان**

﴿ وَطُورِ سِينِينَ ﴾ کێوی تورِی سینا، ﴿ مَمْنُونٍ ﴾ بڕاوە.

**مانای ئایەتەکان**

﴿وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ﴾ خوای پایەبەرز سوێند بە هەنجیر و زەیتوون دەخوات، کە خۆی بەدیهێناون، هیچ کەسێکیش ناتوانێت بەدیانبهێنێت، سەرباری سادەیی شێوە و بچوکی قەبارەکەیان. ﴿ وَطُورِ سِينِينَ ﴾ و سوێندی بە کێوی

توڕ خواردووه، ئەو كێوەیە كە خوای گەورە لەسەری گفتوگۆی لەگەل موسا (سڵاوی خوای لێبێت) كرد. ﴿ وَهَٰذَا الْبَلَدِ الْأَمِينِ ﴾ و سوێندی بە شاری ئەمین خواردووە، کە شاری مەککەی پیرۆزە.

﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴾ بەدڵنیایەوە مرۆڤمان بە جوانترین شێوە بەدیهێناوە، کە گونجاوە بۆ ئەرکەکانی ژیانی. ﴿ ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ ﴾ دواتر کاتێك مرۆڤ گەورە دەبێت و نەخۆش دەکەوێت، و سوود لە تەندروستی خۆی وەرناگرێت بۆ خواپەرستی کردن، ئەوا پەشیمان دەبێتەوە و دوارۆژی خۆیشی دەدۆڕێنێت.

﴿ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ ﴾ تەنها ئەوانە نەبن کە باوەڕیان هێناوە و کار و کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە، ﴿ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ ﴾ ئا ئەوانە پاداشتێکی نەبڕاوەیان بۆ هەیە. ﴿ فَمَا يُكَذِّبُكَ بَعْدُ بِالدِّينِ ﴾ جا ئەی مرۆڤ چی وای لێکردووی دوای ئەم هەموو بەڵگە و ناز و نیعمەتانە باوەڕت بە ڕۆژی دوایی نەبێت؟ ﴿ أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَحْكَمِ الْحَاكِمِينَ ﴾ ئایا خوای گەورە چاکترین فەرمانڕەوا نییە، جا چۆن بەندەکانی فەرامۆش دەکات بەبێ ئەوەی لێپرسینەوەیەکی دادگەرانەیان لەگەڵ نەکات.

## سوڕەتی ( العلق )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ﴿1﴾ خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ ﴿2﴾ اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ ﴿3﴾ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ ﴿4﴾ عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴿5﴾ كَلَّا إِنَّ الْإِنْسَانَ لَيَطْغَى ﴿6﴾ أَنْ رَآَهُ اسْتَغْنَى ﴿7﴾ إِنَّ إِلَى رَبِّكَ الرُّجْعَى ﴿8﴾ أَرَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَى ﴿9﴾ عَبْدًا إِذَا صَلَّى ﴿10﴾ أَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ عَلَى الْهُدَى ﴿11﴾ أَوْ أَمَرَ بِالتَّقْوَى ﴿12﴾ أَرَأَيْتَ إِنْ كَذَّبَ وَتَوَلَّى ﴿13﴾ أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى ﴿14﴾ كَلَّا لَئِنْ لَمْ يَنْتَهِ لَنَسْفَعَنْ بِالنَّاصِيَةِ ﴿15﴾ نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ ﴿16﴾ فَلْيَدْعُ نَادِيَهُ ﴿17﴾ سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ ﴿18﴾ كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَاسْجُدْ وَاقْتَرِبْ ﴿19﴾

**ماناى وشەكان:**

**﴿ عَلَقٍ ﴾ پارچە خوێنێكى مەییوە لە ناو منداڵدانى ئافرەتدا. ﴿ لَنَسْفَعَنْ ﴾ ڕایدەكێشین. ﴿ بِالنَّاصِيَةِ ﴾ نێوچەوان. ﴿ نَادِيَهُ ﴾ هاومەجلیس و هاوبیرەكانى. ﴿ الزَّبَانِيَةَ ﴾ فریشتە سەرپەرشتیارەكانى دۆزەخ.**

**ماناى ئایەتەكان:**

﴿ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ ﴾ بخوێنەوە بەناوی ئەو پەروەردگارەتەوە کە هەموو بەدیهێنراوانی لە نەبوونەوە بەدیهێناوە. ﴿ خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ ﴾ مرۆڤی لە پارچە خوێنێکی مەییو بەدیهێناوە. ﴿ اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ ﴾ بخوێنەوە، لەکاتێکدا پەروەردگاری تۆ بەخشندەیە. ﴿ الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ ﴾ ئەو پەروەردگارەی کە بە پێنووس و زانست و زانیاری فێر کردووە. ﴿ عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ ﴾ ئادەمیزادی فێری ئەو شتانە کردووە کە نەیزانیوە. ﴿ كَلَّا إِنَّ الْإِنْسَانَ لَيَطْغَى ﴾ نا بەڵکو مرۆڤ یاخی دەبێ. ﴿ أَنْ رَآهُ اسْتَغْنَى ﴾ هەر کاتێك بینی دەوڵەمەند بووە. ﴿ إِنَّ إِلَى رَبِّكَ الرُّجْعَى ﴾ بەدڵنیایەوە گەڕانەوە هەر بۆ لای پەروەردگاری تۆیە.

﴿ أَرَأَيْتَ الَّذِي يَنْهَى ﴾ ئایا ئەو کەسەت نەبینیوە کە ڕێگری دەکات (کە ئەبو جەهلە). ﴿ عَبْدًا إِذَا صَلَّى ﴾ لە بەندەیەکی خوا (کە پێغەمبەری خوایە - درود و سڵاوی خوای لێبێت -) کاتێك نوێژ دەکات. ﴿ أَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ عَلَى الْهُدَى ﴾ ئەی ئەگەر ئەو بەندەیە لەسەر ڕێگەس ڕاست بێت. ﴿ أَوْ أَمَرَ بِالتَّقْوَى ﴾ یان فەرمان بە لەخواترسان بکات. ﴿ أَرَأَيْتَ إِنْ كَذَّبَ وَتَوَلَّى ﴾ ئەی ئەگەر (کەسی خواناس) بەرنامەی خوا بەدرۆ بزانێت و پشتی تێبکات. ﴿ أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى ﴾ ئایا نەیزانیوە کە خوای گەورە دەیبینێت و ئاگاداریەتی. ﴿ كَلَّا لَئِنْ لَمْ يَنْتَهِ لَنَسْفَعًا بِالنَّاصِيَةِ ﴾ نا بەپێچەوانەوە، ئەگەر (ئەبو جەهل) وازنەهێنێت، ئەوا بەدڵنیایەوە بە پێشە سەر و نێوچەوانی دەگرین ( و بەرەو دۆزەخ ڕاپێچی دەکەین ) ﴿ نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ﴾ ئەو

**پێشه سەر و نێوچەوانە درۆزنە هەڵەکار و گوناهکارە. ﴿ فَلْيَدْعُ نَادِيَهُ ﴾ ئەوا با هاوبیر و هاومەجلیسەکانی بانگ بکات (و بۆ پشتیوانی خۆی لە دژی باوەڕداران کۆیان بکاتەوە). ﴿ سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ ﴾ ئێمەش فریشتە سەرپەرشتیارەکانی دۆزەخی بۆ بانگ دەکەین. ﴿ كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَاسْجُدْ وَاقْتَرِبْ ﴾ نا بە گوێی (ئەبو جەهل و هاوبیرانی) مەکە، سوژدە ببە و لە خوای گەورە نزیك ببەوە بە (خواپەرستی و چاکەکاری).**

## سوڕەتی ( القدر )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ ﴿1﴾ وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ ﴿2﴾ لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ ﴿3﴾ تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِمْ مِنْ كُلِّ أَمْرٍ ﴿4﴾ سَلَامٌ هِيَ حَتَّى مَطْلَعِ الْفَجْرِ ﴿5﴾

**مانای ئایەتەکان:**

**﴿ إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ ﴾ بەدڵنیایەوە ئێمە قورئانمان لە شەوی قەدردا دابەزاند. ﴿ وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ ﴾ جا تۆ چووزانی شەو قەدر کامەیە (چ خێر و بەرەکەتێکی تێدایە). ﴿ لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ ﴾ شەوی قەدر**

لە هەزار مانگ خێری زیاترە (واتە خواپەرستی لەو شەوەدا پاداشتی بێ ئەندازەیە). ﴿ تَنَزَّلُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ فِيهَا بِإِذْنِ رَبِّهِمْ مِنْ كُلِّ أَمْرٍ ﴾ لەم شەوەدا فریشتەکانکە جبریلیشیان لە نێودایە، دادەبەزن بە مۆڵەتی پەروەردگاریان، بە جۆرەها کار و فرمان. ﴿ سَلَامٌ هِيَ حَتَّى مَطْلَعِ الْفَجْرِ ﴾ ئەم شەوە ئاسوودەیی و ئاشتی و میهرەبانی تێدایە تا کاتی بەرەبەیان.

**سوود و وەدەستهاتوو:**

کاتی شەوی قەدر نەزانراوە، لەوانەی شەوی 25 مانگی ڕەمەزان بێت، و لەوانەشە هەر شەوێك بێت لە دە شەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزان، ڕای هەرە ناودار ئەوەیە کە شەوی 27 مانگی ڕەمەزان شەوی قەدرە، لەوانەشە شەوی 29 شەوی قەدر بێت.

## سوڕەتی ( البينة )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ لَمْ يَكُنِ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ مُنْفَكِّينَ حَتَّى تَأْتِيَهُمُ الْبَيِّنَةُ ﴿1﴾ رَسُولٌ مِنَ اللَّهِ يَتْلُو صُحُفًا مُطَهَّرَةً ﴿2﴾ فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ ﴿3﴾ وَمَا تَفَرَّقَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ إِلَّا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَةُ ﴿4﴾ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ

مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ ﴿5﴾
إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أُولَئِكَ
هُمْ شَرُّ الْبَرِيَّةِ ﴿6﴾ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أُولَئِكَ هُمْ خَيْرُ الْبَرِيَّةِ
﴿7﴾ جَزَاؤُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا
رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ ذَلِكَ لِمَنْ خَشِيَ رَبَّهُ ﴿8﴾

**ماناى وشەكان:**

**﴿ أَهْلِ الْكِتَابِ ﴾ خاوەن کتێبەکان: جولەکە و گاورەکانن. ﴿حُنَفَاءَ﴾ یەکخواناسن: دوورن لە هاوبەش و هاوەڵدانان بۆ خوای گەورە. ﴿الْبَرِيَّةِ﴾ بوونەوەر، بەدیهێنراوان، خەڵکی سەر زەوی.**

**ماناى ئایەتەکان:**

﴿ لَمْ يَكُنِ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ مُنْفَكِّينَ حَتَّى تَأْتِيَهُمُ الْبَيِّنَةُ ﴾ و ئەوانەی بێ باوەڕ بوون لە خاوەن کتێبەکان (جولەکە و گاورەکان) لەگەڵ هاوبەشدانەران، وازیان لە بیروباوەڕی خۆیان نەهێنا، هەتا بەڵگە و نیشانەی ڕوون و ئاشکرایان بۆ نەهات (دەربارەی دواهەمین پێغەمبەر). ﴿ رَسُولٌ مِنَ اللَّهِ يَتْلُو صُحُفًا مُطَهَّرَةً ﴾ (ئەویش) پێغەمبەرێکە لەلایەن خواوە کتێب و نامەی پاك و بێگەرد دەخوێنێتەوە (بەسەریاندا کە قورئانە). ﴿ فِيهَا كُتُبٌ قَيِّمَةٌ ﴾ چەندەها پەیام و فەرمانی پڕ لە ڕێنموویی بە نرخی تێدایە. ﴿ وَمَا تَفَرَّقَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ إِلَّا مِنْ بَعْدِ مَا

جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَةُ ﴾ جا خاوەن کتێبەکان پەرتەوازە نەبوون بۆ چەندین دەستە و تاقم، تەنها دوای ئەوە نەبێت کە بەڵگە و نیشانەی ئاشکرایان بۆ هات (دەربارەی پێغەمبەر و قورئان). ﴿ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ ﴾ و فەرمانیشیان پێنەدرا بوو جگە لەوەی کە خواپەرستن بەدڵسۆزی و ملکەچی فەرمانبەرداری ئاین و بەرنامەکە بن و یەکخواناس بن و خۆیان لە هاوبەشدانان بەدووی بگرن. و نوێژ بکەن و زەکاتیش بدەن، ئا ئەمە ئاینی ڕاست و سەنگینە.

**﴿ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أُولَئِكَ هُمْ شَرُّ الْبَرِيَّةِ ﴾ بەڕاستی ئەوانەی بێ باوەڕبوون، لە خاوەن کتێبەکان (لە جولەکە و گاورەکان) و هاوبەشدانەران، لە ناو ئاگری دۆزەخدان بۆ تا هەتایە ژیانی نەبڕاوەی تێدا دەبەنەسەر، ئا ئەوانە خراپترین خەڵکی سەر زەوین.**

**﴿ إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أُولَئِكَ هُمْ خَيْرُ الْبَرِيَّةِ ﴾ بێ گومان ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، و کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە، ئا ئەوانە باشترین خەڵکی سەر زەوین. ﴿ جَزَاؤُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ ذَلِكَ لِمَنْ خَشِيَ رَبَّهُ ﴾ پاداشتیان لای پەروەردگاریان بەهەشتی پڕ لە باغی چڕ و پڕە، کە**

چەندەها ڕووبار بە ژێریدا دەڕۆن، خوا لەوان ڕازییە، ئەوانیش لێی ڕازین، ئا ئەمە بۆ ئەوانەیە کە لە پەروەردگاریان ترساون و پارێزکارن.

## سوڕەتی ( الزلزلة )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ إِذَا زُلْزِلَتِ الْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ﴿1﴾ وَأَخْرَجَتِ الْأَرْضُ أَثْقَالَهَا ﴿2﴾ وَقَالَ الْإِنْسَانُ مَا لَهَا ﴿3﴾ يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا ﴿4﴾ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَى لَهَا ﴿5﴾ يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ النَّاسُ أَشْتَاتًا لِيُرَوْا أَعْمَالَهُمْ ﴿6﴾ فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ ﴿7﴾ وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ ﴿8﴾

**مانای وشەکان:**

**﴿زُلْزِلَتِ﴾ کاتێك دێتە لەرزین. ﴿ أَشْتَاتًا ﴾ پەرت و بڵاو.**

**مانای ئایەتەکان:**

**﴿ إِذَا زُلْزِلَتِ الْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ﴾ کاتێك زەوی دەهێنرێتە لەرزە و بوومەلەرزە زۆر بەهێزەکە دەیگرێت. ﴿ وَأَخْرَجَتِ الْأَرْضُ أَثْقَالَهَا ﴾ زەوی هەرچی کەرستە و ماددەی قوڕسە لە ناوناخی خۆیدا دەردەداتە دەرەوە. ﴿ وَقَالَ**

الْإِنْسَانُ مَا لَهَا ﴾ و ئەو کاتە مرۆڤ دەڵێت ئەوە چیەتی و بۆ وایلێدێ. ﴿ يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا ﴾ ئەو ڕۆژە زەوی هەواڵەکانی خۆی دەگێڕێتەوە. ﴿ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَى لَهَا ﴾ لەبەر ئەوەی پەروەردگارت فەرمانی پێکردووە.

﴿ يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ النَّاسُ أَشْتَاتًا لِيُرَوْا أَعْمَالَهُمْ ﴾ ئەو ڕۆژە خەڵکی بە پەرش و بڵاوی بەرەو گۆڕەپانی لێپرسینەوە دەردەچن، تا کاروکردەوەکانیان ببینن. ﴿ فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ ﴾ جا هەر کەسێك بە ئەندازەی گەردیلەیەك خێر و چاکەی کردبێت، ئەوا دەیبینێتەوە. ﴿ وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ ﴾ و ئەوەی بە ئەندازەی گەردیلەیەك خراپە بکات، ئەوا دەیبینێتەوە.

## سورەتی ( العادیات )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَالْعَادِيَاتِ ضَبْحًا ﴿1﴾ فَالْمُورِيَاتِ قَدْحًا ﴿2﴾ فَالْمُغِيرَاتِ صُبْحًا ﴿3﴾ فَأَثَرْنَ بِهِ نَقْعًا ﴿4﴾ فَوَسَطْنَ بِهِ جَمْعًا ﴿5﴾ إِنَّ الْإِنْسَانَ لِرَبِّهِ لَكَنُودٌ ﴿6﴾ وَإِنَّهُ عَلَى ذَلِكَ لَشَهِيدٌ ﴿7﴾ وَإِنَّهُ لِحُبِّ الْخَيْرِ لَشَدِيدٌ ﴿8﴾ أَفَلَا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِي الْقُبُورِ ﴿9﴾ وَحُصِّلَ مَا فِي الصُّدُورِ ﴿10﴾ إِنَّ رَبَّهُمْ بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَخَبِيرٌ ﴿11﴾

**مانای ڕستەکان:**

﴿ وَالْعَادِيَاتِ ضَبْحًا ﴾ سوێند بەو ئەسپانەی نرکە و ناڵەیان دێت کاتێك لە تێکۆشاندان لە پێناوی خوادا. ﴿ فَالْمُورِيَاتِ قَدْحًا ﴾ و سوێند بەو ئەسپانەی بریسکەی ئاگر لە شوێنی سمەکانیانەوە دەردەچێت. ﴿ فَالْمُغِيرَاتِ صُبْحًا ﴾ و سوێند بەو ئەسپانەی کە لەبەرەبەیاندا هێرش دەبەنەسەر دوژمن. ﴿ فَأَثَرْنَ بِهِ نَقْعًا ﴾ جا دەبنە هۆی دروستبوونی تەپ و تۆز. ﴿ فَوَسَطْنَ بِهِ جَمْعًا ﴾ لەو کاتەدا خۆیان بە ناو جەرگەی دوژمندا دەکەن.

﴿ إِنَّ الْإِنْسَانَ لِرَبِّهِ لَكَنُودٌ ﴾ بەڕاستی مرۆڤ سپڵە و ناسوپاسگوزارە بەرامبەر بە پەروەردگاری. ﴿ وَإِنَّهُ عَلَى ذَلِكَ لَشَهِيدٌ ﴾ و خۆیشی لەسەر ئەمە شایەتە. ﴿ وَإِنَّهُ لِحُبِّ الْخَيْرِ لَشَدِيدٌ ﴾ و لە خۆشویستنی ماڵ و سامانادا زۆر بە تینە. ﴿ أَفَلَا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِي الْقُبُورِ ﴾ ئایا مرۆڤ نازانێت کاتێك زیندووکرانەوە و لە گۆڕەکانیان هێنرانە دەرەوە (چی ڕوودەدات). ﴿ وَحُصِّلَ مَا فِي الصُّدُورِ ﴾ و هەرچیش لە سینەکاندایە، لە کارنامەی تۆمارکراودا خرانەڕوو. ﴿10﴾ إِنَّ رَبَّهُمْ بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَخَبِيرٌ ﴾ بەڕاستی پەروەردگاریان لەو ڕۆژەدا شارەزا و ئاگاداریانە و بەوردی لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکات.

## سورەتی ( القارعة )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ الْقَارِعَةُ ﴿1﴾ مَا الْقَارِعَةُ ﴿2﴾ وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْقَارِعَةُ ﴿3﴾ يَوْمَ يَكُونُ النَّاسُ كَالْفَرَاشِ الْمَبْثُوثِ ﴿4﴾ وَتَكُونُ الْجِبَالُ كَالْعِهْنِ الْمَنْفُوشِ ﴿5﴾ فَأَمَّا مَنْ ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ ﴿6﴾ فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَاضِيَةٍ ﴿7﴾ وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ ﴿8﴾ فَأُمُّهُ هَاوِيَةٌ ﴿9﴾ وَمَا أَدْرَاكَ مَا هِيَهْ ﴿10﴾ نَارٌ حَامِيَةٌ ﴿11﴾

**مانای ئایەتەکان:**

**﴿ الْقَارِعَةُ ﴾ ئەلقاریعە، ئەو گرمەیەی ڕۆژی دوایی، کە دڵان دەلەرزێنێت. ﴿ مَا الْقَارِعَةُ ﴾ ئایا دەزانی ئەلقاریعە چییە؟ ﴿ وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْقَارِعَةُ ﴾ جا تۆ چوزانی ئەلقاریعە چییە؟ ﴿ يَوْمَ يَكُونُ النَّاسُ كَالْفَرَاشِ الْمَبْثُوثِ ﴾ ئەو ڕۆژە خەڵك وەك پەپولە پەرش و بڵاو دەبن. ﴿ وَتَكُونُ الْجِبَالُ كَالْعِهْنِ الْمَنْفُوشِ ﴾ کێوەکان وەك خوری شیکراوەیان لێدێت. ﴿ فَأَمَّا مَنْ ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ ﴾ جا ئەوەی تای تەرازووی چاکەکانی گران بێت. ﴿ فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَاضِيَةٍ ﴾ ئەوا لە ژیانێکی ئەوەندە خۆشدایە کە پێی ڕازیە. ﴿ وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ ﴾ و ئەوەش کە تای تەرازووی چاکەکانی سووك بێت. ﴿ فَأُمُّهُ**

هَاوِيَةٌ ﴾ ئەوا جێگە و پەناگەی دۆزەخە. ﴿ وَمَا أَدْرَاكَ مَا هِيَهْ ﴾ جا تۆ چوزانی هاویە چییە؟ ﴿ نَارٌ حَامِيَةٌ ﴾ ئاگرێکی سوتێنەر و بڵێسەدارە.

## سورەتی ( التكاثر )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ أَلْهَاكُمُ التَّكَاثُرُ ﴿1﴾ حَتَّى زُرْتُمُ الْمَقَابِرَ ﴿2﴾ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿3﴾ ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴿4﴾ كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ الْيَقِينِ ﴿5﴾ لَتَرَوُنَّ الْجَحِيمَ ﴿6﴾ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ الْيَقِينِ ﴿7﴾ ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ ﴿8﴾

**ماناى ئايەتەكان:**

﴿ أَلْهَاكُمُ التَّكَاثُرُ ﴾ ( ئەی خەڵکینە ) پێشبڕکێتان بۆ زۆرکردنی ( ماڵ و سامان و..هتد ) ئێوەی بێ ئاگا کردووە لە خواناسی و خواپەرستی. ﴿ حَتَّى زُرْتُمُ الْمَقَابِرَ ﴾ تا ئەو کاتەی دەمرن و دەبرێنە گۆڕستان. ﴿ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾ نا بەڵکو لەمەودوا دەزانن (چۆن خۆتان لەخشتە بردووە). ﴿ ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ﴾ دووبارە، نا بەڵکو لەمەودوا دەزانن (کە چۆن خۆتان لەخشتە بردووە). ﴿ كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ الْيَقِينِ ﴾ نا بە پێچەوانەوە ئەگەر ئێوە بە دڵنیایەکی تەواو دەتانزانی (ئەوا بەم جۆرە بێ ئاگا نەدەبوون). ﴿

لَتَرَوُنَّ الْجَحِيمَ ﴾ سوێند بێت بە گەورەیی خۆم دۆزەخ دەبینن. ﴿ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ الْيَقِينِ ﴾ دووبارە دۆزەخ بە چاوی سەرتان دەبینن. ﴿ ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ ﴾ پاشان سوێند بە گەورەیی خۆم، ئەو ڕۆژە (کە ڕۆژی دواییە) پرسیارتان لێدەکرێت دەربارەی ناز و نیعمەت و خۆشییەکانی ژیانی دونیا.

## سوڕەتی ( العصر )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ وَالْعَصْرِ ﴿1﴾ إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ ﴿2﴾ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ ﴿3﴾

**مانای ڕستەکان:**

﴿ وَالْعَصْرِ ﴾ سوێند بە چەرخ و زەمانە و کاتی ئێوارە (عەسر). ﴿ إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ ﴾ بە ڕاستی مرۆڤ لە زیانمەندیدایە. ﴿ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ ﴾ تەنها ئەوانە نەبن کە باوەڕیان هێناوە و کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە، و ئامۆژگاری یەکتر دەکەن بۆ پابەندبوون بە حەق و ڕاستیەوە، و ئامۆژگاری یەکتریش دەکەن تا هەردەم ئارامگربن.

## سوڕەتی ( الهمزة )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ وَيْلٌ لِكُلِّ هُمَزَةٍ لُمَزَةٍ ﴿1﴾ الَّذِي جَمَعَ مَالًا وَعَدَّدَهُ ﴿2﴾ يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُ أَخْلَدَهُ ﴿3﴾ كَلَّا لَيُنْبَذَنَّ فِي الْحُطَمَةِ ﴿4﴾ وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْحُطَمَةُ ﴿5﴾ نَارُ اللَّهِ الْمُوقَدَةُ ﴿6﴾ الَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى الْأَفْئِدَةِ ﴿7﴾ إِنَّهَا عَلَيْهِمْ مُؤْصَدَةٌ ﴿8﴾ فِي عَمَدٍ مُمَدَّدَةٍ ﴿9﴾

**ماناى ئايەتەكان:**

**﴿ وَيْلٌ لِكُلِّ هُمَزَةٍ لُمَزَةٍ ﴾ هاوار بۆ ئەو کەسەی تانە و تەشەر لە خەڵك دەدات و بەدوای کەموکورتیانەوەیە و بە پاشەملە باسیان دەکات. ﴿ الَّذِي جَمَعَ مَالًا وَعَدَّدَهُ ﴾ ئەو کەسەی ماڵ و سامانی کۆکردۆتەوە و سەرقاڵی ژماردنیەتی. ﴿ يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُ أَخْلَدَهُ ﴾ وا گومان دەبات کە ماڵ و سامانەکەی بە نەمری دەیهێڵێتەوە. ﴿ كَلَّا لَيُنْبَذَنَّ فِي الْحُطَمَةِ ﴾ نا سوێند بە گەورەیی خۆم، بە سووکی و ڕیسوایی فڕێدەدرێنە ناو ئاگری بڵێسەدار (حوتەمە)ـەوە. ﴿ وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْحُطَمَةُ ﴾ و تۆ چوزانی حوتەمە چییە؟ ﴿ نَارُ اللَّهِ الْمُوقَدَةُ ﴾ بریتییە لە ئاگری بڵێسەداری خوای گەورە. ﴿ الَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى الْأَفْئِدَةِ ﴾ ئەو ئاگریە دڵ و دەروون هەڵدەقرچێنێت و دەیسوتێنێت. ﴿**

﴿ إِنَّهَا عَلَيْهِمْ مُؤْصَدَةٌ ﴾ بەدڵنیایەوە ئەم ئاگرە لەسەریان داخراوە و ناتوانن لێی دەرباز بن. ﴿ فِي عَمَدٍ مُمَدَّدَةٍ ﴾ ( لە ناو ئەم ئاگرەدا ) لە ناو چەند ستوونێکی ئاگرینی دوور و درێژدان.

## سورەتی ( الفيل )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ ﴿1﴾ أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ ﴿2﴾ وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ ﴿3﴾ تَرْمِيهِمْ بِحِجَارَةٍ مِنْ سِجِّيلٍ ﴿4﴾ فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَأْكُولٍ ﴿5﴾

**ماناى ئايەتەكان:**

﴿ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصْحَابِ الْفِيلِ ﴾ ئەی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت) ئایا نەتڕوانیوە و نەتزانیوە، پەروەردگارت چی بەسەر خاوەن فیلەکان هێنا و چی پێیان کرد. ﴿ أَلَمْ يَجْعَلْ كَيْدَهُمْ فِي تَضْلِيلٍ ﴾ ئایا پیلانەکانیان پوچەڵ نەکردەوە و سەری لێنەشێواندن. ﴿ وَأَرْسَلَ عَلَيْهِمْ طَيْرًا أَبَابِيلَ ﴾ و باڵندەی ئەبابیلی نەناردە سەریان. ﴿ تَرْمِيهِمْ بِحِجَارَةٍ مِنْ سِجِّيلٍ

﴿ تا به بەردی (وەك خشتی سوورەوەكراو) بەردبارانیان بكەن. ﴿ فَجَعَلَهُمْ كَعَصْفٍ مَأْكُولٍ ﴾ سەرئەنجام وەك پوش و پەڵاش و كای لێكردن.

## سوڕەتی ( قریش )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ لِإِيلَافِ قُرَيْشٍ ﴿1﴾ إِيلَافِهِمْ رِحْلَةَ الشِّتَاءِ وَالصَّيْفِ ﴿2﴾ فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَذَا الْبَيْتِ ﴿3﴾ الَّذِي أَطْعَمَهُمْ مِنْ جُوعٍ وَآَمَنَهُمْ مِنْ خَوْفٍ ﴿4﴾

**مانای ئایەتەكان:**

﴿ لِإِيلَافِ قُرَيْشٍ ﴾ لەبەر ئەوەی قوڕەیش هۆگربووە. ﴿ إِيلَافِهِمْ رِحْلَةَ الشِّتَاءِ وَالصَّيْفِ ﴾ هۆگربووە بە كاروانی زستانە و كاروانی هاوینە (بۆ بازرگانی). ﴿ فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَذَا الْبَيْتِ ﴾ كەواتە با پەروەردگاری ئەم ماڵە پیرۆز (كە كەعبەی پیرۆزە) بپەرستن. ﴿ الَّذِي أَطْعَمَهُمْ مِنْ جُوعٍ وَآَمَنَهُمْ مِنْ خَوْفٍ ﴾ ئەو پەروەردگارەی كە خۆراكی پێدان و لە برسێتی پاراستنی، و لە ترس و بیمدا پاراستوونی و ئاسایشی بۆ دابین كردوون.

## سورەتی ( الماعون )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ ﴿1﴾ فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ ﴿2﴾ وَلَا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ ﴿3﴾ فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ ﴿4﴾ الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ﴿5﴾ الَّذِينَ هُمْ يُرَاءُونَ ﴿6﴾ وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ ﴿7﴾

**ماناى ئايەتەكان:**

**﴿ أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ ﴾ ئايا ئەو كەسەت بینیوە كە ئاینی خوا بەدرۆ دەزانێت و باوەڕی پێناهێنێت. ﴿ فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ ﴾ جا ئەوە ئەو كەسەیە كە پاڵ بە هەتیوەوە دەنێت. ﴿ وَلَا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ ﴾ و هانی كەس نادات بۆ خواردن بەخشین بە هەژاران و نەداران. ﴿ فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ ﴾ جا هاوار بۆ نوێژكەرەكان، ﴿ الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ﴾ ئەو نوێژكەرانەی بێ ئاگان لە نوێژەكانیان. ﴿ الَّذِينَ هُمْ يُرَاءُونَ ﴾ ئەوانەی كە ڕیابازن. ﴿ وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ ﴾ ڕێگریش لە هەموو چاكە و یارمەتی و كۆمەكی و هاوكارییەك دەكەن.**

## **سورەتی** ( الكوثر )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ ﴿1﴾ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ ﴿2﴾ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ ﴿3﴾

**مانای ئایەتەکان:**

**﴿ إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ ﴾ ئەی مومەحممەد (درود و سڵاوی خوای لێبێت) بەڕاستی ئێمە خێر و چاکەی زۆرمان پێدای، لە نێویاندا ڕووباری کەوسەر لە بەهەشت. ﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ ﴾ جا نوێژ بۆ پەروەردگارت بکە و قوربانیش بکە. ﴿ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ ﴾ بەدڵنیایەوە دوژمنان و ناحەزانت دوابڕاون (لە دونیا و دواڕۆژدا).**

## سوڕەتی ( الكافرون )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ ﴿1﴾ لَا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ﴿2﴾ وَلَا أَنْتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ ﴿3﴾ وَلَا أَنَا عَابِدٌ مَا عَبَدْتُمْ ﴿4﴾ وَلَا أَنْتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ ﴿5﴾ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ ﴿6﴾

**مانای ئایەتەکان:**

**﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ ﴾ ئەی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت) بڵێ: ئەی بێ باوەڕان. ﴿ لَا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ ﴾ من هەرگیز ئەو شتانە ناپەرستم، کە ئێوە دەیپەستن. ﴿ وَلَا أَنْتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ ﴾ و ئێوەش ئەوە ناپەرستن، کە من دەیپەرستم. ﴿ وَلَا أَنَا عَابِدٌ مَا عَبَدْتُمْ ﴾ و من هەرگیز ئەو شتانە ناپەرستم، کە ئێوە پەرستووتانە. ﴿ وَلَا أَنْتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ ﴾ و ئێوەش ئەوە ناپەرستن کە من دەیپەرستم. ﴿ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ ﴾ ئاینی خۆتان بۆ خۆتان و ئاینی خۆم بۆ خۆم (من لە لێتان بەریم).**

## سورەتی ( النصر )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ إِذَا جَاءَ نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ ﴿1﴾ وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجًا ﴿2﴾ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُ كَانَ تَوَّابًا ﴿3﴾

**ماناى ئايەتەكان:**

**﴿ إِذَا جَاءَ نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ ﴾ كاتێك كۆمەكى و پشتیوانى خوا دێت، شارى مەككەى پیرۆز ڕزگار دەكرێت و دەرگاى والا دەكرێت. ﴿ وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجًا ﴾ و خەڵكیشت بینى كۆمەڵ كۆمەڵ دەچنە ڕیزى ئاینى خواوە. ﴿ فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُ كَانَ تَوَّابًا ﴾ ئەو كاتە سوپاس و ستایشى پەروەردگارت بكە و داواى لێخۆشبوونى لێ بكە، چونكە بەڕاستى تۆبەوەرگرە.**

## سورەتی ( المسد )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ ﴿1﴾ مَا أَغْنَى عَنْهُ مَالُهُ وَمَا كَسَبَ ﴿2﴾ سَيَصْلَى نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ ﴿3﴾ وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ ﴿4﴾ فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِنْ مَسَدٍ ﴿5﴾

**ماناى ئایەتەکان:**

**﴿ تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ ﴾ دەستەکانی بشکێت ئەبو لەهەب و ڕیسوا بێت، ئاشکرایە هەر ڕیسواش دەبێت. ﴿ مَا أَغْنَى عَنْهُ مَالُهُ وَمَا كَسَبَ ﴾ ماڵ و سامان و دەستکەوتەکانی فریای نەکەوت. ﴿ سَيَصْلَى نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ ﴾ لە ئایندەدا دەخرێتە ناو ئاگرێکی بڵێسەدارەوە. ﴿ وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ ﴾ ژنەکەشی کە هەمیشە هەڵگری کۆڵەدارە (ئازاری پێغەمبەر – درود و سڵاوی خوای لێبێت – دەدات). ﴿ فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِنْ مَسَدٍ ﴾ گوریسێکی چنراوی ڕەق لە گەردەنیایەتی.**

## سورەتی ( الإخلاص )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴿1﴾ اللَّهُ الصَّمَدُ ﴿2﴾ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴿3﴾ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ ﴿4﴾

**ماناى ئايەتەكان:**

**﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴾ (ئەى موحەممەد – درود و سڵاوى خواى لێبێت -، ئەى باوەڕدار) بڵێ: ئەو خوايەى كە ناوى (الله)يە خوايەكى تاك و تەنهايە (بێ هاوەڵ و هاوتا و هاوبەشە). ﴿ اللَّهُ الصَّمَدُ ﴾ خواى گەورە كە ناوى (الله)يە پێويستى بە كەس نييە و هەمووان پێويستيان بەوە، دەسەڵاتدار و پايەدارە. ﴿ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴾ هيچ كەسى لێنەبووە و خۆيشى لە كەس نەبووە. ﴿ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ ﴾ هەرگيز هاوتا و هاوشيوە و فەرمانڕەوايەكى تر نييە كە هاوشانى بێت و لەبەرامبەريەوە بوەستێت.**

## سوڕەتی ( الفلق )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ ﴿1﴾ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ ﴿2﴾ وَمِنْ شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ﴿3﴾ وَمِنْ شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ ﴿4﴾ وَمِنْ شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴿5﴾

**ماناى ئايەتەكان:**

**﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ ﴾ (ئەی موحەممەد – درود و سڵاوی خوای لێبێت -، ئەی باوەڕدار) بڵێ: پەنادەگرم بە پەروەردگاری بەرەبەیان. ﴿ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ ﴾ لە شەڕ و خراپەی هەرچی بەدیهێناوە. ﴿ وَمِنْ شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ﴾ لە شەڕ و خراپەی شەو کاتێك تاریك دەبێت و دەبێتە شەوەزەنگ. ﴿ وَمِنْ شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ ﴾ و لە شەڕ و خراپەی ئەو کەسانەی جادوو دەکەن و فوو بە گرێیەکاندا دەکەن. ﴿ وَمِنْ شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴾ و لە شەڕ و خراپەی حەسوود و بەخیل، کاتێك حەسوودی دەبات.**

## سورەتی ( النـاس )

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ ﴿1﴾ مَلِكِ النَّاسِ ﴿2﴾ إِلَهِ النَّاسِ ﴿3﴾ مِنْ شَرِّ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ ﴿4﴾ الَّذِي يُوَسْوِسُ فِي صُدُورِ النَّاسِ ﴿5﴾ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ ﴿6﴾

**مانای ئایەتەکان:**

**﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ ﴾ (ئەی موحەممەد – درود و سڵاوی خوای لێبێت -، ئەی باوەڕدار) بڵێ: پەنادەگرم بە پەروەردگاری خەڵکی. ﴿ مَلِكِ النَّاسِ ﴾ بە پاشا و فەرمانڕەوای خەڵکی. ﴿ إِلَهِ النَّاسِ ﴾ بە خوا و پەرستراوی خەڵکی. ﴿ مِنْ شَرِّ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ ﴾ لە شەڕ و خراپەی ئەوەی کە وەسوەسە و خەیاڵ دەخاتە دڵەوە. ﴿ الَّذِي يُوَسْوِسُ فِي صُدُورِ النَّاسِ ﴾ ئەوەی کە وەسوەسە فڕێدەداتە سینە و دڵ و دەروونی خەڵکیەوە. ﴿ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ ﴾ لە جنۆکە و خەڵکی (ئەوانەی کە شەیتان سیفەتن).**

# بەشی شەشەم

# بەسەرهاتەکان

لەم بەشەدا پێویستە لەسەر مامۆستا، بەسەرهاتەکان بخوێنێتەوە و لێیان تێبگات و بەو شێوەیەش بۆ قوتابیەکان باس بکات، کە لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنیان بگونجێت، دواتر پرسیار بکات سەبارەت بەو سوود و وەدەستهاتووانەی لە بەسەرهاتەکانەوە وەریانگرتووە.

هەموو ئەو چیرۆکانەی لەم بەشدا هاتوون ڕاست و دروست و سەحیحن، بەر لە باسکردنیان ئاماژە بە سەرچاوەکانی دراوە، دەقی بەسەرهاتەکانمان وەك خۆی نەهێناوە، بەڵکو هەوڵمانداوە، بە مانا بیانگێڕینەوە نەوەك بە دەق، بۆ ئەوەی زمانی گێڕانەوەکەی سادە بێت و لەگەڵ خوێنەر بگونجێت.

**1 ) ئەو پیاوەی ئاوی بە سەگێکدا**

بوخاری (2363) و موسلیم (2244) لە پێغەمبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لێبێت) گێڕاویانەتەوە:

پیاوێك بەڕێگادا دەڕۆیشت، زۆر تێنوو بوو، جا بیرێکی ئاوی بینی، دابەزیە ناوی و لێی خواردەوە، جا کاتێك لە بیرەکە هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە ڕۆیشتن، بینی سەگێك هەناسە بڕکێیەتی و تێنوێتی تەنگی پێهەڵچنیوە، بەو هۆیەوە گڵ دەلێسێتەوە، پیاوەکە بەخۆی وت: چۆن کەمێك پێش ئێستا تێنوو بووم، ئەوا ئەو سەگەش بەهەمان شێوە تێنووبووە. بۆیە بەزەیی بە بارودۆخی سەگەکەدا هاتەوە، بۆیە دابەزیە ناو

بیرەکەوە تا ئاوی بۆ بهێنێت، کەچی هیچ شتێکی نەبینی تا ئاوی بۆ سەگەکەی پێ بهێنێت، بۆیە بە پێڵاوەکەی ئاوی هەڵهێنجا، و بۆ سەگەکەی هێنا و ئاوی پێدا، لەسەر ئەم کارەی خوای گەورە لە هەموو گوناهەکانی خۆشبوو.

کاتێك هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت) ئەم فەرمایشتەیان بیست، ئەوا بە پێغەمبەری خوایان (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرموو: ئەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، ئێمەش بەهەمان شێوە پاداشتمان بۆ هەیە لەسەر چاکەکردن لەگەڵ ئاژەڵان؟ پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرمووی: (فِي كُلِّ كَبِدٍ رَطْبَةٍ أَجْرٍ) واتە: هەر ئاژەڵ و گیاندارێك کە ئاوی پێبدەیت، ئەوا پاداشتی لەسەر وەردەگریتەوە.

لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:

- موسڵمان چاکە دەکات، تەنانەت لەگەڵ ئاژەڵانیش.
- خوای گەورە چاکەکردنی پێخۆشە، لەگەڵ بەرامبەردا، پاداشتیشی لەسەر دەداتەوە.
- دروست نییە ئازاری ئاژەڵان بدەیت.
- ئاو بەفیڕۆ نادەین، چونکە پێویستمان پێی دەبێت.

## 2 ) کەنیزەکی شوانی مەڕەکان

موسلیم (537) لە موعاویەی کوڕی حەکەمی سولەمی (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویەتیەوە:

موعاویەی کوڕی حەکەمی سولەمی (خوا لێی ڕازی بێت) کەنیزەکێکی هەبوو مەڕەکانی بۆ دەلەوەڕاند، ڕۆژێکیان ڕۆیشت تا دڵنیابێت لە مەڕەکانی، بینی گورگێك مەڕێکی لە مەڕەکان خواردووە، بۆیە زۆر توڕە بوو، لە کەنیزەکەکەیدا، چونکە کەمتەرخەم بووە لە چاودێری کردنی مەڕەکان. ئەوەندەی پێنەچوو کە پەشیمان بووەوە لە لێدانی، بۆیە ڕۆیشتە لای پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) و ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە، تا لەوەوە حوکمی خوای گەورە سەبارەت بەم کارەی بزانێت، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) بەم کارەی هەراسان بوو، و سەرزەنشتی کرد لەسەر ئەمە، و ڕوونیشی کردەوە کە خوای گەورە ڕازی نییە بە لێدان لەم کەنیزەکە، ئیسلام هانی چاك ڕەفتاری دەدات لەگەڵ بەندە و کەنیزەك و خزمەتکارەکان، هەروەك چۆن هانی چاك ڕەفتاری دەدات لەگەڵ هەموو خەڵك بەگشتی.

موعاویە (خوا لێی ڕازی بێت) بە پێغەمبەری خوای (درود و سڵاوی خوای لێبێت) وت: ئایا ئازادی نەکەم؟

دەیەوێت کەنیزەکەکە لە بەندایەتی و کۆیلایەتی ئازاد بکات، وەك قەرەبوێك بۆی لە بەرامبەر ئەو لێدانەی لێی دراوە، هەروەها بۆ ئەوەی

خوا و پێغەمبەرەکەی بەم کارەی ڕازی بکات، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرمووی: (بیهێنە لام).

کاتێك کەنیزەکەکەی هێنایە لای، ئەوا پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) ویستی تاقی بکاتەوە، تا بزانێت ئایا باوەڕدارە یان نا، پێی فەرموو: (خوا لە کوێیە؟)، کەنیزەکەکە وتی: لە ئاسمان، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرمووی: ئەی من کێم؟ فەرمووی: تۆ پێغەمبەری خوای، جا پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) بە موعاویەی فەرموو: (ئازادی بکە، ئەو باوەڕدارە).

لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:

- پێویستە موسڵمان چاکە لەگەڵ خزمەتکار و لاوازەکان بکات، ئەگەر هەڵەشیان کرد، ئەوا لێیان نەدات.
- پێویستە موسڵمان لەکاتی توڕەبووندا بەسەر هەڵسوکەوتەکانیدا زاڵ ببێت.
- ئەگەر هەڵەمان کرد، ئەوا داندەنێین بە هەڵەکەماندا.
- پرسیار لە پێشەوایانی ئایین دەکەین، تا بزانین حوکمی شەرعی سەبارەت بەو ڕووداوانەی بەسەرمان دێت چییە.
- کاتێك هەڵە دەکەین لە بەرامبەر کەسانی تر، ئەوا کارێکی چاکی لەگەڵ دەکەین، کە بەهۆیەوە قەرەبووی بکەینەوە.
- خوای گەورە ڕێگە نادات بە لێدان لە خەڵکی بە ناحەق.
- خوای گەورە لە سەرووی ئاسمانەکانەوەیە.

## 3) سێ پیاوە گەڕی، کەچەڵ و کوێرەکە

بوخاری (3464) و موسلیم (2964) لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویەتیەوە، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لێبێت) گێڕاویەتیەوە، کە فەرموویەتی:

لە ناو نەوەی ئیسرائیلدا سێ پیاو هەبوون، پیاوێکیان گەڕی و یەکێکی تریان کەچەڵ و ئەوەی تریان کوێر بوو، خوای گەورە ویستی تاقیان بکاتەوە، بۆیە فریشتەیەکی نارده لایان، فریشتەکە هاتە لای پیاوە گەڕیەکە، پێی وت: ئومێدی چی دەخوازیت؟ وتی: ئومێدەوارم پێستم بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی، ڕەنگی جوان بێت، لەم نەخۆشیەی گەڕییە چاك ببمەوە. جا فریشتەکە دەستێکی پێدا هێنا، و خوای پایەبەرز شیفایدا، ڕەنگێکی جوانی بە پێستی بەخشی. دواتر فریشتەکە پرسیاری لێکرد لەبارەی خۆشەویسترین ماڵ و مولك لەلای ئەو؟ وتی: وشتر، جا وشترێکی شیردەری پێدرا، وشترەکەی بەچکەی پەیدابوو، بەمەش بووە خاوەن وشتری زۆر، بازرگانی پێکرد و دەوڵەمەند بوو.

دواتر فریشتەکە ڕۆیشتە لای پیاوە کەچەڵەکە، و پێی وت: ئومێدی چی دەخوازیت؟ وتی: ئومێد دەخواز، کە خوای گەورە پرچێکی جوانم پێببەخشێت، فریشتەکە دەستێکی بەسەر سەری پیاوەکەدا هێنا، جا خوای گەورە پرچی لەسەریدا ڕرواند، دواتر فریشتەکە پرسیاری لێکرد لەبارەی خۆشەویسترین ماڵ و مولك لەلای ئەو؟ ئەویش وتی: مانگا، خوای گەورە

مانگی سکپڕی پێدا، جا مانگاکە زا و چەندین وەچەی لێکەوتەوە، ئەویش بازرگانی پێکرد و دەوڵەمەند بوو.

دواتر فریشتەکە ڕۆیشتە لای پیاوە کوێرەکە، پێی وت: ئومێدی چی دەخوازیت؟ وتی: ئومێد دەخواز کە خوای گەورە شیفای چاوەکانم بدات و خەڵك ببینم، فریشتەکە دەستێکی بە چاوانیدا هێنا، و خوای گەورە شیفایدا، دواتر فریشتەکە پرسیاری لێکرد لەبارەی خۆشەویستترین ماڵ و مولك لەلای ئەو؟ وتی: مەڕ، جا خوای گەورە مەڕێکی سکپڕی پێدا، ئەویش زا و وەچەی زۆری لێکەوتەوە، بەمەش بەهۆیانەوە دەوڵەمەند بوو.

دوای ماوەیەك فریشتەکە هاتە لای پیاوە گەڕیەکە، لەسەر شێوەی پیاوێکی هەژار، و پێی وت: من هەژارم و هیچ وشترێکم نییە سواری ببم، ئەویش وتی: من ئەرکم زۆرە، ناتوانم هیچت پێبدەم؟ فریشتەکە پێی وت: ئایا تۆ هەژار نەبوویت، خوای گەورە دەوڵەمەندی کردیت، ئەی گەڕی نەبوویت، خوای گەورە شیفای دایت، پیاوەکە وتی: نا ئەمە ڕاست نییە، بەڵکو من دەوڵەمەند بووم و ئەم ماڵ و سامانەم بە میرات لە باوکمەوە بۆم ماوەتەوە. فریشتەکە پێی وت: ئەگەر درۆ بکەیت، ئەوا خوای گەورە وەك پێشوترت لێدەکاتەوە. جا خوای گەورە ماڵ و سامان و وشترەکانی لێسەندەوە، وەك پێشووی گەڕی کردەوە.

هەمان شت سەبارەت بە کەچەڵەکە ڕوویدا.

**دواتر فریشتەکە چووە لای پیاوە کوێرەکە و پێی وت: من پیاوێکی هەژارم، و مەڕێکم پێبدە لەو مەڕانەی خوا پێیداویت، پیاوەکە پێی وت: من کوێربووم، خوای گەورە شیفایدام، و هەژار بوون خوای گەورە دەوڵەمەندی کردم، جا تۆ ئەوەی دەتەوێت لە مەڕەکان ببە، من ڕێگریت لێناکەم لە بردنی هیچ شتێك. فریشتەکە پێی وت: من پێویستیم بە هیچ شتێك نییە، بەڵکو خوای گەورە تۆ و پیاوە گەڕی و کەچەڵەکەی تاقیکردۆتەوە، جا خوای گەورە لە دوو پیاوەکەی پێشوو تورە بوو، و لە تۆش ڕازی بوو.**

**لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:**

- **موسڵمان داندەنێت بە بەخششەکانی خوای گەورە بەسەر خۆیدا.**
- **کاتێك هەژارێك دەبینین، ئەوا بیری بەخشش و نیعمەتەکانی خوا دەکەینەوە بەسەر خۆماندا، بەم هۆیەشەوە یارمەتی دەدەین.**
- **موسڵمان درۆ ناکات.**
- **خوای گەورە لەوانەیە تاقیمان بکاتەوە، بە شتانێك کە پێی هەراسان ببین، وەك: گەڕیبوون و هەژاری، ئەمەش بۆ ئەوەی ئارام بگرین، و لەوانەشە تاقیمان بکاتەوە بە شتانێك کە حەزمان لێیانە، وەك ڕزق و ڕۆزی و هێز، تا یارمەتی کەسانی تری پێبدەین، و ئەوەی خوای پێی داوین بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا بەکاریدەهێنین.**
- **خوای گەورە توانای هەیە هەموو شتێمکان پێبدات، بۆیە با زۆر لێی بپاڕێینەوە.**

- نكۆڵی كردن لە ناز و نیعمەت و بەخششەكانی خوا لەسەر بەندە، یەكێكە لە هۆكارەكانی دۆڕاندن و نەمانی ناز و نیعمەت.

4 ) **عیسای كوڕی مەریەم ( سڵاوی خوای لێبێت ):**

(ئەم بەسەرهاتە لە چەندین سەرچاوەوە وەرگیراوە، گرنگترینیان قورئانی پیرۆز).

مەریەم (خوا لێی ڕازی بێت) ئافرەتێكی چاكەكار بوو، و خزمەتكاری مزگەوت بوو، بێ مێرد بوو، و هاوسەرگیری نەكردبوو، ڕۆژێكیان سەرقاڵی خواپەرستی بوو لە ناو مزگەوت، خوای گەورە جبریلی (سڵاوی خوای لێبێت) نارده لای، كاتێك ڕۆیشتە ژوورەوە بۆ لای مەریەم، ئەوا مەریەم لێی ترسا، جبریل (سڵاوی خوای لێبێت) پێی فەرموو: مەترسە، خوای گەورە جبریلی (سڵاوی خوای لێبێت) نارده لای بۆ ئەوەی كوڕێك بەدیبهێنێت لە سكیدا، بۆ ئەوەی ببێتە موعجیزەیەك بۆ خەڵك، بەوەی خوای گەورە منداڵێكی بەبێ باوك بەدیهێنا.

كاتێك عیسا (سڵاوی خوای لێبێت) لەدایك بوو، ئەوا مەریەم (خوا لێی ڕازی بێت) لە كاردانەوەی خەڵكەكە دەترسا، بۆیە عیسا (سڵاوی خوای لێبێت) كاتێك لە بێشكەدابوو قسەی لەگەڵ دایكی كرد و پێی وت: مەترسە و خەم مەخۆ، خوای گەورە جۆگەیەكی لە ژێر پێی تۆدا هەڵقوڵاندووە، تا خۆی پێ بشۆری و لێی بخۆیەوە، ئەوەتا ئەمە دارخورمایە، بیهەژێنە

خورمای تەڕ و تازە و پێگەیشتووت بۆ بەردەبێتەوە. خوای گەورە فەرمانی پێکرد بۆ ماوەی سێ ڕۆژ قسە لەگەڵ خەڵك نەكات، چونكە عیسا (سڵاوی خوای لێبێت) كە لە بێشكەدایە ئەو خۆی قسەیان لەگەڵ دەكات.

كاتێك مەریەم هاتە ناو شارەكەی و خەڵك هاتە لای، پێیان وت: ئەوە چۆن منداڵت بووە، لە كاتێكدا تۆ مێردت نەكردووە؟ ئەویش ئاماژەی بۆ عیسا (سڵاوی خوای لێبێت) كرد، تا پرسیار لەو بكەن، جا وتیان: چۆن پرسیار لەو بكەین: لەكاتێكدا ئەو منداڵێكی تازە لەدایكبووی بچوكە و هێشتا لە بێشكەدایە، جا عیسا (سڵاوی خوای لێبێت) قسەی كرد و وتی: ﴿ إِنِّي عَبْدُ اللَّهِ آتَانِيَ الْكِتَابَ وَجَعَلَنِي نَبِيًّا، وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنْتُ وَأَوْصَانِي بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ مَا دُمْتُ حَيًّا، وَبَرًّا بِوَالِدَتِي وَلَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّارًا شَقِيًّا، وَالسَّلَامُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدْتُ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا ﴾ مریم: 30 - 33. واتە: بەڕاستی من بەندەی خوام، كتێبی پێداوم، و منی كردۆتە پێغەمبەر، و منی پیرۆز و بەرەكەتدار كردووە لە هەر كوێیەكدا بم، و ئامۆژگاری كردووم كە نوێژەكانم بكەن و زەكاتیش بدەم، تا لە ژیاندا ماوم. و (فەرمانی پێداوم) چاك ڕەفتار بم لەگەڵ دایكم و باوكم، و منی نەكردووە بە كەسێكی زۆردار و سەرپێچیكار. و سڵاوی خوام لەسەرە ئەو ڕۆژەی كە لە دایك بووم و ئەو ڕۆژەی كە دەمرم، و ئەو ڕۆژەش كە زیندوو دەكرێمەوە.

عیسا (سڵاوی خوای لێبێت) لە ناو جولەكەكاندا دەژیا، بانگەوازی دەكرد بۆ یەكخواپەرستی، و شوێنكەوتنی ئینجیل، چەندین موعجیزەی هەبوو، لەوانە دەستی بەسەر كەسی گەڕیدا دەهێنا، بە مۆڵەتی خوا شیفای بۆ

دەهات، و دەستی بەسەر کوێردا دەهێنا، بە مۆڵەتی خوا شیفای بۆ دەهات، هەروەها لە قوڕ شێوەی باڵندەی دروست دەکرد، بە مۆڵەتی خوا دەبووە باڵندە، خەڵك ئەم بەڵگە و موعجیزانەی دەبینی، بەمەش دەیانزانی بەڕاستی پێغەمبەرە و لەلایەن خواوە پشتیوانی لێکراوە، ئەوانیش باوەڕیان پێی دەهێنا و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دەبوون.

بەڵام بەشێکی زۆر لە جولەکەکان ڕقیان لێدەبووەوە، بەتایبەت زاناکانیان، چونکە بە حەق و ڕاستیەوە هاتبووە لایان، ئەوانیش ئاینیان گۆڕی بوو، بۆیە هانی پاشایاندا لە دژی، پێیان وت: عیسا (سڵاوی خوای لێبێت) درۆزنە و دەیەوێت مولك و دەسەڵاتت لێبسەنێتەوە، بۆیە پاشا فەرمانی کرد بیکوژن.

کاتێك هەواڵەکە گەیشتە عیسا (سڵاوی خوای لێبێت)، ئەوا ڕۆیشتە شوێنێك تا خۆی تێدا بشارێتەوە، دووربینی و خۆپارێزی پێویستە، پاشا بڕە سامانێکی وەك خەڵات دانا بۆ ئەو کەسەی شوێنی ئاشکرا دەکات، دەروونی یەکێك لە شوێنکەوتووانی عیسا (سڵاوی خوای لێبێت) لاواز بوو، کە ناوی یەهوذا بوو، شوێنەکەی لەبەرامبەر پارە و سامان پێشانی ئەواندا.

کاتێك ڕۆیشتن بۆ دەستگیرکردنی عیسا (سڵاوی خوای لێبێت)، ئەو کاتە خوای گەورە خەوی بەسەرچاوانیدا هێنا، و بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان بەر لەوەی دەستیان پێبگات، دواتر کەسێکی لەوان خستە سەر شێوەی عیسا، جا

کاتێك ستەمکاران ئەو کەسەیان بینی کە بە عیسا دەچوو، ئەوا بە خاچەوە هەڵیانواسی تا مرد، و واگومانیان برد کە عیسایان کوشتووە.

لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:

- عیسای کوڕی مەریەم (سڵاوی خوای لێبێت) بەندەیەکە لە بەندەکانی خوا.
- موسڵمانان عیسایان (سڵاوی خوای لێبێت) خۆشدەوێت.
- عیسا (سڵاوی خوای لێبێت) نەکوژراوە، بەڵکو ئێستا زیندووە و لە ئاسمانە.
- دووربینی و خۆپارێزی و گرتنەبەری هۆکارەکان لەگەڵ پشتبەستن بە خوای گەورە پێویستە.
- دەسەڵات و توانای خوای گەورە بێ سنوورە، هەروەك لە بەدیهێنانی عیسا (سڵاوی خوای لێبێت)، و شیفادان بە خەڵك لەسەر دەستی ئەو.

## 5 ) ئەبو دەحداح مامەڵەکەت قازانجدارە:

ئەم بەسەرهاتە پێشەوا ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا (12481) گێڕاویەتیەوە، لێکۆڵەرەوان وتویانە زنجیرە (سەنەدە)کەی سەحیحە لەسەر مەرجی موسلیم.

پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) پێی وت: ئەی پێغەمبەری خوا من دیوارێك نۆژەن دەکەمەوە، لەوێ درەختی خورمای فڵان کەس هەن، دەمەوێت دیوارەکەی لەسەر دروست بکەم، پێی بڵێ تا بە منی ببەخشێت.

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) بە پیاوەکەی وت: دارخورماکەی پێبدە، لەجیاتی ئەمە خوای پایەبەرز دارخورمات پێدەبەخشێت لە بەهەشتدا، پیاوەکە پێی نەدا، چونکە هیچ دارخورمایەکی دیکەی نەبوو، و وتی: دەمەوێت دارخورماکەم بفرۆشم.

کاتێك ئەبو دەحداح (خوا لێی ڕازی بێت) ئەمەی بیست، پێی خۆشبوو ئەو درەختەی کە لە بەهەشتە بۆ ئەو بێت، چونکە ئەوەی لە بەهەشتدایە لە هەموو زەوی چاکترە. ئەبو دەحداح بە خاوەنی دارخورماکەی وت: دارخورماکەت بفرۆشە، پیاوەکە پێی وت: چیم پێدەدەیت لە بەرامبەریدا، ئەبو دەحداح وتی: تەواوی باخەکەی خۆمت پێ دەدەم، پیاوەکە ڕازی بوو و دارخورماکەی فرۆشت.

ئەبو دەحداح دەستبەجێ ڕۆیشتە لای پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) و پێی وت: من دارخوماکەم کڕی بە باخەکەم، من ئەو باخەم بە پیاوەکەدا بۆ ئەوەی دارخورماکەی بەهەشت بەدەست بهێنم، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) پێی فەرموو: ئەو دارخورمایەی بەهەشت بەدەستدەهێنیت، و باسی ئەوەی بۆ کرد کە چەندە بەربومی چاك و جوانی هەیە.

دواتر ئەبو دەحداح ڕۆیشتە بێستانەکە، ژنەکەی تێدا بوو، نەڕۆیشتە ژوورەوە، هەر لە دەرەوە بانگی کرد و پێی وت: دایکی دەحداح وەرە دەرەوە،

من باخەکەم بە دارخورمایەکی بەهەشت فرۆشت، ژنەکەی وت: ئەبو دەحداد مامەڵەکەت قازانجدارە.

لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:

- پێویستە موسڵمان بە هەموو توانایەکیەوە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی بەهەشت بدات.
- موسڵمانی چاك پەلە دەکات بۆ گوێڕایەڵ بوون بۆ پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت).
- پێویستە لەسەر موسڵمان یارمەتی برا موسڵمانەکەی بدات، ئەگەر لە توانایدا بوو.
- ژنی چاك هانی مێردەکەی دەدات لەسەر کردنی کاری چاك.

## 6 ) بەسەرهاتی موسڵمانبوونی سەلمانی فارسی

پێشەوا ئەحمەد ئەم فەرموودەیەی (23737) گێڕاوەتەوە، لێکۆڵەرەوان وتویانە زنجیرە (سەنەد)ەکەی حەسەنە.

هاوڕێی پایەبەرز سەلمانی فارسی (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: پیاوێکی فارس بووە لە خەڵکی ئەسفەهان، هۆزەکەی ئاگریان دەپەرست، باوانی ئەویان لەسەر ئەم ئاینە پەروەردەیان کرد بوو، تا وایلێهات خۆی بووە سەرپەرشتیاری ئەو ئاگرە، ئەو ئاگاداری دەبوو و سووتەمەنی بۆ زیاد دەکرد تا نەکوژێتەوە.

ڕۆژێکیان بە ڕێگادا دەڕۆیشت، یەکێك لە کڵێساکانی گاورەکانی بینی، گوێبیستی دەنگیان بوو کاتێك پەرستشەکانیان تێدا ئەنجام دەدا، بۆیە حەزی بە ئاشنابوون کرد و ڕۆیشتە ژوورەوە و بینی کە چی دەکەن، جا کاتێك ئەوانی بینی لە ناخیدا وتی: ئەم ئاینە باشترە لە ئاگرپەرستی، بۆیە پێی خۆشبوو بچێتە ناو ئاینی ئەوانەوە، لەوبارەوە پرسیاری لێکردن: لە کوێوە ئەم ئاینە دەستی پێکردووە؟ وتیان: لە شام (فەڵەستینەوە). ئەویش لە شارەکەی دەرچوو سەفەری کرد بەرەو شام، دواتر بە دوای گەورەترین زانای گاورەکاندا گەڕا، و ڕۆیشتە لای، پێی وت: پێم خۆشە ئەم ئاینە لە تۆوە فێرببم، و پێمخۆشە لەگەڵ تۆدا بم و لە کلێساکەتدا خزمەتت بکەم، و لە تۆوە فێر ببم و لەگەڵ تۆ نوێژ و نزا بکەم، پیاوەکە سەلمانی هێنایە ناو کلێساکەوە، کاتێك سەلمان لە بارودۆخی قەشەکە ڕاما، بینی فەرمان بە خەڵك دەکات سەدەقە ببەخشن، جا کاتێك سامانیان پێدەبەخشی، بۆ ئەوەی بەسەر هەژاراندا دابەشی بکات، ئەوا بۆ خۆی هەڵدەگرت، بۆیە سەلمان (خوا لێی ڕازی بێت) زۆر ڕقی لێبووەوە، بەڵام لەگەڵی مایەوە تا ئەم قەشەیە مرد، گاورەکان هاتن تا بیشارنەوە و بەخاکی بسپێرن، سەلمان (خوا لێی ڕازی بێت) پێی وتن: ئەم قەشەیە پیاوێکی خراپ بوو، و سەدەقە و بەخشینەکانی بۆ خۆی دەبرد، و بە هەژاران و نەدارانی نەدەبەخشی، شوێنی سامان و ماڵەکەشی پیشاندان، جا بینیان زێڕ و زیوێکی زۆری تێدایە، کاتێك ئەمەیان بینی، ئەوا وتیان: سوێند بەخوا، هەرگیز بەخاکی ناسپێرین، جا لە خاچیاندا و دواتر بەردبارانیان کرد، دواتر قەشەیەکی دیکەیان هێنا، لە شوێنی ئەویان دانا، ئەم قەشە تازەیە کەسێکی دەستپاك و

دیندار بوو، سەلمان (خوا لێی ڕازی بێت) خۆشیویست، لەگەڵی ژیا تا ئەو کاتەی خەریك بوو قەشەکە دەمرد، پاشان پێی وت: ئەی کابرا، من لەگەڵ تۆدا بووم، و زۆرم خۆشویستی بە جۆرێك، کە هیچ کەسێکم پێشتر ئەوەندە خۆشنەویستووە، ئەوەتا تۆش لە سەرەمەگت نزیك بوویتەوە، ئامۆژگاری تۆ بۆ من چییە؟ ئەویش پێی وت: کە زۆربەی قەشەکان ئاینەکەیان گۆڕیوە، تەنها پیاوێکیان نەبێت کە لە موسڵە لە عێراق، بڕۆ لای ئەو، جا سەلمان ڕۆیشتە لای ئەو و لەلای مایەوە، تا ئەو کاتەی مرد، ئەویش ئامۆژگاری سەلمانی (خوا لێی ڕازی بێت) کرد بوو تا بچێتە لای قەشەیەك لە عموریە، جا کاتێك ئەویش خەریك بوو بمرێت، بە سەلمانی (خوا لێی ڕازی بێت) وت: کوڕەکەم، سوێند بەخوا، هیچ کەسێك بە شایستە نابینم کە ئامۆژگاریت بکەم بچیتە لای، بەڵام لەم سەردەمەدا پێغەمبەرێك دێت، لەسەر ئاینی ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێت)، لە خاکی عەرەبەوە دەردەکەوێت، و کۆچ بۆ شاری مەدینە دەکات (وەسفی شاری مەدینەی پیرۆزی بۆ کرد)، و پێی وت: ئەم پێغەمبەرە چەند نیشانەیەکی هەن، ئەویش ئەوەیە دیاری وەردەگرێت و لێی دەخوات، بەڵام سەدەقە وەرناگرێت و لێی ناخوات، لە نێوان دوو شانیدا مۆری پێغەمبەرایەتی پێوەیە، دواتر پێی وت: ئەگەر دەتوانیت بڕۆیتە ئەو وڵاتە، ئەوا بڕۆ ئەوێ، دواتر قەشەکە مرد.

سەلمان (سڵاوی خوای لێبێت) سەفەری کرد بۆ شاری مەدینە، شارەکەی بەوشێوەیە ناسیەوە کە قەشەکە وەسفی بۆ کرد، لەوێدا مایەوە و گوێبیستی

هیچ هەواڵێك نەبوو سەبارەت بە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، تا ئەو کاتەی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت) سەفەری کرد بۆ شاری مەدینە، جا سەلمان (خوا لێی ڕازی بێت) ڕۆیشتە لای و هەندێك خورمای بۆ برد، و پێی وت: ئەمە سەدەقەیە، بۆ ئەوەی ببینێت کە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) لە سەدەقە دەخوات و وەردەگرێت یان نا، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) بە هاوەڵانی فەرموو: (بخۆن)، بەخۆی لێی نەخوارد، ئەمە یەکەم نیشانە بوو.

دواتر پاش ماوەیەك سەلمان (خوا لێی ڕازی بێت) ڕۆیشتە لای و خورمای پێبەخشی، و پێی وت: ئەمە دیاریە، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) لێی خوارد، بەشی هاوەڵانیشی لێدا، ئەمەش نیشانەی دووەم بوو کە هاتەجێ.

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) بەڕێگادا دەڕۆیشت، سەلمان (خوا لێی ڕازی بێت) بەدوایدا ڕۆیشت تا مۆری پێغەمبەرایەتیەکەی ببینێت، جا کاتێك مۆرەکەی بینی، دڵنیابووەوە کە ئەمە پێغەمبەری ڕاستگۆیە، بۆیە دەستی بە گریان کرد و پێغەمبەری خوای (درود و سڵاوی خوای لێبێت) ماچ کرد، و بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە، و باوەڕی پێهێنا، و یاوەری پێغەمبەری (درود و سڵاوی خوای لێبێت) کرد و بووە یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت).

لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:

- زانای گاورەکان و قەشەکانیان چاك پێغەمبەری خوا موحەممەد (درود و سڵاوی خوای لێبێت) دەناسن.
- سووربوون لەسەر گەڕان بەدوای حەق و ڕاستیدا.
- خوای گەورە ناز و نیعمەتی لەگەڵ ئێمە کردووە، بەوەی بەبێ ماندووبوون ئێمەی کردۆتە موسڵمان.

## 7 ) موسڵمانبوونی دایکی ئەبو هورەیرە:

موسلیم ئەم فەرموودەیەی (2491) لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاوەتەوە.

دایکی ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) هاوبەشدانەر بوو، ئەبو هورەیرەش (خوا لێی ڕازی بێت) بانگی دەکرد بۆ موسڵمان بوون، بەڵام ئەو بەدەم بانگەوازەکەیەوە نەدەهات، بۆیە ڕۆژێك ڕۆیشتە لای دایکی، بانگی کرد بۆ هاتنە ناو ئیسلام، و باسی گەورەیی و باشییەکانی ئەم ئاینە مەزنەی کرد، بەڵام دایکی لێی قبوڵ نەکرد، قسەیەکی خراپیشی سەبارەت بە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) وت، ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) دڵی ئێشا بەم قسەیە کە هەرگیز پێی ڕازی نابێت، چونکە موسڵمان ڕازی نابێت گوێبیستی قسەیەك بێت دژی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، بەڵام ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) وەڵامی نەدایەوە، چونکە دایکی بوو، بۆیە بەهۆی سەختی و دژواری ئەو ئازارەی هەیبوو بەهۆی ئەم هەڵوێستەی دایکیەوە، ئەوا گریا و ڕۆیشتە لای

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، و ئەوەی بۆگێڕایەوە کە بەسەری هاتبوو، داوای لێکرد بۆ دایکی بپاڕێتەوە تا ڕێنوێنی بکات بۆ ڕێگای ڕاست، پێغەمبەری خواش (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرمووی: (خوایەگیان، ڕێنوێنی دایکی ئەبو هوڕەیرە بکە بۆ سەر ڕێگەی ڕاست)، ئەبو هوڕەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) بەم نزایە دڵخۆش بوو، چونکە دەیزانی کە خوای گەورە وەڵامی نزا و پاڕانەوەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) دەداتەوە، بۆیە بە دەم مژدەدانەوە ڕۆیشتە لای دایکی.

کاتێك گەیشتەماڵەوە، بینی دەرگاکە داخراوە، دەنگی ئاوی بیست، دایکی خۆی دەشۆرد، کاتێك تەواو بوو، ئەوا جل و پۆشاکە باڵاپۆشەکانی لەبەرکرد، و دەرگاکەی بۆ ئەبو هوڕەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) کردەوە، و وتی: " أشهد أن لا إله إلا الله، وأن محمداً عبده و رسوله" واتە: شایەتی دەدەم کە هیچ خوا و پەرستراوێك نییە بە حەق جگە لە خوای گەورە نەبێت، و موحەممەدیش بەندە و پێغەمبەری خوایە. پاشان ئەبو هوڕەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) لە دڵ خۆشیاندا دەگریا و ڕۆیشتە لای پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، تا مژدەی پێبدات کە خوای گەورە نزاکەی گیرا کردووە، و دایکی موسڵمان بووە، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) لەسەر ئەمە سوپاس و ستایشی خوای گەورەی کرد.

کاتێك ئەبو هوڕەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) بینی، چۆن خوای گەورە وەڵامی نزاکانی پێغەمبەرەکەی (درود و سڵاوی خوای لێبێت) قبوڵ دەکات، داوای لێکرد لە خوای گەورە بپاڕێتەوە کە باوەڕداران ئەویان خۆشبوێت، و دایکی

ئەویشیان خۆشبوێت، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) نزای بۆ کرد، جا دوای ئەمە هەر باوەڕدارێك لە باوەڕداران گوێبیستی ناوی ئەبو هوڕەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) بوبایە، ئەوا خۆشی دەویست.

ئەبو هوڕەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) یەکێك بوو لە چاکترین هاوەڵانی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، خۆی یەکلاکردبووەوە بۆ دانیشتن لە خزمەت پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، و گوێگرتن بۆ فەرموودەکانی، و لەبەرکردنیان و ڕاگەیاندنیان بە خەڵك، بەمەش خزمەتی بە ئاینی ئیسلام کرد، خزمەتێکی گەورەشی بە موسڵمانان کرد، خوای گەورە چاکترین پاداشتی بداتەوە، و ئێمە و ئەویش لەگەڵ پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) لە بەهەشتدا بەیەکەوە کۆ بکاتەوە.

لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:

- یەکێك لە بەڵگەکانی ڕاستگۆیی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت): خێرای وەڵامدرانەوەو گیرابوونی نزاکانی بوو، لەلایەن خوای پایەبەرزەوە.
- باوەڕدار دەبێت سوربێت، لەسەر ئەوەی بانگی ئەندامانی خانەوادەکەی بکات، بۆ پابەندبوون بە فەرمانەکانی خوای پایەبەرز.

- خراپە بەرامبەر دایکانمان ناکەین، تەنانەت ئەگەر قسەیەکیشیان لێ ببیستین کە بە دڵمان نەبێت، بەڵکو نزایان بۆ دەکەین کە خوای گەورە چاکیان بکات.
- باوەڕدار ڕازی نابێت، گوێبیستی قسەیەکی خراپ بێت لەبارەی پەروەردگار و پێغەمبەر و ئاینەکەی.
- ڕەوشت بەرزی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، کاتێك زانی ئافرەتەکە قسەی خراپی بەرامبەری کردووە، نزای بۆ کرد تا خوای گەورە ڕێنوێنی بکات بۆ ڕێگەی ڕاست، و تانە و توانجی لێنەدا و نزای خراپی لێنەکرد.
- ڕەوشت بەرز دەبین لەگەڵ خەڵکیدا، نزایان بۆ دەکەین لە خوای گەورە تا ڕێنوێنیان بکات بۆ ڕێگەی ڕاست و چاکیان بکات.
- نزا دەکەین لە خوای گەورە تا ئەنجامدانی کاروبارەکانمان بۆ ئاسان بکات.
- دروستە داوا لە یەکێك لە پیاوچاکان بکەین نزامان بۆ بکات.
- باوەڕداران ئەبو هورەیرەیان (خوا لێی ڕازی بێت) خۆشدەوێت.

## 8 ) شەهیدبوونی عومەری کوڕی خەتتاب ( خوا لێی ڕازی بێت )

ئەمیری باوەڕداران عومەری کوڕ خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت)، یەکێك بوو لە چاکترین کەسەکان لە ئوممەتی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، لە دوای ئەبو بەکری سدیق (خوا لێی ڕازی بێت)، بەوپەڕی

دادوەریەوە حوکمی دەکرد، تا ئەو ئاستەی پلانی دادەنا کە هیچ هەژارێك لە وڵاتی موسڵماناندا نەهێڵێت.

ئاجوری لە کتێبێ "الشريعه" (1399)، و تەبەڕی لە مێژووەکەیدا و حاکم لە موستەدرەکدا (4512) لە مسوری کوڕی مەخرەمی گێڕاوەتەوە، هیچ زنجیرە (سەنەد)ێکی سەحیحی نییە، بەڵام بەناوبانگە بۆیە هێناومە بۆ ڕێکخستنی چوارچێوەی بەسەرهاتەکە.

ڕۆژێکیان عومەری کوڕ خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت) بە نێو بازاردا دەڕۆیشت، گەیشتە کەسێکی بێ باوەڕ، کە ناوی ئەبو لوئلوئە بوو، خزمەتکاربوو و کاری لەلای یەکێك لە هاوەڵان دەکرد، ئەبو لوئلوئە داوای لە عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) کرد کە قسە لەگەڵ ئەو هاوەڵە بکات، تا کارەکەی کەمێك لەسەر سووك بکات، عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) لێی پرسی چەند وەردەگریت لە بەرامبەر کارەکەت، ئەویش وتی: دوو دیرهەم، عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) وتی: ئەمە کرێ و دەستحەقێکی باشە، و عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) بە نیاز بوو قسە لەگەڵ هاوەڵەکە بکات، سەبارەت بە خزمەتکارەکەی، بەڵام ئەمەی بە ئەبو لوئلوئە نەوت، جا ئەبو لوئلوئە وا گومانی برد کە عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) سەبارەت بەو قسە لەگەڵ هاوەڵەکەی ناکات، بۆیە ڕق و کینەی لە دڵدا پەیدابوو لە دژی و نیازی هێنا کە بیکوژێت، خەنجەرێکی دروست کرد و لە هەر دوو لاکەی تیژی کرد، بەردەوام لە نێو ژەهردا دایدەنا تا عومەری کوڕ خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت) پێ بکوژێت.

بوخاری له (3700) عەمروی کوڕی مەیمونی گێڕاوەتەوە:

شەوێکیان عومەری کوڕ خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت) هاتە مزگەوت، بۆ ئەنجامدانی نوێژ، خۆی پێشنوێژی دەکرد، و ئەبو لوئلوئە لە ناو نوێژکەراندا وەستا بوو، هیچ کەسێك ئەویان نەناسی، چونکە شەو بوو و ئەوکاتیش گڵۆپ نەبوو، کاتێك عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) پێشکەوت بۆ ئەنجامدانی نوێژ و دەستی بە نوێژ کرد، ئەبو لوئلوئە چووە پێشەوە و سێ خەنجەری لێدا، عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) هاواری کرد و وتی: "سەگەکە کوشتمی"، ئەو بێ باوەڕە هەوڵیدا ڕابکات، و هەر کەسێکی کەوتبایە پێشی ئەوا خەنجەری لێدەدا، تا وایلێهات خەنجەری لە سێزدە نوێژکەردا، حەوتیان مردن، یەکێك لە موسڵمانان پارچە پۆشاکێکی بەسەر سەریدادا و لولپێچی کرد، کاتێك ئەو بێ باوەڕە زانی موسڵمانان دەستگیری دەکەن، ئەوا خۆیشی کوشت. هەرچی عومەر بوو (خوا لێی ڕازی بێت)، دەستی یەکێك لە هاوەڵانی گرت، ئەویش عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف (خوا لێی ڕازی بێت) بوو، و هێنایە پێشەوە تا پێشنوێژ بکات لە جیاتی ئەو، جا موسڵمانان نوێژەکەیان تەواو کرد.

لە دوای نوێژەکە عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) بە عەبدوڵای کوڕی عەبباسی (خوا لێی ڕازی بێت) وت: بڕوانە کێ منی کوشت، ئەویش ڕۆیشت و گەڕا و سوڕا، گەڕایەوە لای عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) و پێی وت: ئەبو لوئلوئە تۆی کوشت، عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) وتی: خوا بیکوژێت، من فەرمانم

کردبوو چاك بن لەگەڵی، واتە: عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمانی بە گەورەی ئەبو لوئلوئە کردبوو کارەکەی لەسەر سووك بکات.

عومەری کوڕ خەتتابیان (خوا لێی ڕازی بێت) هەڵگرت بەرەو ماڵەوە، خەڵك زۆر خەمبار و دڵتەنگ بوون، کاتێك گەیشتە ماڵەوە، فەرمانی بە عەبدوڵای کوڕی کرد سەیری قەرزەکانی بکات و بیانداتەوە، ئەگەر پارەی پێویست لە ماڵەکەی نەبوو، ئەوا با لە خزمە نزیکەکانی یان لە هۆزەکەی وەربگرێت.

دواتر فەرمانی پێکرد کە بچێتە لای عائیشەی دایکی باوەڕداران (خوا لێی ڕازی بێت)، هاوژینی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، بۆ ئەوەی مۆڵەتی لێبخوازێت لە تەنیشت پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) بنێژرێت، چونکە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) لە ژوورەکەی عائیشەدا نێژرابوو، ئەویش مۆڵەتی پێدا.

دواتر داوایان لە عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) کرد، ئەو کەسە دیاری بکات، کە لە دوای خۆی دەبێتە خەلیفە، ئەویش شەش کەسی لە هاوەڵان دیاری کرد، کە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) مژدەی چوونە بەهەشتی پێیانداوە، تا یەکێکیان ببێتە خەلیفە لە دوای خۆی، بەوانی وت: خەلافەت بۆ عەبدوڵای کوڕی نابێت، لەگەڵ ئەوەی عەبدوڵای کوڕی عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) یەکێك بوو لە زانایانی هاوەڵان، بەڵام عومەر نەیویست خەلافەت ببێتە میرات. دواتر عومەر (خوا لێی ڕازی بێت)

ئامۆژگاری ئەو خەلیفەیەی کرد کە لە دوای ئەو دێت، مافی موسڵمانان بپارێزێت و دادگەری لە ناویاندا بەرپا بکات.

پاشان عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) کۆچی دوایی کرد.

بوخاری (3685) گێڕاویەتیەوە:

عەبدوڵای کوڕی عەبباس (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: خەڵك لە دەوری عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) کۆبوونەوە و نزایان بۆ دەکرد، لەو کاتەدا عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) هاتە پشت عەبدوڵای کوڕی عەبباس (خوا لێی ڕازی بێت)، دەستەکانی دانایە سەر شانەکانی عەبدوڵای کوڕی عەبباس (خوا لێی ڕازی بێت)، و وەك ئەوەی قسە لەگەڵ عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) بکات، قسەیەکی لەو شێوەیەی کرد: تەنها تۆ ئەو کەسەی کە پێم خۆشبووە کاتێك دەگەمە دیداری خوا، هاوشێوەی کار و کردەوەکانی تۆم هەبێت، و سوێند بەخوا، پێم وایە کە خوای گەورە لەگەڵ هەر دوو هاوەڵەکەت (پێغەمبەر – درود و سڵاوی خوای لێبێت – و ئەبو بەکری سدیق – خوا لێی ڕازی بێت -) کۆت دەکاتەوە، و من زۆر گوێبیستی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت) دەبووم، دەیفەرموو: (من و ئەبو بەکر و عومەر ڕۆیشتین، و من و ئەبو بەکر و عومەر هاتینە ژوورەوە، و من و ئەبو بەکر و عومەر چووینە دەرەوە).

لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە لەگەڵ پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت) و ئەبو بەکر و عومەر (خوا لێیان ڕازی بێت) لە بەهەشتدا کۆمان بکاتەوە.

**له سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:**

- **پلەوپایەی عومەر (خوا لێی ڕازی بێت)، و پێگەی لای هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێت).**
- **دادگەری پێشەوایانی موسڵمانان لەگەڵ بێ باوەڕاندا، لە ئامۆژگاری عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) دەردەکەوێت، کاتێك بە گەورەی ئەبو لوئلوئەی وت: کارەکەی لەسەر سووك بکە.**
- **بایەخدانی عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) بە کاروباری موسڵمانان، کاتێك کە لە سەرەمەرگیشدا بوو ئامۆژگاری کرد چاك بن لەگەڵیان.**
- **گرنگی نوێژ، عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) سەرباری ئەوە بریندار کرابوو، ئەوا کەسێکی دیکەی پێشخست بۆ ئەوەی پێشنوێژ بۆ خەڵك بکات، خەڵکیش نوێژیان بەتاڵ نەکردەوە بەهۆی ئەو ڕووداوەی کە ڕوویدا.**
- **خۆشەویستی عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) بۆ پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، تەنانەت ویستی لە کاتی ناشتنیشدا لە تەنیشت ئەوەوە بنێژرێت.**
- **گرنگی دانەوەی قەرزەکان بە خاوەنەکانیان.**
- **پێگەی عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) لەلای عائیشەی دایکی باوەڕداران، ڕازی بوو کە عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) لەو شوێنە بنێژرێت، کە دەیویست خۆی لەوێ بنێژرێت.**
- **پێگەی عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) لە دڵی عەلیدا (خوا لێی ڕازی بێت).**

## 9 ) موسڵمانبوونی عەبدوڵای کوڕی مەسعود ( خوا لێی ڕازی بێت )

پێشەوا ئەحمەد ئەم بەسەرهاتەی گێڕاوەتەوە بە ژمارە (3598) لە ئیبن مەسعودەوە (خوا لێی ڕازی بێت)، لێکۆڵەرەوان بە سەحیحیان داناوە.

ئیبن مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) ڕانە مەڕێکی دەلەوەڕاند، بۆ کەسێك کە ناوی عوقبەی کوڕی ئەبو موعەیت بوو، هێشتا ئیبن مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) موسڵمان نەببوو، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) بە لایدا ڕۆیشت، ئەبو بەکریشی (خوا لێی ڕازی بێت) لەگەڵدا بوو، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) داوای هەندێك شیری لێ کرد، ئەویش وتی: من ئەمیندارم بەسەر ئەو ڕانە مەڕە، و پێویستە سپاردە و ئەمانەت بپارێزێت، و هیچ بەشێکی بە کەس نەدرێت، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) داوای لێکرد مەڕێکی بۆ بهێنێت کە هێشتا شیری نەهاتبێتێ و نەزا بێت، ئیبن مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) یەکێکی بۆ هێنا و لێی نزیك کردەوە، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) دەستێکی بەسەر گوانەکانیدا هێنا، دەستبەجێ شیریان لێهاتەخوارەوە، ئەویش شیرەکەی دۆشی و تێیکردە ناو دەفرێکەوە، و لێخواردەوە و ئەبو بەکریش (خوا لێی ڕازی بێت) لێی خواردەوە، دواتر بەهەمان شێوە دەستێکی بەسەردا هێنا و شیرەکە وەستا، پاشان پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت) و ئەبو بەکر (خوا لێی ڕازی بێت) ڕۆیشتن.

ئەم هەڵوێستە زۆر سەیر بوو، هەر لە بیری ئیبن مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) مابووەوە، تا دواتر ڕۆیشتە لای پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، بۆ ئەوەی داوای لێبکات کە فێری بکات چۆن ئەم کارەی کردووە.

ئیبن مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) وتی: دواتر هاتمە لای، و پێم وت: ئەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، فێری ئەو گوفتارەم بکە، ئەویش فەرمووی: "خوای گەورە بەزەییت پێتدا بێتەوە، بەڕاستی تۆ گەنجێکی فێرخوازی". ئیبن مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) زانی کە پێغەمبەرە و لەلایەن خواوە هاتووە، بۆیە موسڵمان بوو.

لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:

- گرنگی پاراستنی سپاردە و ئەمانەت، هەروەك چۆن ئیبن مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) پێش ئەوەی موسڵمانیش بێت سپاردەی دەپاراست.
- وەرگرتنی زانست لە زانایان، وەك چۆن ئیبن مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) کرد.
- ئەو موعجیزانەی لەسەر دەستی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) ڕوویان دەدا، بەڵگەن لەسەر ڕاستی پێغەمبەرایەتیەکەی.

## 10) ڕزگارکردنی قودس

لە سەرەتای خەلافەتی ئەمیری باوەڕداران عومەری کوڕی خەتتابدا (خوا لێی ڕازی بێت)، قودس لە ژێر دەستی گاورەکاندا بوو، دوای ئەوەی

موسڵمانان له دیمەشقدا سەرکەوتن، و ئەم شارە هاتە پاڵ وڵاتی موسڵمان، ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح سەرکردەی لەشکری موسڵمانان، نامەیەکی بۆ بەیتولمەقدیس نووسی، تیایدا داوایکرد بخرێتە سەر وڵاتی موسڵمانان بەبێ جەنگ، ئەوانیش وەڵامیان نەدایەوە، بۆیە بەخۆی و لەشکرەکەی ڕۆیشت و گەمارۆی وڵاتی ئەوانیدا، ئابلۆقەی لەسەردانان، زانیان ئەگەر موسڵمانان بچنە ناو شارەکەوە، شەڕیان لەگەڵ دەکەن و سەریشدەکەون، ئەوا داوای ئاشتەواییان کرد، مەرجیان دانا کە ئەمیری باوەڕداران عومەری کوڕی خەتتابدا (خوا لێی ڕازی بێت) بەخۆی بێت، تا کلیلەکانی بەیتولمەقدیس وەربگرێت.

حاکم له موستەدرەکدا (207) ئەم بەسەرهاتەی گێڕاوەتەوە، و زەهەبی بە ژمارە (4481) گێڕاویەتیەوە و وتویەتی بەپێی مەرجی بوخاری و موسلیمە.

عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) سەفەری کرد بۆ قودس، ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح (خوا لێی ڕازی بێت) یاوەری کرد، له ڕێگادا بە خاکێکدا تێپەڕین، کە ئاو و قوڕی تێدا بوو، عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) لەسەر پشتی وشتر بوو، جا لەسەر پشتی دابەزی و خوفەکانی داکەند و هەڵیگرتن و ئەوساری وشترەکەی گرت و ڕۆیشت، ئەبو عوبەیدە (خوا لێی ڕازی بێت) پێشنیاری بۆ کرد، کە ئەم کارە نەکات، بۆ ئەوەی ئەم خەڵکە گاورە بەم جۆرە نەیبینن، چونکە ئەمە دۆخێکە شایستەی گەورەترین ئەمیر نییە له جیهاندا (لەو سەردەمدا)، عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) وەڵامی دایەوە و

وتی: (بوەستە ئەبو عوبەیدە خۆزگە کەسێکی تر جگە لە تۆ ئەو قسەیەی کردبا، کردتە پەندێك بۆ ئوممەتی موحەممەد – درود و سڵاوی خوای لێبێت -). دواتر پێی وت: (ئێمە گەلێکی سەرشۆڕبووین، خوای گەورە بەهۆی ئیسلامەوە سەربەرزی کردین، جا هەرچەندە داوای سەربەرزی بکەین لە جگە لەوەی کە خوای گەورە ئێمەی پێ سەربەرز کردووە، ئەوا خوای گەورە سەرشۆڕمان دەکات).

ئیبن کەسیر لە مێژووەکەیدا گێڕاویەتیەوە.

عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) چووە ناو قودسەوە و کلیلەکانی وەرگرت، دوو ڕکائەت سوننەتی نوێژی (سڵاوی مزگەوت)ی لە میحراِبدا کرد، و نوێژی بەیانی لەگەڵ موسڵمانان کرد.

بەڵێنی بە گاورەکاندا کە لە بەیتولمەقدیسدا بیانپارێزێت، و هیچ کەسێك دەستدرێژیان نەکاتەسەر، هەروەك چەند مەرجێکیان لەسەر بوو، کە پێویست بوو پابەندبن پێیەوە، وەك ئازارنەدانی هەر کەسێك لە خۆیان کە بێتە ناو ئیسلامەوە، و ئازار نەدانی باوەڕداران، و بانگ نەکردنی خەڵك بۆ هاوبەشدانان، و مەیی نەفرۆشن.

لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:

- هێز و لەشکری موسڵمانان، کاتێك دەستیان بە ئاینەکەیانەوە گرتبوو.
- شانازی کردنی موسڵمان بە ئاینەکەی.

- سەرشۆڕی موسڵمانان کاتێك داوای سەربەرزی دەکەن بە شتە ڕووکەشەکان، یان بە سازشکردن لە چەند کاروبارێکی ئاینەکەیان.
- موسڵمان لوتبەرزی نانوێنێت، هەتا ئەگەر ئەمیری باوەڕدارانیش بێت.
- هەر بێ باوەڕێك بێتە ناو دەوڵەتی موسڵمانانەوە، ئەوا موسڵمانان دەیپارێزن.

## 11) گەنج و جادووگەرەکە

موسلیم لە سەحیحەکەیدا (3005) و جگە لەویش لە پێغەمبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لێبێت) گێڕاویانەتەوە.

لە ڕابردوودا پاشایەکی بێ باوەڕ هەبوو، بانگەشەی خوایەتی خۆی دەکرد، ئەو پاشایە جادووگەرێکی هەبوو، کاتێك جادووگەرەکە پیربوو و لە مردن نزیك بووەوە، بە پاشایەکەی وت: ئەوە من پیر بووم، و دەترسم بمرم و هیچ جادووگەرێکت لەلا نەمێنێت، بۆیە من گەنجێکم دەوێت تا فێری جادووی بکەم، بۆ ئەوەی ببێتە جێگرەوەی من، بۆ ئەم مەبەستە گەنجێکیان هەڵبژارد، و ناردیانە لای جادووگەرەکە تا لێیەوە فێر ببێت، جا کاتێك گەنجەکە ڕۆیشتە لای جادووگەرەکە؛ بەلای پیاوێکی باوەڕداردا ڕۆیشت، لەگەڵی دانیشتن و گوێبیستی قسەکانی بوو، بەو پیاوە باوەڕدارە سەرسام بوو، جا هەر جارێك کە دەچووە لای جادووگەرەکە، ئەوا بەلای پیاوە باوەڕدارەکەدا دەڕۆیشت و لەگەڵی دادەنیشت و گوێی لێدەگرت. ئەم گەنجە قسەی چاکی لە پیاوە باوەڕدارەکە دەبیست، و قسەی خراپ و کوفر

و دژ بەخوای گەورەی لە جادووگەرەکە دەبیست، دوودڵ بوو و نەیدەزانی کامەیان لەسەر ڕێگەی ڕاستە.

ڕۆژێکیان گەنجە بە ڕێگای خۆیدا دەڕۆیشت، بینی دڕندەیەکی گەورە ڕێگاکەی گرتووە، جا بیری لەوە کردەوە کە کارێك بکات، تا بەهۆیەوە بزانێت کامەیان لەسەر ڕێگای ڕاستە، جادووگەرەکە یان باوەڕدارەکە، جا دەستی دایە بەردێك و وتی: "خوایەگیان، ئەگەر کاری ئەو باوەڕدارە لای تۆ خۆشەویستترە لە کاری جادووگەرەکە، ئەوا ئەم دڕندەیە بەم بەردە بکوژە، و ئەگەر کاری جادووگەرەکەت پێ خۆشترە لە کاری باوەڕدارەکە، ئەوا دڕندەکە بەم بەردە مەکوژە"، پاشان بەردەکەی تێگرت، خوای گەورە دڕندەکەی کوشت، نییە ئەوەی کارێکی هاوشێوەی گەنجەکە بکات، خوای گەورە وەڵامی نزای ئەویش بداتەوە، بەڵام خوای گەورە چاکەی گەنجەکەی ویست، بۆیە ڕێنوێنی کرد بۆ ڕێگەی ڕاست، ئەویش بەکوشتنی دڕندەکە -، خەڵکەکە سەرسام بوون بەهۆی کاری گەنجەکە، و زانیان گەنجێکی باوەڕدارە، جا پیاوێکی کوێر هاتە لای، و پێی وت: بینایی چاوەکانم بۆ بگێڕەوە، ئاوا و ئاوات پێدەبەخشم، گەنجەکە وتی: من ناتوانم ئەم کارە بکەم، بەڵام ئەوەندە هەیە لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە، و پێی وت: هیچ شتێکم لە تۆ ناوێت، بەڵام ئەگەر بیناییت بۆ گەڕایەوە ئایا باوەڕ بە خوای گەورە دەهێنیت، کابرا وتی: بەڵێ، ئەو کاتە گەنجەکە لە خوا پاڕایەوە تا بینایی بۆ چاوەکانی پیاوەکە بگێڕێتەوە، خوای گەورە بینایی بۆ گێڕایەوە، ئەویش باوەڕی بە خوای گەورە هێنا.

گەنجەکە ڕۆیشتە لای پیاوە باوەڕدارەکە و ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە، ڕەبەنەکە (واتە: پیاوە باوەڕدارەکە) پێی وت: ئەمڕۆ تۆ لە من چاکتری، هەروەك بەخۆت بینیت خوای گەورە بەخششی لەگەڵ کردوویت، و خوا تۆ تاقی دەکاتەوە، و ئاشوب دەهێنێتە پێشت، تا باوەڕی تۆ تاقی بکاتەوە، جا ئەگەر پرسیاریان لێکردیت، ئەوا هیچ شتێك سەبارەت بە من بەوان مەڵێ.

گەنجە نزای بۆ خەڵك دەکرد، خوای گەورە بەهۆی نزای ئەو شیفای پێدەبەخشین، هەواڵەکە گەیشتە پاشا، یەکێك لەوانەی لەگەڵ پاشا دادەنیشت کەسێکی کوێ بوو، ئەو کەسە ڕۆیشتە لای گەنجەکە، و پێی وت: ئەو هەموو سەروەت و سامانە زۆرەت پێدەدەم، ئەگەر چارەسەرم بکەیت، گەنجەکەش پێی وت: شیفابەخش خوای گەورەیە، ئەگەر باوەڕی پێ بهێنیت، ئەوا نزات بۆ دەکەت تا شیفات پێبدات، ئەویش باوەڕی پێ هێنا، ئەو کاتە گەنجە نزای کرد و خوا شیفای پێبەخشی.

کاتێك ئەو کەسە هاتە لای پاشا، ئەوا پاشا پێی وت: کێ شیفای دایت؟ لە وەڵامدا وتی: پەروەردگارم، پاشا وتی: ئایا هیچ خوا و پەرستراوێکت هەیە جگە لە من؟ پیاوەکە وتی: پەروەردگاری من و تۆ خوای پایەبەرزە، پاشا فەرمانی کرد بەوەی سزای بدەن، تا دانی بەوەدانا کە گەنجەکە بانگی کردووە بۆ باوەڕ هێنان بە خوای گەورە، جا گەنجەکەیان گرت و هێنایان و ئەشکەنجەیاندا، تا گەنجەکە ناوی پیاوە باوەڕدارەکەی پێ وتن، ئەوانیش پیاوە باوەڕدارەکەیان گرت و پێیان وت: واز لە ئاینەکەت بهێنە، ئەویش ڕەتی کردەوە، جا مشارێکیان هێنا لەسەر تۆقی سەریان دانا و دوو لەتیان

کرد، کەچی پیاوەکە کوفری نەکرد بەرامبەر خوای پایەبەرز، دواتر هەمان شتیان بە کەسە کوێرەکە کرد، دواتر گەنجەکەیان برد بۆ سەر چیایەك، و پێیان وت: واز لە ئاینەکەت بهێنە، ئەگەرنا لەسەر ئەم چیایە فڕێت دەدەینە خوارەوە، گەنجەکە وتی: "خوایەگیان، بە هەرچی تۆ دەتەوێت لە خراپەی ئەوان دەربازم بکە"، چیایەکە لەرزی و هەموویان لەسەری بەربوونەوە و گەنجەکەش دەربازی بوو.

گەنجەکە گەڕایەوە و ڕۆیشتە لای پاشا، ئەوەی بۆ گێڕایەوە کە بەسەریهات، پاشا فەرمانی کرد کە بیگرن و بە کەشتییەك ببەن، جا گەنجەکەیان بردە ناوەندی دەریا، و پێیان وت: "واز لە ئاینەکەت بهێنە، ئەگەرنا فڕێت دەدەینە ناو دەریاوە". ئەویش وتی: "خوایەگیان، بە هەرچی تۆ دەتەوێ خراپەی ئەوان دەربازم بکە"، جا خوای گەورە ئەوانەی لەسەر پشتی کەشتیەکە خستە خوارەوە بۆ ناو ئاوەکە و گەنجەکەش گەڕایەوە، و هاتەوە لای پاشا بەو سەربەرزیەی باوەڕدار هەیەتی و ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە.

گەنجەکە بە پاشاکەی وت: تۆ ناتوانیت بمکوژی، مەگەر کارێك بکەیت، ئەویش ئەوەیە خەڵك کۆ بکەیتەوە، دواتر لەسەر قەدی دارخورمایەك هەڵمبواسی، پاشان تیرێکم تێبگری، و بڵێی: "بەناوی خوای گەورەی پەروەردگاری ئەم گەنجە"، دواتر تیرەکەم تێبگری، پاشا ئەم کارەی کرد، بەم شێوەیە گەنجەکەی کوشت، کاتێکیش خەڵك زانیان خوای گەورە حەق و ڕاستە، ئەوا هەموویان باوەڕیان پێی هێنا، بەپێچەوانەی ئەوە ڕوویدا کە پاشا کافرەکە دەیویست.

له سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:

- مەترسی جادوو و بێ باوەڕبوونی جادووگەر.
- خوای گەورە باوەڕدار تاقی دەکاتەوە، بۆ هەڵسەنگاندنی باوەڕەکەی.
- باوەڕدارانی پێش ئێمە زۆر لەوە زیاتر تاقی دەکرانەوە، بەراورد بەوەی ئێمە ئەمڕۆ پێی تاقی دەکرێینەوە، کەچی هێشتا نەدەبووە هۆکاری پاشگەزبوونەوەیان لە ئاینەکەیان، بۆیە پێویستە ئێمە زیاتر ئارامگر و سەربەرزبین بە ئاینەکەمانەوە.
- پێویستە باوەڕدار بەخشش و نیعمەتەکان بداتە پاڵ خوای پایەبەرز، هەروەك گەنجەکە ئەم کارەی دەکرد، لەکاتی چارەسەرکردنی خەڵك بە بەرەکەتی نزاکانی.
- توانا و دەسەڵاتی خوای گەورە لە ڕزگارکردنی بەندەکانی لە خراپە و پیلانەکان، بەتایبەت ئەگەر لە خوای گەورە پاڕانەوە.
- خوای گەورە لەوانەیە هەندێك لە باوەڕداران لە سزا و ئەشکەنجە ڕزگار نەکات لە دونیادا، هەروەك ئەوەی بەسەر پیاوە کوێرەکە و پیاوە باوەڕدارەکەدا هات، بەڵام خوای گەورە پلەیان لە بەهەشتدا بەرز دەکاتەوە.
- گرنگی نزا و پاڕانەوە.
- مەترسی گوێگرتن لە گومڕایان، بەرلەوەی گەنجەکە دڕندەکە بکوژێت، ئەوا کارەکە لە لای گەنجەکە تێکەڵ و ئاڵۆز بوو، نەیدەزانی باوەڕدارەکە یان جادووگەرە بێ باوەڕەکە لەسەر حەق و ڕاستییە.

کاتێك خوای گەورە ویستی مرۆڤ بەدیبهێنێت، مشتێکی لە خاکی سەر ڕووی زەوی هەڵگرت، جەستەیەکی وەك فەخفوری لێ دروست کرد، دواتر فووی بە بەردا کرد و کردیە مرۆڤ، ئەو کەسە ئادەمی باوکمان (سڵاوی خوای لێبێت) بوو.

فریشتەکان لە ئاسماندا نیشتەجێن، ئیبلیسی نەفرینلێکراو لە جنۆکەکان بوو، پێشتر چاك بوو، بۆیە خوای گەورە بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان و لە نێو فریشتەکاندا داینا، جا کاتێك ئادەمی (سڵاوی خوای لێبێت) بەدیهێنا، فەرمانی بە فریشتەکان و ئیبلیس کرد، کە سوژدەی سڵاوکردن بۆ ئادەم ببەن، پێشتر سوژدە بۆ سڵاو لە یەکترکردن دروست بوو، دواتر خوای گەورە لە ئیسلامدا حەڕامی کرد، فریشتەکان هەر هەموویان سوژدەیان برد، تەنها ئیبلیس نەبێت، ڕەتی کردەوە و لوتبەرزی نواند، و وتی سوژدە بۆ ئەو بەدیهێنراوانە نابات کە لە قوڕ بەدیهێنراوە، و وتی من لەو چاکترم، چونکە جنۆکەکان لە ئاگر بەدیهێنراون، خوای گەورە لێی توڕە بوو و نەفرینی لێکرد – واتە: بێ بەشی کرد و لە میهربانی خۆی دووریخستەوە -، ئیبلیسی نەفرینلێکراو داوای لە خوای پایەبەرز کرد، کە نەیمرێنێت، و بە زیندوویی بیهێڵێتەوە تا ڕۆژی دوایی، و وتی: ئەو مرۆڤەی کە زیادە ڕێزت پێداوە بەسەر مندا، ئەوا وەسوەسەی بۆ دەکەم و هانی دەدەم لەسەر سەرپێچی کردنی فەرمانی تۆ و بێ باوەڕبوون پێت، جا خوای گەورە مۆڵەتی پێدا و پێی فەرموو: ﴿ لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنْكَ وَمِمَّنْ تَبِعَكَ مِنْهُمْ أَجْمَعِينَ ﴾ ص: 85.

واتە: سوێند بە گەورەیی خۆم، دۆزەخ پڕ دەکەم لە تۆ و هەموو ئەوانەی شوێنی تۆ دەکەون.

دواتر خوای گەورە حەوای لە پەراسووی ئادەم بەدیهێنا، بۆ ئەوەی ببێتە هاوژینی، هەردووکیانی لە بەهەشتدا جێگیر کرد، و مۆڵەتی پێدان لە هەموو شتێك بخۆن کە حەزیان لێیەتی، تەنها یەك درەخت نەبێت، کە بۆیان دروست نەبوو لێی بخۆن.

ڕۆژێکیان شەیتان هاتە لایان، و پێی وتن: خوای پایەبەرز ڕێگری لێکردوون لەوەی لەم درەختە بخۆن، چونکە ئەوەی لەم درەختە بخوات وەك فریشتەکانی لێدێت، یان هەرگیز نامرێت، و سوێندی بۆ خواردن کە چاکە و ئامۆژگاری بۆ ئەوان دەوێت، جا ئادەم و حەوا لە درەختەکەیان خوارد، و سەرپێچی خوای پایەبەرزیان کرد، و سزای ئەم سەرپێچیە ئەوە بوو کە پۆشاکی بکەرەکان دابکەنرێت، بەمەش پۆشاکی ئادەم و حەوا داکەندرا، بەم هۆیە دەستیان کرد بە لێکردنەوەی گەڵای درەختەکانی بەهەشت، تا جەستەی خۆیان پێداپپۆشن. دواتر خوای گەورە فەرمانی کرد بە دابەزاندنیان بۆ سەر زەوی.

دوای دابەزینیان بۆ سەر زەوی، خوای گەورە چەند وشەیەکی فێری ئادەم کرد، تا بەم وشانە لە خوای گەورە بپاڕێتەوە و خوای گەورەش لە گوناهەکانی خۆشببێت، جا خوای گەورە لێی خۆشبوو.

شەیتان بەردەوام هەوڵ دەدات هانی نەوەکانی ئادەم بدات، بۆ سەرپێچی کردنی خوای پایەبەرز، هەروەك ئەم کارەی لەگەڵ ئادەم کرد، بۆیە خوای گەورە هۆشیاری بە ئێمە داوە سەبارەت بە شەیتان و نەخشە و پیلانەکانی، و وتویەتی: ﴿ يَا بَنِي آدَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُمْ مِنَ الْجَنَّةِ يَنْزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْآتِهِمَا إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾ الأعراف: 27. واتە: ئەی نەوەی ئادەم، شەیتان ئێوە هەڵنەخەڵەتێنێت، هەروەك چۆن باوك و دایکتانی لە بەهەشت بە دەرکردندا، لە کاتێکدا دەستی کرد بە داماڵینی پۆشاکەکانیان تا شەرمگە (عەورەت)یان پیشانی یەکتر بدات، بەدڵنیایەوە شەیتان دار و دەستەکەی ئێوە دەبینن، لەکاتێکدا ئێوە ئەوان نابینن، بەڕاستی ئێمە شەیتانەکانمان کردۆتە پشتیوان و یاوەری ئەوانەی کە باوەڕ ناهێنن.

لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:

- ڕێزگرتنی خوای گەورە لە ئادەم و نەوەکانی.
- ئافرەت لە پەراسووی پیاو بەدیهاتووە، بۆیە پێویستە پیاو نەرم و نیان بێت لەگەڵی، و پارێزگاری لێبکات.
- مەترسی لوتەبەرزی، و مەترسی جێبەجێ نەکردنی فەرمانی خوای پایەبەرز.
- دوژمنایەتی شەیتان بۆ ئێمە.
- ئەو پۆشاکەی جەستە دەپۆشێت، لە ناز و نیعمەتی خوایە بەسەر ئێمەوە، و خۆڕووتکردنەوە لە ڕێگەکانی شەیتانە.

- پێویستی هۆشیاربوون لە نەخشە و پیلانەکانی شەیتان.
- گرنگی تۆبەکردن، و خوای گەورە تۆبەی بەندەکانی قبوڵ دەکات.

## 13 ) سەرەتای بەدیهێنانی بەدیهێنراوان ( 2 )

تورمذی (3076) گێڕاویەتیەوە و وتویەتی: حەسەنی سەحیحیە، و حاکم (3257) هێناویەتی، و ذەهەبی وتویەتی: بەپێی مەرجی موسلیم. و حوەینی لە "بەسەرهاتە سەحیحەکانی پێغەمبەر" وتویەتی: ئەم فەرموودەیە سەحیحە.

کاتێك خوای گەورە ئادەمی (سڵاوی خوای لێبێت) بەدیهێنا، دەستی بە پشتیدا هێنا و هەموو نەوەی ئادەمی لێهاتە دەرەوە، کە هەموو مرۆڤەکان دەگرێتەوە کە خوای گەورە بەدیاندەهێنێت تا ڕۆژی دوایی، ئادەم (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: ئەی پەروەردگارم، ئەمانە کێن؟ فەرمووی: ئەوانە نەوەی تۆن، ئادەم (سڵاوی خوای لێبێت) سەیری کرد و پیاوێکی بینی، بە نوور و ڕووناکی نێوچەوانەکەی سەرسام بوو، وتی: ئەی پەروەردگارم، ئەم پیاوە کێیە؟ فەرمووی: "ئەمە پیاوێکە لە کۆتا گەلەکانی نەوەی تۆیە، پێی دەوترێت داود"، واتە: پێغەمبەر داود (سڵاوی خوای لێبێت)، ئادەم (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: پەروەردگارم، "چەند تەمەنت بۆ داناوە؟" فەرمووی: "شەست ساڵ"، ئادەم وتی: "ئەی پەروەردگارم، چل ساڵ لە تەمەنی من بۆ تەمەنی ئەو زیاد بکە". (ئەوەی مەبەستمان بوو لە فەرموودەکە هەتا ئێرەیە).

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنْ بَنِي آدَمَ مِنْ ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنْفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَى شَهِدْنَا أَنْ تَقُولُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ ﴾ الأعراف: 172. واتە: و یادی ئەو کاتە بکەوە، کە پەروەردگارت پشتاوپشتی نەوەی ئادەمی کۆکردەوە، و کردنی بە شایەت بەسەر خۆیانەوە، و (پێی فەرموون:) ئایا من پەروەردگاری ئێوە نیم؟ هەموویان وتیان: وتیان بەڵێ بەدڵنیایەوە تۆ پەروەردگاری ئێمەی و شایەتیمان لەسەر ئەمە داوە، ئەمەش بۆ ئەوەی نەوەك لە ڕۆژی دواییدا بڵێن: بەڕاستی ئێمە لە بێ ئاگایان بووین!

کاتێك ئێمە بەدیهێنراین لەلایەن پەروەردگارمانەوە، هاتینە ژیانی دونیاوە، بیرمان ناکەوێتەوە لە ژیانی پێشتر چی ڕوویداوە؛ بۆیە چەند پێغەمبەری بۆ ئێمە ڕەوانەکرد، کە ئەم بەسەرهاتەمان بۆ بگێڕنەوە، و فێرمان بکەن کە چۆن پەروەردگارمان دەپەرستین، و هیچ خوا و پەرستراوێك نییە بە حەق جگە لە خوای گەورە نەبێت و دروست نییە هیچ کەس و هیچ شتێك جگەلە خوای گەورە بپەرسترێت.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنْسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا ﴾ الأحزاب: 72. واتە: بەدڵنیایەوە ئێمە ئەم سپاردە و ئەمانەتەمان (کە پەیامی خوایە) نیشانی ئاسمانەکان و زەوی و کێوەکاندا، بەڵام ئەوان ڕەتیان

کردەوە بیگرنە ئەستۆ، بەڵام ئادەمیزاد لە ئەستۆی گرت، بەڕاستی ستەمکار و نەفام بوو.

لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:

- توانا و دەسەڵاتی خوای گەورە لەسەر بەدیهێنان.
- خوای گەورە هەموو خەڵکی بەدیهێناوە لە جیهانێکی تر، بەر لەوەی لەم جیهانەماندا بەدیانبێنێتەوە.
- هەموو مرۆڤایەتی شایەتیان لەسەر پەروەردگارێتی خوای پایەبەرز داوە، بۆ هیچ کەسێك نییە نکۆڵی لێبکات.
- کەسی کافر و بێ باوەڕ، لە هەموو بەدیهێنراوان خراپترە، چونکە هەموو بەدیهێنراوان باوەڕدارن.

## 14) بەسەرهاتی خاوەنی تەختەکە

بوخاری (2291) لە پێغەمبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لێبێت) گێڕاویەتیەوە:

لە ناو گەلانی پێشوو، پیاوێك هەبوو پێویستی بە هەندێك سامان بوو، بۆیە داوای لە کەسێك کرد هەندێك پارەی بە قەرز پێبدات، کەسەکەش پێی وت: یەکێك بێنە ببێتە شایەت بەسەر ئەم قەرزە، ئەویش وتی: هیچ شایەتێکم نییە تەنها خوای گەورە نەبێت، کەسەکەش وتی: ڕازیم بە خوای گەورە، و سامانەکەی بەقەرز پێدا، و کاتێکیان بۆ گێڕانەوەی قەرزەکە دیاری کرد.

پاشان کە کاتی گێڕانەوەی قەرزەکە هات، قەرزدارەکە ڕۆیشت بۆ ئەوەی قەرزەکە بگێڕێتەوە، پێویست بوو دەریا ببڕێت بۆ ئەوەی بگاتە لای قەرزدەرەکە، بەڵام هیچ کەشتیەکی دەستنەکەوت، بۆیە تەختەیەکی هێنا و هەڵیکەند، و پارە و سامانی خستە ناوی، و لەسەر لاپەڕەیەکی نووسی کە ئەم پارە و سامانە هی فڵان کەسە، و تەختەکەی فڕێدایە ناو ئاوەکە و وتی: " خوایەگیان، تۆ دەزانی من هەزار دینارم بە قەرز لە فڵان کەس وەرگرتبوو، ئەویش داوای کەفیلێکی لێکردم، منیش وتم: خوای گەورە کەفیلە، ئەویش بەمە ڕازی بوو، و داوای شایەتێکی لێکردم و من وتم: خوای گەورە بەسە کە شایەت بێت، جا بە شایەتی تۆ ڕازی بوو، و من هەوڵمدا کەشتیەك بدۆزمەوە تا سامانەکەی پێ ڕەوانە بکەمەوە، کەچی هیچ کەشتیەکم دەستنەکەوت، و من بەتۆی ڕادەسپێرم "، دواتر تەختەکەی فڕێدایە ناو دەریا، و خاوەن قەرزەکە لەلاکەی تر لە کەناری دەریاکە وەستابوو، چاوەڕێ بوو قەرزدارەکە بێت، لەو ساتەدا تەختەیەکی بینی، و تەختەکەی بەدەستەوەگرت بۆ ئەوەی خۆی پێ گەرم بکاتەوە، کەچی بینی پارەی تێدایە، و لاپەڕەکەشی بینی.

لە کۆتاییدا کەشتیەك هات، قەرزدارەکە سواری کەشتیەکە بوو، و هەزار دیناری دیکەشی لەگەڵ خۆی برد و سەفەری کرد بۆ لای خاوەن قەرزەکە، چونکە دڵنیا نەبوو لەوەی تەختەکەی پێگەیشتووە، کاتێك گەیشتن لای خاوەن قەرزەکە، داوای لێبوردنی لێکرد لەسەر دواکەوتنی، و وتی: پارەکەی تۆم هێناوەتەوە و باسی تەختەکەی بۆ نەکرد. خاوەن قەرزەکە پێی وت:

ئایا پارەکەت لەگەڵ هیچ کەسێك ناردەوە؟ وتی: نا، خاوەن قەرزەکە وتی: خوای گەورە قەرزەکەی لە جیاتی تۆ دایەوە، کابرای بەجێهێشت و ڕاست ڕێگای خۆی گرت و ڕۆیشت.

لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:

- پێغەمبەر خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت ) بەسەرهاتی گەلانی پێشووی دەگێڕایەوە، تا سوودی لێببینن، و شوێن شتە چاکەکانیان بکەون.
- دەستپاکی ئەو پیاوەی داوای قەرزی کرد، و چۆن تەختەکەی بە پارەوە بەدەم ئاوی دەریاوە نارد، لەگەڵ بوونی گریمانەیەکی زۆر لەوەی بفەوتێت، لەگەڵ ئەوەشدا دواتر سواری کەشتی بوو و ڕۆیشتە لای خاوەن قەرزەکە.
- سپاردە و ئەمانەت.

## 15 ) هەر کەسێك پشت لە سوننەتی من بکات ئەوا لە شوێنکەوتووانی من نییە

بوخاری (5063) و موسلیم (1401) لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (خوا لێی ڕازیبێت) گێڕاویەتیەوە، کە سێ کەس هاتنە لای ماڵی خێزانەکانی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، بۆ ئەوەی پرسیار لە دایکانی باوەڕداران بکەن، سەبارەت بە چۆنیەتی خواپەرستی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) لە ماڵەوە، چونکە ئەوان تەنها لە مزگەوت و دەرەوەی ماڵەوە خواپەرستیەکەی پێغەمبەریان (درود و سڵاوی خوای لێبێت) دەبینی، بۆیە ویستیان شوێن پێی هەڵبگرن و هەمان ئەو کار و

کردەوانە بکەن کە پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت) لە ماڵەوە دەیکرد، کاتێك پێیان وترا کە پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت) چی دەکات، ویستیان لەوەش کە پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت) کردوویەتی زیاتر ئەنجام بدەن، و بە چەند کار و کردەوەیەك لە خوای گەورە نزیك ببنەوە، کە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) ئەنجامی نەداون، بۆیە یەکێکیان وتی: من هەرگیز ژن ناهێنم.

یەکێکی دیکە وتی: تەواوی ساڵ بەڕۆژوو دەبم و هەرگیز بێ ڕۆژوو نابم.

سێیەمیان وتی: هەموو شەوێك شەونوێژ دەکەم و ناخەوم.

وا گومانیان برد، ئەگەر ئەم کارەیان کرد بە نیازی نزیکبوونەوە لە خوای پایەبەرز، ئەوا خوای گەورە پاداشتیان دەداتەوە لەسەر ئەمە، لەوانەیە ئاگاداری ئەوە نەبووبن، کە خواپەرستی ڕاست و دروست نابێت، تا لەگەڵ ڕێباز و ڕێنوێنی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت) کۆك و تەبا نەبێت.

کاتێك پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) بەم کارەی ئەوانی زانی، ئەوا بە خەڵکی ڕاگەیاند، کە ئەو ڕۆژێك بەڕۆژوو دەبێت، و ڕۆژێك بە ڕۆژوو نابێت، و ژن دەهێنێت، و خۆی لە ژن هێنان قەدەغە ناکات، و بەشێکی شەو بۆ شەونوێژ هەڵدەستێتەوە، و بەشێکی شەویش دەخەوێت، دواتر فەرمووی: (ئەوەی پشت لە سوننەتی من بکات، ئەوا لە شوێنکەوتووانی من نییە).

لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:

- سوربوونی هاوەڵان لەسەر فێربوونی ئاینی ئیسلام، ئەمە ئەو کارەیە کە پێویستە لەسەرمان بیکەین.
- هەر شتێك کە پێمان وابێت خواپەرستییە، مەرج نییە لەلایەن خوای پایەبەرزەوە قبوڵ کراو بێت.
- بۆ مرۆڤ دروست نییە خواپەرستی بکات، تەنها بەو شێواز و ڕێگایە نەبێت کە خوای گەورە دەیەوێت و لە پێغەمبەرەوە (درود و سڵاوی خوای لێبێت) هاتووە.

## 16 ) دواهەمین کەس کە دەچێتە بەهەشتەوە

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) بە ئێمەی ڕاگەیاندووە، کە ئەو موسڵمانانەی گوناه و سەرپێچی خوای گەورەیان کردووە، بەڵام کوفریان نەکردووە، دوای سزادانیان بە ئاگری دۆزەخ، ئەوا خوای گەورە دوای ئەمە بەزەیی پێیاندا دێتەوە، و لە دۆزەخەوە دەریاندەهێنێ و دەیانخاتە دۆزەخەوە.

بوخاری (6571)، (7511)، و موسلیم (187) لە پێغەمبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لێبێت) گێڕاویانەتەوە:

دواهەمین کەس کە لە ئاگری دۆزەخەوە دێتەدەرەوە: پیاوێك ڕوخساری لە ئاگری دۆزەخە، خوای گەورە فەرمووی گەرمی ئاگری دۆزەخ

فەوتاندوویەتی، و ئاگرەکەشی سووتاندوویەتی، ئەو کەسە داوا لە خوای گەورە دەکات لە دۆزەخ دەریبهێنێت، خوای گەورەش پێی دەفەرمووێت: "لەوانەیە ئەگەر ئەمەت پێبدەم، شتی تریشم لێ داوا بکەیت"، پیاوەکە دەڵێت:  نا سوێند بە شکۆ و گەورەیی تۆ هیچ شتێکی دیکەت لێ داوا ناکەم، جا خوای گەورە لە ئاگری دۆزەخ دەریدەهێنێت، ئەویش سوپاسی خوای گەورە دەکات، وا گومان دەبات کە لە هەموو خەڵك زیاتر لە خۆشی و ناز و نیعمەتدایە.

دواتر درەختێك لەسەر ڕێگای بەهەشت دەبینێت، لە خوای گەورە دەپاڕێتەوە کە لەو دەرختەی نزیك بکاتەوە، تا لە ژێر سێبەرەکەیدا دابنیشێت، و لەو ئاوەی لە تەنیشتیەتی بخواتەوە، لەگەڵ ئەوەی بەڵێنی بەخوای گەورە دابوو، کە دوای دوورخستنەوەی لە ئاگری دۆزەخ داوای هیچ شتێکی تری لێنەکات، بەڵام خوای گەورە لە بەڵێن شکاندنی ئەو بەندەیەی خۆش بوو، چونکە دەیزانی کە بەندەکەی لاوازە، و زۆر حەز دەکات بەو دیمەنە بگات کە بینیویەتی، جا دووبارە خوای گەورە بەڵێنی لێوەرگرتەوە، کە ئەگەر ئەم داوایەی قبوڵ بکات، داوای هیچ شتێکی دیکەی لێنەکات، ئەویش بەڵێنی دا و خوای گەورە لە درەختەکەی نزیك کردەوە. دواتر خوای گەورە درەختێکی چاکتر و جوانتری لە درەختەکەی تر بەدیهێنا، بەندەکە ماوەیەك وەستا و شەرمی دەکردەوە لەوەی داوا لە خوای گەورە بکات کە لەو درەختە نزیکی بکاتەوە، دواتر خۆی پێنەگیرا و داوای لە خوای گەورە کرد کە لەو درەختە نزیکی بکاتە، خوای گەورە لە بەڵێن

شکاندنەکەی خۆشبوو، و بەڵێنێکی نوێی لێوەرگرت کە ئەگەر ئەمەی بۆ جێبەجێ بکات، داوای هیچ شتێکی تر نەکات، خوای گەورە لە درەختەکەی نزیك کردەوە.

هەر کاتێك خوای گەورە درەختێکی نوێی بەدیدەهێنێ، هەمان شت ڕوودەدا، تا وایلێدێ ئەو بەندەیە لە بەهەشت نزیك بووەوە، و دەنگی بەهەشتیەکانی بیست، ماوەیەك بێ دەنگ بوو، زۆریشی پێخۆشبوو بچێتە ناویەوە، تا وایلێهات خۆی پێ نەگیرا، بۆیە دەڵێت: "ئەی پەروەردگارم، بمبە ناو بەهەشتەوە"، خوای گەورە پێی دەفەرمووێت: "ئەی بەڵێنت نەدا کە هیچ شتێکی تر زیاتر لەوە داوا نەکەیت کە پێتدراوە؟ هاوار بۆ تۆ ئەی ئادەمیزاد چەندە بێ بەڵێن و پەیمانشکێنی"، بەندەکە بەردەوام دەبێت لە داواکردن و پاڕانەوە لە خوای گەورە تا خوای گەورە پێی پێدەکەنێ، دواتر پێی دەفەرمووێت: "ئایا ڕازیت دونیا و ئەوەندەی تریشیت پێبدەم"، بەندەکە وا گومان دەبات خوای گەورە گاڵتەی پێدەکات، و پێی دەڵێت: "ئەوە گاڵتەم پێدەکەیت، لەکاتێکدا تۆ پەروەردگاری جیهانەکانی!"، خوای پاك و بەرز بە قسەکەی پێکەنی، دواتر پرسیاری لێکرد دەربارەی ئەوە چی لە بەهەشت دەوێت.

بەندەکە دەستی کرد بە هیواخواستن، و داوای هەر شتێکی دەکرد کە بە خەیاڵیدا دەهات، و خوای گەورە هەندێك شتی بۆ باس دەکرد، کە هەر بە خەیاڵیدا نەدەهات، جا ئەویش داوای لە خوای پایەبەرز دەکرد، کە پێی

ببەخشێت، خوای پایەبەرز پێی دەفەرمووێ: "ئەوەی داوات کردووە و دە ئەوەندەی زیاتریشت پێدەدەم".

**لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:**

- هەر کەسێك لەسەر باوەڕ بمرێت، ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە، هەتا ئەگەر بە ئاگری دۆزەخیش سزا بدرێت.
- پلەوپایە و گەورەیی نزا و پاڕانەوە، و خوای گەورە وەڵامی نزاکار دەداتەوە.
- ئەگەر ئەو کەسە لە جگە لە خوای گەورە پاڕابایەوە ئایا وەڵامی دەدرایەوە؟ بەدڵنیایەوە نەخێر.
- بەزەییهاتنەوەی خوا بە بەندەکانی، سەرباری ئەوەی گوناهباربووە و خوای گەورە لە دۆزەخ دەریهێناوە، و سەرباری بەڵێن شکاندنەکەی، کەچی لێیخۆشبوو، جا دەبێت بەزەیی خوا چەند بێت بەرامبەر ئەو کەسەی ڕاستگۆیە لەگەڵ خوا!
- خوای گەورە پێدەکەنێت و پێکەنینەکەی هاوشێوەی پێکەنینی بەدیهێنراوان نییە، چونکە خوای گەورە هاوشێوەی بەدیهێنراوان نییە.
- ئەندازەی ناز و نیعمەت و خۆشییەکانی بەهەشت، جا ئەگەر ئەو کەسەی کەمترین بەشی لە بەهەشت بەر بکەوێت دە ئەوەندەی داواکاریەکەی پێی بدرێت، دەبێت چەند بەرامبەر بە لەخواترسان و پارێزکاران بدرێت؟

## 17 ) بەسەرهاتی پێغەمبەر موسا (سڵاوی خوای لێبێت) لەگەڵ خدر

بوخاری (112)، و موسلیم (2380) لە پێغەمبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لێبێت) گێڕاویانەتەوە:

موسا (سڵاوی خوای لێبێت) هەڵسا لە ناو نەوەی ئیسرائیلدا وتارێکیدا، هەندێك لە گوێگرەکان پرسیاریان لێکرد: "کێ لە هەموو خەڵك زاناترە؟"، موسا (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: "من لە هەمووان زاناترم"، خوای گەورە لەسەر ئەمە گلەیی لێکرد، چونکە سەبارەت بە خۆی وتی من لە هەمووان زاناترم، و نەیوت: "خوای گەورە لە هەموو کەسێك زاناترە"، جا خوای گەورە سروشی بۆ نارد کە بەندەیەك لە بەندەکانی من لە ناوچەی بەیەکگەیشتنی دوو دەریاکەیە، ئەو لە تۆ زاناترە. موسا (سڵاوی خوای لێبێت) پرسیاری لە پەروەردگاری کرد، دەربارەی ئەوەی چۆن بە دیداری ئەم زانایە دەگات؟ وەڵامی بۆ هاتەوە: کە برۆ شوێنی بەیەکگەیشتنی دوو دەریاکە، ماسییەك لە سەبەتەیەکدا هەڵبگرە، هەر کاتێك ماسیەکەت لێ وون بوو، ئەوا پیاوە چاکەکە دەبینیەوە، بۆیە موسا (سڵاوی خوای لێبێت) سەفەری کرد بۆ شوێنی بەیەکگەیشتنی دوو دەریاکە لەگەڵ کەسێك بە ناوی یوشعی کوڕ نوون، و ماسییەکیان لە سەبەتەیەکدا هەڵگرت، و بەڕێکەوتن تا گەیشتنە لای بەردێك و سەرخەوێکیان شکاند، ماسیەکە لە سەبەتەکەدا بازیدا بۆ ناو ئاوی دەریاکە و ڕۆیشت. موسا (سڵاوی خوای لێبێت) و یوشع لە خەو هەڵسانەوە و تەواوی ڕۆژ و شەوەکە ڕۆیشتن،

کاتێك بووە بەیانی، موسا (سڵاوی خوای لێبێت) بە یوشعی خزمەتکاری وت: خواردنەکەمان بۆ بهێنە، چونکە بەڕاستی لەم سەفەردا ماندوو بووین.

موسا (سڵاوی خوای لێبێت) هەستی بە ماندووبوون نەکرد، تا لەو شوێنەکە تێنەپەڕی، کە خوای گەورە فەرمانی پێکردبوو، خزمەتکارەکەی پێی وت: ماسیەکەم وون کردووە، دەمەوێت بگەڕێمەوە لای بەردەکە تا بەدوایدا بگەڕێم، موسا (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: ئەو چاوەڕوانی ئەو کاتە بووە، چونکە ئەو پیاوچاکە لەو شوێنە دەبینێتەوە کە ماسیەکەی تێدا وون کردووە، جا گەڕانەوە لای بەردەکە و بینیان پیاوێك لەوێ دانیشتووە، موسا (سڵاوی خوای لێبێت) سڵاوی لێکرد، خضر (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: لەکوێ فێری ئەم جۆرە سڵاوکردنە بوویت؟ موسا (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: من موسام، خضر (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: موسای پێغەمبەری نەوەی ئیسرائیل؟ وتی: بەڵێ، دواتر موسا (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: ئایا مۆڵەتم دەدەیت شوێنت بکەوم، لەبەرامبەر ئەوەی فێری زانست و زانیاریم بکەیت، خضر (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: تۆ ناتوانیت لەگەڵ من ئارام بگریت، چونکە خوای گەورە هەندێك شتی نادیار (غەیب)ـی فێر کردبوو، و هەندێك ئەرکیشی پێسپاردبوو، کە لەوانەیە هۆکارەکەی ڕوون نەبێت بۆ کەسێك کە لە ناوەڕۆکەکەی تێنەگات، بەڵام موسا (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: ئارام دەگرێت لەسەر بنینی ئەم دیمەنانە، و گوێڕایەڵی دەبێت، جا خضر (سڵاوی خوای لێبێت) مەرجی ئەوەی بۆ دانا کە ئەگەر شوێنی کەوت، ئەوا هیچ پرسیارێکی لێ نەکات سەبارەت بە هیچ شتێك، تا خۆی پێی

نەڵێت. پاشان ڕۆیشتن لە کەناری دەریاکە، کەشتییەك بەلایاندا تێپەڕی، قسەیان لەگەڵ خاوەن کەشتییەکان کرد کە سواریان بکەن، ئەوانیش بەبێ کرێ سواریان کردن، چونکە خضریان دەناسی.

لەکاتی سواربوونی کەشتییەکە چۆلەکەیەك هات و لەسەر لێوی کەشتییەکە هەڵنیشت، دواتر یەك دوو دەنوکی لە ئاوی دەریاکەدا و ئاوی خواردەوە، خضر (سڵاوی خوای لێبێت) بە موسای (سڵاوی خوای لێبێت) وت: زانستی من و تۆ بەراورد بە زانستی خوا، وەك یەك دەنوکی ئەم چۆلەکەیەیە بەراورد بەم دەریا فراوانە.

خضر (سڵاوی خوای لێبێت) تەختەیەکی لە تەختەکانی کەشتییەکە لێکردەوە، جا موسا (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: ئەو خەڵکە ئێمەی بەبێ کرێ هەڵگرت، کەچی تۆش کەشتییەکەیان نقوم دەکەیت؟ خضر (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: ئایا پێم نەوتیت بۆ تانوانی لەگەڵ من ئارام بگریت؟ موسا (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: لێم مەگرە، چونکە مەرجەکەم لەبیر کرد.

بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن و بینیان منداڵێك لەگەڵ منداڵەکانی دیکە یاری دەکات، خضر (سڵاوی خوای لێبێت) کوشتی، موسا (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: چۆن ئەو منداڵە دەکوژی، خۆ کەسی نەکوشتووە؟ خضر (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: تۆ هەرگیز ناتوانیت لەگەڵ من ئارام بگریت، موسا (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: ئەگەر لەمەودوا داوای شتێکم لێکردی ئەوا چیتر من لەگەڵ خۆت مەبە.

دواتر ڕۆیشتن تا ڕۆیشتنە لای خەڵکی گوندێك، داوایان لە خەڵکەکەی کرد میوانداریان بکەن، بەڵام ڕەتیان کردەوە، دیوارێکیان بینی خەریك بوو بڕوخێت، بەڵام خضر (سڵاوی خوای لێبێت) دیوارەکەی هەڵچنیەوە و دروستی کردەوە، موسا (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: ئەگەر بتەوێت دەتوانی کرێ لە بەرامبەر دروستکردنەوەی دیوارەکە وەربگریت، خضر (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: "ئا لێرە بەدواوە من و تۆ لە یەکتر جیا دەبینەوە".

پاشان خضر (سڵاوی خوای لێبێت) ڕوونکردنەوەی بۆ موسا (سڵاوی خوای لێبێت)، سەبارەت بەو کارانەی کە پێشتر ئەنجامیدا، وتی: کەشتیەکەی بریندارکرد و تەختەیەکی شکاند، چونکە خوای گەورە ئاگاداری کردەوە، کە پاشایەکی ستەمکار هەیە، هەموو کەشتییەکی چاك و باش بە زەبری هێز زەوت دەکات، بۆیە خوای گەورە فەرمانی پێکرد کە کەشتییەکە بریندار بکات، بۆ ئەوەی کەشتیەکە بە دڵی پاشایەکە نەبێت و زەوتی نەکات.

و سەبارەت بە منداڵە بچوکەکە، ئەوا خوای گەورە زانیویەتی ئەگەر گەورە ببێت، ئەوا دایك و باوکی ئازار دەدات بە یاخی بوون و بێ باوەڕبوون، بۆیە خوای گەورە فەرمانی کرد بیکوژم، ئەمەش وەك بەزەییەك بەرامبەر بە باوك و دایکەکە و منداڵەکەش، تا منداڵەکە کوفر نەکات و نەچێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

دەربارەی دیوارەکە، ئەوا هی دوو منداڵی بچوکی هەتیو بوو، باوکیان گەنجینەیەکی لە ژێر دیوارەکەدا بۆیان شاردبووەوە، بۆ ئەوەی کە گەورە بوون گەنجینەکەی دەربهێنن، خوای گەورە فەرمانی بە خضر (سڵاوی خوای لێبێت) کرد، بەوەی دیوارەکە هەڵبچنێتەوە بۆ ئەوەی نەڕوخێت، و خەڵك ئەو سامانەی لە ژێریدا بوو تاڵان نەکات.

لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:

- گرنگی وتنی "الله أعلم: خوا زاناترە".
- سوربوون لەسەر داواکردنی زانست، ئەگەرچی ئەم کارە پێویستی بە سەفەر و ماندووبوونیش بێت، هەروەك موسا (سڵاوی خوای لێبێت) بۆ ئەم مەبەستە سەفەری کرد بۆ لای خضر (سڵاوی خوای لێبێت).
- فراوانی و بێ سنووری زانستی خوای پاك و بەرز، خوای گەورە زانایە بە هەموو شتێك و بە داهاتوو.
- خضر (سڵاوی خوای لێبێت) پێغەمبەرە، چونکە خوای گەورە سروشی بۆ کردووە، هەندێك زانستی نادیار (غەیب)ی فێرکردووە، بە بەڵگەی ئەوەی خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَلَا يُظْهِرُ عَلَى غَيْبِهِ أَحَدًا، إِلَّا مَنِ ارْتَضَى مِنْ رَسُولٍ..﴾ الجن: 26، 27. واتە: خوای گەورە کەس لە نهێنی و شاراوەکانی ئاگادار ناکات، تەنها بۆ پێغەمبەرێك کە خوای خۆی پێ ڕازیبێت.
- لەوانەیە خوای گەورە فەرمان بە شتێك بکات، بەڵام نەزانین حیکمەتەکەی چییە، چونکە زانستی ئێمە سنووردارە و زانستی خوای گەورە بێ سنوورە و

ئێمە وەك ئەو نازانین چ حیكمەتێكی تێدایە، بۆیە پێویستە لەسەرمان باوەڕمان بە فەرمانەكانی خوا هەبێت ملكەچیان ببینن.

- لەوانەیە هەندێك شت ڕووبدەن، كە قەدەری خوایە، ئەوەی ببینێت، لەوانەیە وا گومان ببات ئەمە خراپە (وەك بریندارکردن و شكاندنی تەختەی كەشتییەكە)، بەڵام لە ڕاستیدا خێری تێدایە، چونكە ئەگەر تەختەی كەشتیەكە نەشكێنرابایە، ئەوا پاشا ستەمكارەكە دەستی بەسەردا دەگرت.
- گرنگی ئەدەب و ڕەوشتی قوتابی لەگەڵ مامۆستا.

## 18 ) بەسەرهاتی ئیبراهیم ( سڵاوی خوای لێبێت ) و هاجەر

بوخاری (3365) لە ئیبن عەبباسەوە (خوا لێی ڕازیبێت) گێڕاویەتیەوە

دوای ئەوەی ئیسماعیلی كوڕی پێغەمبەر ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێت) لەدایك بوو، خوای گەورە فەرمانی بە ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێت) كرد، كە ئیسماعیل و دایكی ببات بۆ مەككە، مەككەش بریتی بوو لە بیابانێك كە هیچ كەسێك تێیدا نیشتەجێ نەببوو، كاتێك گەیشتنە مەككە، ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێت) ئەوانی لەوێ بەجێهێشت و گەڕایەوە، هاجەری دایكی ئیسماعیل بەدوای كەوت و بانگی كرد و پێی وت: ئەی ئیبراهیم (سڵاوی خوای لێبێت) بۆ كێ بەجێمان دەهێڵی؟ وتی: بۆ خوای گەورە، هاجەر وتی: ڕازیم بە خوای گەورە، جا هاجەر گەڕایەوە شوێنی خۆی، جا لەو ئاوەی كە پێی بوو دەیخواردەوە، و شیری بە منداڵەكەی دەدا، تا ئاوەكە تەواو بوو،

هاجەر ڕۆیشت بۆ گەڕان بەدوای یەکێکدا کە کەمێك ئاوی پێبدات، و کوڕەکەشی تێنوێتی و برسێتی تەنگی پێهەڵچنی بوو، چووە سەر کێوی سەفا و سەیری ئەم لا و ئەو لای کرد، کەسی نەبینی، هاتە خوارەوە بۆ دۆڵەکە و چووە سەر کێوی مەڕوە، کەسی نەبینی، حەوت جار چووە سەر هەر یەکە لە کێوی سەفا و مەڕوە، بە ئومێدی ئەوەی کاروانێك ببینێت، کە بەوێدا تێپەڕ ببێت، یان کەسێك ببینێت، کە ئاوێکی پیشان بدات، بەڵام کەسی نەبینی، دواتر گەڕایەوە بۆ لای کوڕەکەی بۆ ئەوەی لێی دڵنیای ببێتەوە، لەو کاتەدا دەنگێکی بیست، بینی جبریلە (سڵاوی خوای لێبێت)، بە باڵەکەی لە زەویدا بەهۆیەوە ئاو هەڵقوڵا، هاجەر سەرسام بوو، جا دەستی کرد بە کۆکردنەوەی ئاو تا نەڕوات، و لە ئاوەکەی خواردەوە و شیری بە منداڵەکەیدا.

خەڵکێك لە یەمەنەوە دەهاتن، و بەوێدا تێپەڕ دەبوون، باڵندەیەکیان بینی لەسەر ئەو ناوچەیە، زانیان ئاو لەوێ هەیە، بۆیە هاتنە ئەوێ، و وتیان: ئەی دایکی ئیسماعیل، مۆڵەتمان پێدەدەیت لەگەڵ تۆ لە نزیك ئاوەکەوە نیشتەجێ ببین، ئەو قبوڵیکرد، و ڕێککەوتن کە شتێکی پێبدەن لەبەرامبەر مۆڵەتدان بە بەکارهێنانی ئاوی ئەم بیرە.

ئیسماعیل (سڵاوی خوای لێبێت) لە نێویاندا ژیا، و فێری زمانی عەرەبی بوو، و هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکیان کرد.

ئیبڕاهیم (سڵاوی خوای لێبێت) هات بۆ سەردانی ئیسماعیل (سڵاوی خوای لێبێت)، کاتێك گەیشتە مەککە، بینی ئیسماعیل (سڵاوی خوای لێبێت) تیری تیروکەوان دروست دەکات، پێی وت: ئەی ئیسماعیل، پەروەردگارت فەرمانی پێکردووم، کە ماڵێك بۆ خواپەرستی دروست بکەم، ئیسماعیل (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: گوێڕایەڵی پەروەردگارت بە، ئیبڕاهیم (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: فەرمانی پێکردووم، کە تۆش یارمەتیم بدەیت لەم کارەدا، ئیسماعیل (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: کەواتە ئەنجامی بدە، هەستان بەکارەکە و ئیبڕاهیم (سڵاوی خوای لێبێت) دروستی دەکرد و ئیسماعیلیش (سڵاوی خوای لێبێت) بەردەی پێدەدایەوە و بەردەستی بۆ دەکرد، و دەیانوت: پەروەردگاران ئەم کارەمان لێ قبوڵ بکە بەڕاستی تۆ بیسەر و زانای. تا بنایەکە تەواو بەرزبووەوە. ئەم بینایە کەعبەی پیرۆزە.

لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:

- گرنگی پشتبەستن بەخوای گەورە، کاتێك هاجەری دایکی ئیسماعیل زانی خوای گەورەی لەگەڵدایە، ئەوا لەگەڵ کوڕەکەی لە بیاباندا مایەوە و بە فەرمانی خوای گەورە ڕازیبوو.
- پشتبەخوابەستن بە مانای کار نەکردن نایەت، ئەوەتا هاجەری دایکی ئیسماعیل لە نێوان هەر دوو کێوەکدا دەهات و دەچوو، بەدوای ئاودا دەگەڕا، لەگەڵ ئەوەی پشتیشی بە خوای گەورە بەستبوو.
- خوای گەورە بە جۆرێك کاروبارەکان ئاسان دەکات، کە لەوانەیە بە خەیاڵیشماندا نەیەت.

- پێغەمبەران کار و کاسبی دەکەن.
- کەعبەی پیرۆز بە فەرمانێکی تایبەت لەلایەن خوای گەورە بنیاتنراوە.

## 19 ) ئەو ئافرەتی مزگەوتی پاك دەكردەوە

بوخاری (460)، و موسلیم (956) گێڕاویانەتەوە.

ئافرەتێك لە سەردەمی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت) دەهاتە ناو مزگەوتەوە و پاشماوەکانی هەڵدەگرتەوە و مزگەوتی پاك دەكردەوە، شەوێکیان ئەو ئافرەتە کۆچی دوایی کرد، موسڵمانان نوێژیان لەسەر کرد و بەخاکیان سپارد، بەبێ ئەوەی بە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) بڵێن. دوای ماوەیەك پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) پرسیاری لەبارەوە کرد، پێیان وت: مردووە، پرسیاری لێکردن: بۆچی هەواڵتان بە من نەداوە، وتیان: لە شەودا کۆچی دوایی کرد، تۆش خەوتبووی، پێمان خۆش نەبوو لەبەر خاتری ئەو ئافرەتە لە خەو هەڵتبستێننەوە، هەندێکیان وا گومانیان برد ئەو ئافرەتە لەوە کەمترە کە بۆ خاتری ئەو پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) لە خەو هەڵبستێنرێتەوە، جا پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) سەرزەنشتی کردن بەهۆی ئەوەی، کە ئەویان لە خەو هەڵنەستاندووە، تا نوێژی لەسەر بکات، پاشان داوای لێکردن گۆڕەکەی پیشان بدەن، دواتر ڕۆیشت و نوێژی لەسەر کرد، و فەرمووی: (ئەم گۆڕانە پڕن لە تاریکی بۆ

**دانیشتوانەکەی، خوای پایەبەرز و خاوەن شکۆ بە نوێژی من بۆیان ڕووناك دەکاتەوە).**

**لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:**

- **بایەخدانی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) بە کەسانی لاواز و هەژار.**
- **خۆبەگەورەنەزانینی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت).**
- **شوێن پێهەڵگرتنی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، لەوەی بەزەییمان بێتەوە بە لاوازەکان و بایەخ بە کاروبارەکانیان بدەین.**
- **گرنگی نوێژی سەر مردوو، کە ئەو نوێژیە بۆ خوای گەورە دەیکەن و لێی دەپاڕێینەوە کە بەزەیی بەم مردووەدا بێتەوە.**
- **کاربەدەست و گەورەکانی گەل پێویستە بایەخ بە کاروباری خەڵك و هاوڵاتیانیان بدەن.**
- **لە پلەوپایەی هیچ یەکێك لە موسڵمانان کەم ناکەینەوە، ئەگەر هاتوو هەژار یان لاواز بوو.**

## 20 ) ئیسرا و میعراج

**بوخاری (279) و (3207)، و موسلیم (162) و (172) لە پێغەمبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لێبێت) گێڕاویانەتەوە.**

شەوێك لە شەوان جبریل (سڵاوی خوای لێبێت) هاتە لای پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، و سواری ئاژەڵێکی کرد بەناوی بوڕاق، ئاژەڵێکی زۆر خێرایە وەك بروسکە، پێغەمبەری خوای (درود و سڵاوی خوای لێبێت) لە مەککەوە بۆ بەیتولەقدیس گواستەوە، ئەمە پێی دەوترێت شەوڕەوی (ئیسڕا). لەوێ گەیشت بە پێغەمبەران (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، دواتر هەر بە بوڕاق پێغەمبەری خوای (درود و سڵاوی خوای لێبێت) بەرزکردەوە بۆ ئاسمان، ئەمەش پێی دەوترێت میعڕاج، کە ئەو شتەیە مرۆڤی پێ بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان.

کاتێك گەیشتنە ئاسمان، مۆڵەتیان خواست بۆ چوونە ژوورەوە، وترا: ئەمە کێیە؟ وتی: جبریلە، وترا: کێ لەگەڵ تۆیە؟ وتی: موحەممەد (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، وترا: بەخێربێت، بەدڵنیایەوە باشترین هاتن ئەم هاتنەیە.

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) هاتمە لای ئادەم (سڵاوی خوای لێبێت)، سڵاوم لێی کرد، وتی: سڵاو لە نەوە و پێغەمبەر، دواتر پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) یەك یەك بە ئاسمانەکاندا بەسەردەکەوت، لە هەر ئاسمانێك دەگەیشتە پێغەمبەران، و سڵاوی لێ دەکردن و ئەوانیش بە سڵاوکردنەوە وەڵامی سڵاوەکەیان دەدایەوە.

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) وتی: هاتمە ئاسمانی حەوتەم، وترا: ئەوە کێیە؟ وتی: جبیریلە، وترا ئەی ئەوە کێیە کە لەگەڵ

تۆدایە؟ وتی: موحەممەدە (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، وترا: بەخێربێت، بەدڵنیایەوە باشترین هاتن ئەم هاتنەیە، هاتمە لای ئیبڕاهیم (سڵاوی خوای لێبێت) و سڵاوم لێکرد، وتی: سڵاوت لێبێ ئەی نەوە و پێغەمبەر، بەیتولەعمورم بۆ بەرزکرایەوە، پرسیارم لە جبریل (سڵاوی خوای لێبێت) کرد، ئەویش وتی: ئەمە بەیتولەعمورە، هەر ڕۆژێك حەفتا هەزار فریشتە نوێژی تێدا دەکەن، ئەگەر لێی هاتنە دەرەوە تا ڕۆژی دوایی ناچنەوە ناویەوە.

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) درەختی کۆتایی (سدرة المنتهى)ـی بینی، کە درەختێکی گەورە لە سەرووی ئاسمانەوە، بەروبومەکەی زۆر گەورە بوو، گەڵاکانی بە ئەندازەی گوێچکەی فیل بوون، لەلای قەدەکەی چوار ڕووبار هەبوون.

خوای گەورە نوێژی لەسەر پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەڕز کرد، سەرەتا پەنجا نوێژ بوو، دواتر پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) گەڕایەوە و بەلای موسادا (سڵاوی خوای لێبێت) تێپەڕی، ئەویش لێی پرسی چیت کرد، پێغەمبەریش (درود و سڵاوی خوای لێبێت) شتەکەی بۆ باس کرد، موسا (سڵاوی خوای لێبێت) وتی: پێشتر خەڵکم تاقیکردۆتەوە، ئەگەر تۆ فەرمانیان پێ بکەیت بە ئەنجامدانی پەنجا نوێژ، ئەوا لەسەریان قورس دەبێت، و ئامۆژگاری کرد کە داوا لە خوای گەورە بکات، کە سووکی بکات، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) گەڕایەوە و داوای سوك کردنی کرد، خوای گەورەش ژمارەکەی کەم کردەوە، پاشان

پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) گەڕایەوە و بۆ موسای (سڵاوی خوای لێبێت) گێڕایەوە، جارێکی تر ئامۆژگاری کرد کە داوا لە خوای گەورە بکات سوکی بکاتەوە، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) گەڕایەوە و داوای سوککردن و کەمکردنەوەی لێکردەوە، تا خوای گەورە کردیە پێنج نوێژ، و فەرمووی دەیکاتە پێنج نوێژ، بەڵام پاداشتی پەنجا نوێژیان هەیە.

لە هەمان شەودا پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) گەڕایەوە، و ڕووداوەکانی بۆ هۆزەکەی گێڕایەوە، بێ باوەڕان باوەڕیان پێ نەکرد، بەوە تۆمەتباریان کرد، کە درۆ دەکات، وتیان: چۆن لە شەوێکدا لە مەککەوە دەچێتە قودس و دەگەڕێتەوە، سەرباری ئەو ماوە زۆرەی لە نێوانیاندا هەیە، ئەوان قسەی پێغەمبەری خوایان (درود و سڵاوی خوای لێبێت) خستەبەردەم عەقڵە کەموکورتەکانیان، کە لە توانا و دەسەڵاتی خوا تێنەدەگەیشتن، بۆیە گاڵتەیان پێکرد، ڕۆیشتنە لای ئەبوبەکری سدیق (خوا لێی ڕازیبێت)، و وتیان: ئەو پێغەمبەری باوەڕت پێ هەیە و بەڕاستگۆی دەزانیت، دەڵێت: لە یەك شەودا چووەتە قودس و هاتۆتەوە، ئەبوبەکر (خوا لێی ڕازیبێت) وتی: "ئەگەر ئەو ئەم قسەیەی کردبێت، ئەوا ڕاستی وتوە"، بۆیە بە ڕاستگۆ (سدیق) ناونرا، بەهۆی بەهێزی باوەڕی بە هەواڵەکانی پێغەمبەرایەتی.

لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:

- توانا و دەسەڵاتی خوای گەورە.
- ڕێز و پلەوپایە پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت) ئەوەندە زۆرە، کە خوای گەورە بۆ ئاسمان بەرزی کردەوە و گفتوگۆی لەگەڵ کرد.
- خوای گەورە لە سەرووی ئاسمانەوەیە.
- پێگەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) لە نێو پێغەمەران، بەوەی پێشنوێژی بۆیان کرد.
- خۆشەویستی پێغەمبەر موسا (سڵاوی خوای لێبێت) بۆ ئێمە، بەوەی ئامۆژگاری پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) کرد کە داوای سوککردنی نوێژەکان بکات لەسەرمان.
- بەزەییهاتنەوەی خوای گەورە بە ئێمە، بەوەی نوێژەکانی لەسەر سوک کردین.
- توانا و دەسەڵاتی خوای گەورە لەسەر ئەنجامدانی هەندێك شت، کە بۆ هەندێك خەڵك وا دەردەکەوێت ئەستەمە.
- هەواڵەکانی پێغەمبەرایەتی بەڕاست دەزانین، و عەقڵمان بەکاردەهێنین بۆ تێگەیشتن نەوەك ڕەخنەگرتن لێی.
- پێگەی ئەبو بەکری سدیق (خوا لێی ڕازیبێت).
- شوێن پێهەڵگرتنی ئەبو بەکری سدیق (خوا لێی ڕازیبێت) لە چاك شوێنکەوتن و باوەڕکردن و بەڕاستدانانی فەرمایشت و هەواڵەکانی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت).

## 21 ) ئەو ئافرەتەی قژی کچی فیرعەونی شانە دەکرد

ئەم فەرموودەیە پێشەوا ئەحمەد (2823) و (2824)، و دارمی لە وەڵامدانەوەی جەهەمییەکان (73)، و ئەبو یەعلای موصلّی (2571) لە پێغەمبەری خوایان (درود و سڵاوی خوای لێبێت) گێڕاوەتەوە. حسین سەلیم ئەسەد، و شوعەیب ئەرنائوت وتویەتی: زنجیرە (سەنەد)ەکەی سەحیحە.

لە شەوی ئیسڕادا، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) بۆنێکی خۆشی کرد، فەرمووی: "ئەی جبریل ئەمە چیە؟"، وتی: ئەمە ئەو ئافرەتەیە کە قژی کچی فیرعەونی شانەدەکرد.

فیرعەون حوکمڕانی میسڕ بوو، کەسێکی یاخی و بێ باوەڕ بوو، بانگەشەی خوایەتی بۆ خۆی دەکرد. فیرعەون کچێکی هەبوو، کچێکی لەلابوو کە بایەخی پێدەدا و قژی شانەدەکرد، ڕۆژێکیان شانەکەی لەدەست بەربووەوە، وتی: "بەناوی خوا"، کچی فیرعەون وتی: "مەبەستت باوکی منە؟"، وتی: نا، بەڵکو مەبەستم پەروەردگاری خۆم و تۆ و پەروەردگاری باوکی تۆشە، کچی فیرعەون وتی: بە باوکم دەڵێم؟ ئەویش وتی: پێی بڵێ، کچەکە ڕۆیشاتە لای فیرعەونی باوکی، و پێی وت، کە ئەو کچەی پرچی شانە دەکات وتویەتی: خوایەك هەیە کە خوای تۆ و هی ئەوە. فیرعەون هات و بە کچە شانەکەرەکەی وت: "هیچ پەروەردگارێکی ترت هەیە جگە لە من؟"، وتی:

"پەروەردگاری من و پەروەردگاری تۆیە، کە لە سەرووی ئاسمانەوەیە"، فیرعەون ویستی ئەشکەنجەی بدات لەسەر ئەم قسەیەی، مەنجەڵێکی گەورەی هێنا و مسی تێکرد، و ئاگری هەڵکردەوە تا مسەکە تواوە، ویستی فڕێی بداتە ناوەوە، کچەکە قژ شانەکەرەکە بە فیرعەونی وت: دەیەوێت داواکاریەکی لێبکات، فیرعەون وتی: چ پێویستی و کارێکت هەیە؟ وتی: "داواکارم  ئێسکەکانی من و کوڕەکەم بەیەکەوە کۆ بکەیتەوە"، فیرعەون وتی: "ئەم داوایەتم قبوڵ کرد"، و منداڵەکانی یەك لە دوای یەکی فڕێدایە ناو چاڵەکە، تا نۆرەی ئەوەی کۆتایی هات، کە منداڵێکی بچوك بوو، خوای گەورە هێنایە قسە و وتی: "دایکەگیان، ئارام بگرە، چونکە تۆ لەسەر حەقی".

لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:

- موسڵمان پێویستە بەهێز بێت لە وتنی قسەی حەق و ڕاست، و شەرم لە ئاینی خۆی نەکاتەوە.
- موسڵمان دەبێت لەسەر ئاینەکەی دامەزراو بێت، ئەگەر بێ باوەڕانیش دژایەتی بکەن.
- خوای گەورە لە سەرووی ئاسمانەوەیە.

## 22 ) له سەرووی تۆوه نیشتەجێ نابم ئەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت)

ئەم بەسەرهاتە کۆکراوەی ئەوەیە، کە ئەبو ئەیوبی ئەنساڕی (خوا لێی ڕازیبێت) گێڕاویەتیەوە، هەروەك چۆن لە سەحیحی موسلیم (2053)، و لە موستەدرەکی حاکم (5939) هاتووە، بە زنجیرە (سەنەد)ێك کە حاکم و زەهەبی وتویانە: "بەپێی مەرجی موسلیمە".

کاتێك پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) کۆچی کرد بۆ شاری مەدینەی پیرۆز، لە ماڵی هاوەڵی بەڕێز ئەبو ئەیوبی ئەنساڕی (خوا لێی ڕازیبێت) دابەزی، ماڵەکەی لە دوو نهۆم پێکهاتبوو، ئەبو ئەیوب (خوا لێی ڕازیبێت) ویستی ڕێز لە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) بگرێت لە نهۆمی زەمینیدا نیشتەجێی بکات، و خۆی و هاوژینی لە نهۆمی سەرەوەدا نیشتەجێ بوون، شەوێکیان ئەبو ئەیوب (خوا لێی ڕازیبێت) بەئاگا هات و بە ژنەکەی وت: "لەسەر سەری پێغەمبەری خوادا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) هاتووچۆ بکەین!"، بە شتێکی گەورەی زانی بە شوێنێکدا هاتوچۆ بکات، کە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) لە ژێرەوەی بێت، بۆیە خۆی و ژنەکەی خۆیان دایە لایەکی ماڵەکە و لەوێ خەوتن، تا بووە بەیانی، و پێشنیاری بۆ پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) کرد کە نهۆمی سەرەوەدا نیشتەجێ ببێت، و خۆی ژنەکەی لە نهۆمی خوارەوەدا، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرمووی:

"نیشتەجێبوونمان لە خوارەوە چاکترە، چونکە خەڵکێکی زۆر سەردانمان دەکات"، ئەبو ئەیوب (خوا لێی ڕازیبێت) وتی: "ناچمە سەر سەقفێکەوە تۆ لە ژێریدا بیت"، بۆیە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) جێگای گواستەوە نهۆمی سەرەوە.

ئەبو ئەیوب (خوا لێی ڕازیبێت) خواردنی پێشکەش بە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) دەکرد، ئەوەندە پێغەمبەری (درود و سڵاوی خوای لێبێت) خۆشدەویست، ئەوا نانی نەدەخوارد و چاوەڕێی دەکرد تا پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) لە خواردنەکەی تەواو دەبوو، ئەو کاتە ئەبو ئەیوب (خوا لێی ڕازیبێت) دەیهێنا و لە شوێنی پەنجەکانی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) خواردنی دەخوارد.

ڕۆژێکیان خواردنی پێشکەش پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) کرد، خواردنەکە سیر و پیازی تێدابوو، کاتێك پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) لە خواردنەکە بووەوە، خواردنەکەی برد و بینی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) سیر و پیازی نەخواردەوە، بۆیە ترسا و چووە لای پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، و پرسیاری لێکرد سەبارەت بەوەی ئایا سیر و پیاز حەڕامن، پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) فەرمووی: نا حەڕام نین، بەڵام من حەزیان پێناکەم، ئەبو ئەیوب (خوا لێی ڕازیبێت) وتی: کەواتە منیش حەز بەو شتە ناکەم، کە تۆ حەزی پێناکەیت، جا ئەبو ئەیوب (خوا لێی ڕازیبێت) بەردەوام

حەزی بە خواردنی سیر و پیازی خاو (نەکوڵاو)ی نەدەکرد، چونکە خۆشەویستەکەی کە پێغەمبەری خوایە (درود و سڵاوی خوای لێبێت) حەزی پێنەدەکردن. و پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێت) هۆکارێکی دیکەشی باس کرد، کە نایەوێت بە دیداری جبریل (سڵاوی خوای لێبێت) بگات، لەکاتێکدا بۆنێکی ناخۆشی لە دەمی بێت.

لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم فەرموودەیە:

- خۆشەویستی هاوەڵان (خوایان لێ ڕازیبێت) بۆ پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت)، و ئەوان پێشەنگی ئێمەن بەم خۆشویستن و بەگەورەدانانە.
- پرسیارکردن پێویستە، بەر لەوەی بڕیار لەسەر بنەمای گومان بدرێت، کاتێك ئەبو ئەیوب (خوا لێی ڕازیبێت) وا گومانی برد کە سیر و پیاز حەڕامن، گومانی خۆی بە تەواو نەزانی، بەڵکو پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) کرد.
- حەز نەکردنی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) لە سیر و پیاز، بەهۆی بۆنی ناخۆشەوە بوو.
- خواردنی سیر و پیازی خاو (نەکوڵاو) بۆ ئەو کەسە ناپەسەندە، کە تێکەڵی خەڵك دەبێت.
- کاری ئەو کەسە خراپە، کە ئازاری خەڵك دەدات بە جگەرەکێشان و بۆنەکەی، و بە بۆنی دەمی دوای جگەرەکێشان.

## 23 ) گۆزەی زێڕ

بوخاری (3472)، و موسلیم (1721) له پێغەمبەری خواوە (درود و سڵاوی خوای لێبێت) گێڕاویانەتەوە.

پیاوێك زەویەکی کڕی، کڕیارەکە گۆزەیەکی زێڕی لە زەویەکەدا دۆزیەوە، بۆ فرۆشیارەکەی بردەوە، و پێی وت: "زێڕەکەی خۆت لە من وەرگرەوە، من زەویەکەم لێکڕیویت، نەوەك زێڕ"، فرۆشیارەکەش وتی: من زەویەکە و ئەوەی تێیدایە لە تۆم کڕیوە. بەم جۆرە هیچ یەکێکیان بە ڕازی نەبوون زێڕەکە ببەن، لەترسی ئەوەی نەوەك بکەونە ناو حەڕامەوە.

هەر دووکیان بۆ داوەری کردن ڕۆیشتنە لای پیاوچاکێك، وتی: ئایا منداڵتان هەیە؟ یەکێکیان وتی: من خزمەتکارێکم هەیە، ئەوەی دیکەشیان وتی: من کەنیزەکێکم هەیە، پیاوچاکەکە وتی: هەر دووکیان لە یەکتری مارە بکەن و ئەم زێڕەیان لێ خەرج بکەن و لێی ببەخشن.

لە سوود و وەدەستهاتووەکانی ئەم بەسەرهاتە:

- گەورەیی سپاردە (ئەمانەت)، کە وایکردووە پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) بەسەرهاتی ئەم دوو پیاوە بگێڕێتەوە، بۆ ئەوەی پەند و وانەی لێوەربگرین.
- پێویستە موسڵمان خۆی بپارێزێت لە وەرگرتنی ماڵ و سامانێك، کە گومانی هەیەی لە حەڵاڵ بەدەستهێنانەکەی.

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی وەرگێڕ | 4 |
| وتەی نووسەر | 6 |
| بەشی یەکەم: بیروباوەڕ | 9 |
| ئیمان چییە؟ | 10 |
| بنچینەکانی ئیسلام چین؟ | 11 |
| بەشەکانی ئیمان چەندن؟ | 11 |
| ناوە جوان و پیرۆزەکانی خوا | 12 |
| بنەماکانی ئایین | 17 |
| یەکخواپەرستی | 19 |
| یەکخواناسی | 20 |
| باوەڕبوون فریشتەکان | 21 |
| باوەڕبوون بە کتێبە ئاسمانیەکان | 22 |
| باوەڕبوون بە پێغەمبەران | 23 |
| موحەممەد (درود و سڵاوی خوای لێبێت) | 25 |
| ڕۆژی دوایی | 26 |
| قەدەر | 27 |
| خەبەرییەکان | 28 |

| | |
|---|---|
| فەرموودە | 29 |
| شوێنکەوتن | 31 |
| ئال و هاوەڵان | 32 |
| بەشی دووەم: ئادابەکان | 34 |
| ئادابەکانی مزگەوت | 35 |
| ئادابی سڵاوکردن | 36 |
| ئادابی پۆشاك لەبەرکردن | 37 |
| ئادابەکانی خواردن | 38 |
| خواردنی حەڕام و حەڵاڵ چییە؟ | 41 |
| ئادابەکانی خەوتن | 43 |
| ئادابەکانی لەخەوهەڵسان | 43 |
| ئادابەکانی دەست بەئاوگەیاندن (تارەتگرتن) | 44 |
| پژمین | 46 |
| بەشی سێیەم: هەڵسوکەوت | 47 |
| قسەکردن | 49 |
| توڕەنەبوون | 51 |
| ڕاستگۆیی | 52 |
| چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوك | 53 |
| هەڵسوکەوت لەگەڵ خزماندا | 54 |
| مەحرەمەکان کێن؟ | 55 |
| هەڵسوکەوت لەگەڵ مامۆستا | 56 |
| هەڵسوکەوت لەگەڵ تێکڕای موسڵمانان | 57 |
| بەشی چوارەم: خواپەرستییەکان | 64 |

| | |
|---|---|
| 65 | نیاز و مەبەست (نیەت) |
| 66 | دەستنوێژگرتن |
| 67 | نوێژ |
| 70 | چۆنیەتی نوێژکردن بە شێوەیەکی تێروتەسەل |
| 73 | تەحییات |
| 76 | زیکرەکانی دوای نوێژ |
| 77 | نوێژی هەینی |
| 79 | نوێژە سوننەتەکان (الرواتب) |
| 80 | نوێژی ویتر |
| 81 | بانگ و قامەت |
| 84 | زەکات |
| 86 | ڕۆژوو |
| 88 | حەج |
| 89 | چۆنیەتی ئەنجامدانی حەج |
| 93 | بەشی پێنجەم: تەفسیر |
| 94 | تەفسیری سوڕەتی (الفاتحة) |
| 95 | تەفسیری ئایەتی کورسی |
| 96 | تەفسیری سوڕەتی (الضحی) |
| 99 | تەفسیری سوڕەتی (الشرح) |
| 101 | تەفسیری سوڕەتی (التین) |
| 103 | تەفسیری سوڕەتی (العلق) |
| 105 | تەفسیری سوڕەتی (القدر) |
| 106 | تەفسیری سوڕەتی (البینة) |

| | |
|---|---|
| تەفسیری سوڕەتی (الزلزلة) | 109 |
| تەفسیری سوڕەتی (العاديات) | 110 |
| تەفسیری سوڕەتی (القارعة) | 112 |
| تەفسیری سوڕەتی (التكاثر) | 113 |
| تەفسیری سوڕەتی (العصر) | 114 |
| تەفسیری سوڕەتی (الهمزة) | 115 |
| تەفسیری سوڕەتی (الفيل) | 116 |
| تەفسیری سوڕەتی (قريش) | 117 |
| تەفسیری سوڕەتی (الماعون) | 118 |
| تەفسیری سوڕەتی (الكوثر) | 119 |
| تەفسیری سوڕەتی (الكافرون) | 120 |
| تەفسیری سوڕەتی (النصر) | 121 |
| تەفسیری سوڕەتی (المسد) | 122 |
| تەفسیری سوڕەتی (الإخلاص) | 123 |
| تەفسیری سوڕەتی (الفلق) | 124 |
| تەفسیری سوڕەتی (الناس) | 125 |
| بەشی شەشەم: بەسەرهاتەکان | 126 |
| ئەو پیاوەی ئاوی بە سەگێکدا | 126 |
| کەنیزەکی شوانی مەڕەکان | 129 |
| سێ پیاوە گەڕی و کەچەڵ و کوێرەکە | 131 |
| عیسای کوڕی مەریەم (سڵاوی خوای لێبێت) | 134 |
| ئەبو دەحداح مامەڵەکەت قازانجدارە | 137 |

| | |
|---|---|
| بەسەرهاتی موسڵمانبوونی سەلمانی فارسی | 139 |
| موسڵمانبوونی دایکی ئەبو هوڕەیرە | 143 |
| شەهیدبوونی عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت) | 146 |
| موسڵمانبوونی عەبدوڵای کوڕی مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) | 152 |
| ڕزگارکردنی قودس | 153 |
| گەنج و جادووگەرەکە | 156 |
| سەرەتای بەدیهێنانی بەدیهێنراوان ( 1 ) | 161 |
| سەرەتای بەدیهێنانی بەدیهێنراوان ( 2 ) | 164 |
| بەسەرهاتی خاوەنی تەختەکە | 166 |
| هەر کەسێك پشت لە سوننەتی من بکات ئەوا لە شوێنکەوتووانی من نییە | 168 |
| دواهەمین کەس کە دەچێتە بەهەشتەوە | 170 |
| بەسەرهاتی پێغەمبەر موسا (سڵاوی خوای لێبێت) لەگەڵ خضر | 174 |
| بەسەرهاتی ئیبڕاهیم (سڵاوی خوای لێبێت) و هاجەر | 179 |
| ئەو ئافرەتی مزگەوتی پاك دەکردەوە | 182 |
| ئیسڕا و میعڕاج | 183 |
| ئەو ئافرەتەی قژی کچی فیرعەونی شانە دەکرد | 188 |
| لە سەرووی تۆوە نیشتەجێ نابم ئەی پێغەمبەری خوا (درود و سڵاوی خوای لێبێت) | 190 |
| گۆزەی زێڕ | 193 |
| ناوەڕۆك | 194 |

٢٠٢٤